# کەرکوک ١٩٥٩

ڕووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩

هەواڵنامەی کتێب

# کەرکوک ١٩٥٩

## "ڕووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩"

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

محمد فاتح

هەولێر – ٢٠١٩

ناوی کتێب: کەرکوک ١٩٥٩/ ڕووداوەکانی
١٤ی تەموزی ١٩٥٩

نووسەر: محمد فاتح

کۆمپیوتەر: کامران رفیق.

ISBN: 978-9922-9238-2-6

نەخشەسازی بەرگ وناوەڕۆک: رۆی للطباعة والنشر/العراق

تیراژ: (٢٠٠) دانە

نرخ: (٥٠٠٠) دینار

چاپ: چاپی یەکەم

رۆی للطباعة والنشر

E:alnator2000@yahoo.com

Mob:07725197116

# پێڕست


| بەش | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی | | ٧ |
| بەشی یەکەم | بارودۆخی لیوای کەرکوک لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری لە ساڵانی پەنجاکان. | ١١ |
| بەندی یەکەم | کەرکوک لە مێژوودا | ١٣ |
| بەندی دووەم | بارودۆخی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئابووری | ١٩ |
| پەراوێزەکان | | ٤٤ |
| بەشی دووەم | شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ | ٤٧ |
| بەندی یەکەم | بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی عێراق | ٤٩ |
| بەندی دووەم | بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموز، ئەفسەرانی ئازادیخواز | ٥٤ |
| بەندی سێیەم | عەبدولکەریم قاسم و شیوعیەکان | ٦٣ |
| پەراوێزەکان | | ٦٩ |
| بەشی سێیەم | ڕووداوەکانی شاری کەرکوک ١٤ -١٦ی تەموز .هۆکارەکان – دەرهاوێشتەکان | ٧١ |

| | | |
|---|---|---|
| بەندی یەکەم | بارودۆخی کەرکوک لە سەروبەندی ڕۆژانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩ | ٧٣ |
| بەندی دووەم | ڕووداوەکانی ١٤-١٦ی تەموزی ١٩٥٩. | ١١٠ |
| بەندی سێیەم | هەڵوێست و کاردانەوەکان | ١٣٢ |
| پەراوێزەکان | | ١٤٦ |
| پاشکۆکان | | ١٥١ |
| | پاشکۆی ژمارە ١ | ١٥٣ |
| | پاشکۆی ژمارە ٢ | ١٥٧ |
| | پاشکۆی ژمارە ٣ | ١٦٢ |
| | پاشکۆی ژمارە ٤ | ١٧٠ |
| | پاشکۆی ژمارە ٥ | ١٧١ |
| | پاشکۆی ژمارە ٦ | ١٧٢ |
| بەڵگەنامەکان | | ١٧٣ |
| پەراوێزەکان | | ٢٣٩ |
| سەرچاوەکان | | ٢٤٣ |

# پێشەکی

نووسینەوەی مێژوو بەواتای لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکانی ڕابردوو، بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداوانە و لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی بارودۆخە مێژووییەکان و ڕاڤەکردنیان.

میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی، بریتییە لە کۆمەڵە ڕێباز و شێواز و هونەرکارییەك کە توێژەر و مێژوونووس پەیڕەویان دەکات بۆ گەیشتن بە ڕاستییە مێژووییەکان هەروەها دووبارە بونیادنانەوەی ئەو ڕابردووە بە هەموو ڕووداو و وردەکارییەکانی، دیارە ئەو کارەش پێویستی بە کولتورێکی هۆشیارانە و بەدواداچوونی وردیشی دەوێت دەربارەی بزاڤ و کردارەکانی ڕۆژگار.

لەم بوارە پێویست دەکات گرینگی بە نووسینەکان بدرێت و لە سیاقی مێژوویی خۆیدا لێکدانەوەیان بۆ بکریت، چونکە بەڵگەنامەی زۆر هەیە لایەنگری قۆناغێکی مێژوویی دەکات، بەڵام هەندێکیان گوزارشت لە ڕاستیی ڕووداوەکان ناکەن، بۆیە دەبێت جەخت لەسەر خوێندنەوەی نووسینەکان بکرێت و بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، هەندێ نووسینی مێژوونووسانیش ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی زاڵ دەبێت بەسەریاندا. دەکرێ بڵێین لە ماوەی ڕێڕەوی ژیان و بەسەرهاتە دوورودرێژەکانی مێژوو، هیچ نەتەوەیەك لە

هەواڵنامەی کتێب

نەتەوەکان، مێژوویان بەدوور نییە لە چەندین ڕووداوی توندوتیژی و خوێناوی و ڕەفتاری دوژمنکارانە، لەو دیاردانە ڕەنگە خەسڵەتێکی جێگیر بێت و لە مێژووی هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان زانرابێت و بوونیان هەبێت.

ڕووداوەکانی کەرکوک لە تەموزی ١٩٥٩ بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هێڵەکانی ململانێی ئایدیۆلۆجییە سیاسییەکان کەوتبوونە سەرروی هێڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان. ناوچە و شاری کەرکوکیش بە تایبەتی، گرینگییەکی ستراتیژی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی عێراق و بگرە لەسە ئاستی ناوچەکەش بە گشتی، دیارە ئەوەش چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە وەك سامانە سروشتییەکەی بە (بەتایبەتی نەوت) یان جۆراوجۆری نەتەوەیی و مەزهەبی، هەروەها شوێنە جوگرافییەکەی...لەبەر ئەو هۆیانە کەرکوك بەردەوام بووە بە چەقی ڕووداوەکان لە مێژووی نوێی عێراقدا.

نووسین دەربارەی ئەو ڕووداوەی بەسەر ناوچەی کەرکوك تێپەڕ بووە لە تەموزی ١٩٥٩ کارێکی ئاسان نییە، لەبەر چەندین هۆ، دیارترینیان هەلومەرجی ئەو ڕووداوە، یاخود هۆیەکانی ڕوودانی و ئەگەری دووبارەبوونەوەی کە بە دوور نازانرێت (بە دوور لە چارەسەرییەکی تەواو) هەروەها زۆری لایەنی بەشداربوون و دەست تێوەردنی ناوخۆ و دەرەکی، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. ئەو دوو هۆکارە وایانکردووە زۆر لە ڕاستییەکان تا ئێستا ڕوون نەبووبێتەوە،

سەرەرای هەموو ئەوانە بە زۆری نووسینەکان لەسەر ئەو رووداوە بابەتی نین و هەموو لایەنەکانی نەگرتۆتەوە، یانیش لایەنگرییەکی ئاشکرای تێدا بەدی دەکرێت.

بێگومان نووسین لەسەر ئەو دیاردەیە هەر بە ناتەوای دەمێنێتەوە تا زۆر لە زانیاری و بەڵگەنامەکان ئاشکرا دەبن.

لەم کتێبەی لەبەر دەستە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکی:

بەشی یەکەم، بارودۆخی ناوچەی کەرکوك دەگرێتەوە، لە رووی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، هەروەها خستنەرووی ناوی کەسایەتی و بەرپرسان و نوێنەرانی ناوچەکە لە پەرلەمانی عێراق و پێکهاتەی نەتەوەیی و چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییەکان، بە شێوەیەکی کورت.

بەشی دووەم، تەرخانکراوە بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و بارودۆخی سیاسی پێش شۆڕشەکە، هۆکارەکانی، رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز و بەرەی نیشتمانی، کاریگەریی شۆڕش بەسەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق، رۆڵی حزبی شیوعی عێراقی لەو سەروبەندە.

بەشی سێیەم، باس لە رووداوەکانی رۆژانی (١٤-١٦ی تەموزی ١٩٥٩) دەکات لە شاری کەرکوك، هۆکارەکانی و بیروڕای جیاواز لەسەریان، دەرهاویشتەکانی و هەڵوێستی ناوخۆ و دەرەکی.

کتێبەکە چەند پاشکۆیەك دەگرێتە خۆی، سەرەڕای ژمارەیەك بەڵگەنامەی جۆراوجۆر، لە کۆتایشدا ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێ بەستراوە لە نووسینی بابەتەکانی ناو کتێبەکە.

لە ڕاستیشدا ئەم ڕووداوە، نووسینی زیاتر هەڵدەگرێت بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکان و گەیشتن بە ڕاستییەکان.

**نووسەر**

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## کەرکوک لە چاوی مێژوودا
## بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی یەکەم

# کەرکوک لە چاوی مێژوودا

شاری کەرکوک بە یەکێك لە شارە کۆنەکانی عێراق دادەنرێت، بەسەرهاتەکانی کۆنی شارستانییەت و تا سەردەمی ئیسلامیش دەگرێتە خۆی، ژمارەی زۆری گەل و هۆز و کۆمەڵی جۆراوجۆری تێدا نیشتەجێ بووە و پێیدا تێپەڕیوونە.

مێژووی دروستبوونی شارەکە بەپێی هەندێ سەرچاوە بۆ سێ هەزار ساڵ (پ. ن) دەگەڕێتەوە، سەرەتا لەسەر شێوەی قەڵایەك لەسەر گردێکەوە دروستکراوە و دەوروبەرەکەی دیوار بووە بۆ بەرگریکردن لە هەر هێرشێکی دەرەکی، ماوەماوەش لەلایەن لەشکری بیانییەوە پەلاماردراوە و داگیرکراوە، لە سەردەمەکانی دواتریش بۆتە بەشێك لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور.

ئەو پشکنینە مێژووییانەی کە لە عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەنجامدراون، ئەوە دەسەلمێنێت کە شاری کەرکوك لە سەردەمی – لولو یی – (خورییەکان) دروستبووە، ئەو گەلەی لە ناوچەکانی دەشت و شاخەکانی شارەزوور نیشتەجێ بوون، هەروەها ئەو گەل و نەتەوانەی لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، وەك: سوبارتو، گوتی، میدی، ئەوانیش بەشدارییان کردووە لە دروستبوون و ئاوەدانکردنەوەی شار، شارەکە ماوەیەکی دوورودرێژ پایتەختی دەوڵەتی گوتی بووە. (١)

– تەوفیق وەهبی – دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی کەرکوك بەمجۆرە باسی دەکات:

کەرکوک شارێکی کۆنە، وەك ناوی هاتووە لە نووسینە بزمارییەکان لە شاری هەولێر کۆنترە. کۆنترین باسیش دەربارەی کەرکوك لە ساڵنامەی جوگرافیی بەناوبانگ، دەربارەی ناوچەکانی سەرجونی ئەکەدی (٢٥٣٠–٢٤٧٣ پ.ز) بە ناوی ئەرەبخە هاتووە، کە دەستنیشانکردنە بۆ شوێنی شاری کەرکوك، ئەو ناوە بۆ کەرکوك تا سەردەمی مادەکان ماوەتەوە.

توێژەر لە باسەکەیدا دەربارەی شاری کەرکوك دەگاتە ئەوەی کە ناوی کەرکوك پێشتر – کەرەك – بووە، بە ئارامیش – کەرەخ –یان پێ وتووە، کە ئەویش لە وشەی – کار –ی ئاشورییەوە وەرگیراوە و بەمانای – قەڵا – دێت، یەکەم کەسیش هەردوو وشەی – کەرخینی – و – کەرکوکی – لێك نزیك کردۆتەوە – توێژەر – هاڤمان بووە.

مستەفا جەوادیش، هەمان بیروبۆچوونی هەیە دەربارەی هەردوو وشەی – کەرخینی – و – گەرکوك –. (٢)

دەوترێت یەکەم نووسین بەناوی کەرکوك لە سەردەمی – تەیمور لەنگ – لە کتێبی – ظفرنامە –ی شەرەف عەلی ئیزدیدا هاتووە، دوای ئەوەی – تەیمور لەنگ – عێراقی داگیرکرد لە ڕێگای – داقوق و کەرکوك و پردێ – ڕووی لە دیاربەکر کردووە. (٣)

کەرکوك مەڵبەندی پارێزگایە دەکەوێتە هەردوو هێڵی درێژ (٤٤ – ٣٩) و هەردوو هێڵی پانی (٣٥ – ٤٧). ناوچەیەکی گردۆلکەییە لە باکورەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو دەشتاییەکی پان بەرینی باشور، لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات زنجیرە گرد و چیایەك دەوروبەریداوە تا دەگاتە ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوا.

بەشێك لە زەوییەکانی دەکەوێتە ناوچەیەکی نیمچە شاخاوی و بەشێکی کەمیشی دەکەوێتە ناوچە شاخاوییە بەرزەکان، بەرزی شاخەکانی لە نێوان (٢٠٠ – ١٠٠٠م) دەبێت، لە شاخە بەرزەکانیش: سەگرمە، قەرەداغ،

خاڵخاڵان، بەڵام ناوچە شاخاوییەکانی ئەم لیوایە زنجیرە شاخێکی نزم و گرێکی زۆر پێکدەهێنێت کە ناوچەیەکی فراوانی سنوری پارێزگای (لیوا) کەرکوک دەگرێتەوە. وە لە زنجیرە چیاکانی حەمرین و مەکحول لە باشور، کانی دۆمەڵان لە ڕۆژئاوا و بۆرە لە ڕۆژهەڵات.

ڕووبەری لیوای کەرکوک بریتی بوو لە (٢٠٣٥٥)کم٢، بەڵام دوای پرۆسەی بەعەرەبکردنی لە ساڵانی (١٩٧٥) بەدواوە، سنوری پارێزگاکە بچوک بووە و بووە (٩٦٧٦)کم٢. (٤)

شاری کەرکوک و دەوروبەرەکەی، هەروەها شوێنی جوگرافیا و سامانە سروشتییەکانی گرنگییەکی گەورەیان هەیە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانییەوە.

کەرکوک ئامرازی پەیوەستبوونی هەردوو ناوچە شاخاوی و دەشت و بیابانەکانە، دەکەوێتە سەر ڕێگا بازرگانییە کۆن و نوێیەکان، ئاووهەواکەشی ئاووهەوایەکی مامناوەندییە لە نێوان ناوچە شاخاوییە بەفر و باراناوییەکان و ناوچە دەشت و بیابانییە کەم ئاو و گەرمەکان.

کەرکوک خاوەنی گەورەترین سامانی نەوتە، هەر لە کۆنەوە خەڵکی بۆ جۆرەها پێویستی و کاروباری ژیان بەرکاریان هێناوە. (٥)

کەرکوک لە سەردەمی دەسەڵاتە عوسمانییەکان تا کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

عوسمانییەکان لە ساڵی (١٥١٦)ز بەدواوە و لە ئەنجامی ئەو شەڕانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی فارس ڕوویانداوە لە باشوری ماردین، دەستی بەسەر شار و شارۆچکەکانی کوردستان (کوردستانی عێراق) گرت کە کەرکوکیش یەک لەو شارانە بوو.

هەر بەپێی سیستەمی کارگێڕی سەردەمی عوسمانییەکان، ئەو ناوچەیە دابەشکرا بەسەر چەند یەکەیەکی کارگێڕی و کرا بە چەند ویلایەتێك لەژێر ناوی ویلایەتی شارەزوور و مەڵبەندەکەشی شاری کەرکوك بوو.
عوسمانییەکان بایەخێکی زۆریان بە جێگیربوونی خۆیان داوە لەو شارە، سەربازگەیان تێدا دامەزراند، لە شارۆچکە و گوندەکانیش بە درێژایی ئەو ڕێگایەی کەرکوك دەگەیەنێتە پایتەخت لە لایەکەوە ڕوو لە بەغداش لە لایەکی دیکەوە هێز و بنکەی سەربازییان بڵاوکردۆتەوە. (٦)
شاری کەرکوك لەو سەردەمەدا بووە بە مەڵبەندێکی سەربازیی گەورە و بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو بنکە سەربازییە سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ عوسمانییەکان لە کاتی شەڕ و پێکدادانیان لەگەڵ لەشکری میرە کوردەکان، یان لەگەڵ لەشکری دەوڵەتی فارسی بووبێت. ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر و کارمەندی تورکیش تێیدا کۆکرابۆوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دەوڵەت، کە بەشی زۆریان بە خێزانەوە نیشتەجێی کەرکوك بوو بوون.
ئەو شارە لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا وەك کارگەیەك بووە بۆ ئامادەکردن و دەرچواندنی فەرمانبەر و پیاوانی سوپا.
دیارە ئەو بایەخ پێدانەش بە شاری کەرکوك لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی لەبەر دوو هۆی جوگرافی و ئابووری بووە، (هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد)، ئەوانیش ئەوەیە کە کەرکوك دەکەوێتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان ئێران و دەریای ناوەڕاست، سەرەڕای گرنگیی لەڕووی ستراتیجییەوە، هەروەها بوونی تۆڕێکی فراوان لە ڕێگاکانی هاتووچۆ کە شارەکە بە شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشوری عێراق دەبەستێتەوە، لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەش، ڕێگای هێڵی ئاسنین کە بەغداد بە چەندین شار وشارۆچکە دەبەستێتەوە، تا دەگاتە پایتەختی عوسمانییەکان.

دەسەلاتدارانی عوسمانی (ئیتیحادییەکان) هەستی نەتەوایەتییان لای تورکمانی شارەکە وروژاندووە، چەند لقێکی – حزبی ئیتیحاد و تەرەقیان – لەو ناوچانە دامەزراندووە، هاوکاری خوێندکارانی تورکمانیان کردووە بۆ ئەوەی خوێندن لە ئەستەنبول تەواو بکەن، هەر بە هۆی ئەو سیاسەتەوە چەند بنەماڵەیەکی تورکمانی لە شاری کەرکوك دەرکەوتن و بوونە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و پێگەی ئابووری.(٧)

پێش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) لەشکری ئینگلیزی ڕووی لە شار ناوچەکانی کوردستان – عێراق – کرد، لە ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ بەیەکجاری شاری کەرکوکی داگیرکرد و ئەو هێزەی عوسمانی کە لەوێدا بوو، شارەکەی بەجێهێشت. (٨)

دوای داگیرکردنی کەرکوك و شار و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئینگلیز لە هەوڵی ڕێکخستنەوەی کاروباری کارگێڕیی شارەکە بوون، لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ کاپتن نوئێل وەك فەرمانڕەوای سیاسیی شارەکە دیاریکرا، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لادرا و –لونکریك– بوو بە حاکمی سیاسیی شاری کەرکوك.

– لونکریك – دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی کاروباری شارەکە، کە بە هۆی جەنگ و ئابلوقەی ئابووری و نەمانی چالاکیی بازرگانی، گرانیی و قاتوقڕی ناوچەکەی گرتبۆوە.

– لونکریك – دامەزراوەی شارەوانی و باج و دەرامەت و دەزگای خوێندنی پێکهێنا، فەرمانبەرانی ئەو دامەزراوانە لە تورکمان و کورد و پاشماوەکانی فەرمانبەرانی عوسمانی بوون، ئەگەرچی بەهۆی زاڵبوونی زمانی تورکی فەرمانبەرە تورکەکان ڕێگایان زۆرتر پێ درا، ژمارەی قوتابخانەکان لە شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٤ دەگەیشتە ١٧ قوتابخانە.

هەواڵنامەی کتێب

ئینگلیز بایەخێکی زۆریان بە پەیوەندییە عەشائیرییەکان دەدا، بۆیە لە هەوڵی ڕازیکردنی شێخ و سەرۆکی هۆز و تیرەی کورد و عەرەبەکان بوون، بیر و ڕایان وەردەگیرا، بارە نەتەوەییەکە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە لە شاری کەرکوک نەدەکرا پشت گوێ بخرێت، لونکریک لە فەرمانڕەوایەتیەکی شارەکە، بۆ کارئاسانی و بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری شار بڕیاریدا بە پێکهێنانی ئەنجومەنێك لە (١٢) کەس، ڕێژەی پێکهاتنی ئەنجومەنەکەش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

ئەندامێکی مەسیحی.

ئەندامێکی جولەکە.

ئەندامێکی عەرەب.

سێ ئەندامی تورکمان.

شەش ئەندامی کورد.

کەرکوك بە درێژایی ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢٠) وەك مەڵبەندێکی کارگێڕیی سەرەکی بووە بۆ هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە شاری موسڵ کە جیاکرابۆوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی دووەم:

## بارودۆخی کارگێری ئابوری کۆمەڵایەتی کەرکوک لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

لە ناوەڕاستی حوزەیرانی (١٩٢١) میر فەیسەلی کوڕی حوسێن گەیشتە شاری بەغداد، ناوبراو لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیریی کرا بۆ ئەوەی بە شای عێراق دیاری بکرێت، بەمەرجێك حکومەتەکەی حکومەتێکی دەستووری پەرلەمانی دیموکراسی بێت. لەو سەردەمە عێراق لەژێر سیستەمی – ئینتیداب – دابوو، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان سەپاندبوویان، هەروەها کێشە و ململانێ لەسەر ویلایەتی موسڵ هەر بەردەوام بوو لە نێوان حکومەتی تورکیا لە لایەکەوە لەگەڵ بەریتانیا وعێراق لەلایەکی دیکەوە. دواتر لیژنەی نێودەولەتی لە ساڵی ١٩٢٥ گەیشتە ئەو بڕیارەی کە ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق. بەم بڕیارە چارەنووسی کوردستانی باشور بە کەرکوکەوە یەکلابووەوە و کەوتە سەر عێراق.

ساڵی ١٩٢٢ بە پێی بەندی یەکەمی یاسای هەڵبژاردن، عێراق بەسەر – ١٢ – لیوای (یەکەی کارگێڕی) دابەشکرا بەمشێوەیەی خوارەوە: موسڵ، سلێمانی، کەرکوك، دیالە، کوت، دلیم، عیمارە، حلە، کەربەلا، ناسریە، بەسرە، بەغداد.

(بەڵام هەولێر لە مانگی نیسانی ١٩٢٣ بڕیاردرا بکرێت بە لیوا)

لیوای کەرکوك لە ڕووی کارگێڕییەوە پێکهاتبوو لە قەزای: مەڵبەندی کەرکوك، چەمچەماڵ، کفری، دوز، حەویجە، هەر قەزایەکیش چەند ناحیە و گوندێکی پێوە بەسترابۆوە.

لیوای کەرکوك بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی دانیشتوانی بریتی بوو لە (٢٨٦٠٠٥) کەس، بەڵام بە پێی سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٥٧) ژمارەی دانشتوانی لیوای کەرکوك دەگەیشتە (٣٨٨٨٣٩) کەس، هەر بە پێی هەمان سەرژمێر ژمارەی دانیشتووانی خودی شارەکە دەگەیشتە (٢٢١٨٥١) کەس.(٩)

لە گەڕەکە کۆنەکانی ئەم شارە: (١٠)

یەکەم: قەڵای کەرکوك، دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێك ئەوانیش: بولاق، زندان، داتیال، ئەغالق.

دووەم: بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خاسە:

موسەلا، ئیمام ئەحمەد، ئاخور حوسێن، چەقور، ئیمام قاسم، بولاق، پیریادی،.

سێیەم: بەری ڕۆژئاوای ڕووباری خاسە:

قوریە، شاترلو، بەگلە، ساری کەهیە، تەپەی مەلا عەبدوڵا.

## پێکهاتەی نەتەوەیی لیوای کەرکوک بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١١)

| نەتەوە | ناوشاری کەرکوک | | قەزا و ناحیەکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بە ژمارە | بە ڕێژە | بە ژمارە | بە ڕێژە | بە ژمارە | بە ڕێژە |
| کورد | ٤٠٠٤٧ | %٣٣.٢٦ | ١٤٧٥٤٦ | %٥٤.٩٦ | ١٨٧٥٩٣ | %٤٨,٢٤ |
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | %٢٢.٥٣ | ٨٢٤٩٣ | %٣٠.٧٣ | ١٠٩٦٢٠ | %٢٨,١٩ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | %٣٧.٦٢ | ٣٧٠٦٥ | %١٤.١٨ | ٨٣٣٧١ | %٢١.١٤ |
| ئاشوری | ١٥٠٩ | %١.٢٥ | ٩٦ | %٠.٠٢ | ١٦٠٥ | %٠,٤١ |
| سەرجەم | ١٢٠٤٠٢ | | ٢٦٨٤٣٧ | | ٣٨٨٨٣٩ | |

هەواڵنامەی کتێب

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەتنی لە شاری کەرکوک: (١٢)**

زاراوەی ئەتنیك لەو زاراوانەیە کە زۆر باسی دەکرێت لەلایەن توێژەران و ئەوانەی بایەخ بە کێشە نێودەوڵەتییەکان دەدەن.

زاراوەکە لە سەردەمە تازەکاندا بەکارهێنراوە وەك دەربڕینێك بۆ کۆمەڵەیەکی مرۆیی، تاکەکانی لە داب و نەریت و زمان و ئاین و چەند خەسڵەتێکی دیکەی جیاواز بەشداری دەکەن کە لایەنەکانی ڕەسەنایەتی و ئاکارە فیزیکی و جەستەییەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵە مرۆییە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتێکدا لەگەڵ چەند کۆمەڵ و گروپێکی دیکە دەژین کە جیاوازن لەیەکتر لە یەکێك لەو خەسڵەتانە.

هەروەها توێژەران لە پێناسەکردنێکی هەمەلایەن بۆ چەمکی –کەمایەتی– جیاوزی هەیە لە نێوانیاندا لەبەر ئەوەی هەڵ و مەرجی کەمایەتییەکان جیاوازیی تێدا بە دی دەکرێت لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە،

سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی خودی کەمایەتییەکان جیاوازییان تێدا دەبێت لە کەمایەتییەکەوە بۆ کەمایەتییەکی دیکە.

بە پێی نەریتی نێودەوڵەتی مەبەست لە کەمایەتییەکان، هەر گروپێکی مرۆیی لە وڵاتێکدا جیاوازیی هەبێت لەگەڵ زۆرینە لە ڕووی ئایین یاخود ڕێباز یان ڕەگەز یان زمان، مەرجیش نییە هەموو ئەو خەسڵەتانەی ناومان هێنا لای کەمایەتی بێتە دی، ڕەنگە لە خەسڵەتێك لەو خەسڵەتانە جیاوازییان هەبێت هەروەك لە کوردستانی عێراقدا هەیە. کەمایەتییەکان چەندین جۆرن لەوانە: کەمایەتی ئایینی، کەمایەتی زمانەوانی، کەمایەتی هۆزایەتی. لە شاری کەرکوك سێ نەتەوەی سەرەکی نیشتەجێن، سەرەڕای ژمارەیەك کەمایەتی دیکە.

<u>کورد:</u>

نەتەوەی کۆن و ڕەسەنی ئەو شارەن، بەردەوام بە درێژایی دەسەڵاتە یەك بەدوای یەکەکان بەرەو ڕووی چەوسساندنەوە و فشاری سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری بوونەتەوە. ئەوان بە جۆرەها کار و کاسبی لەو شارە ژیان بەڕێوە دەبەن، چڕیی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوا و خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵاتی کەرکوك. لە گەڕەکە کوردەکان: ڕەحیم ئاوا، تەپەی مەلا عەبدوڵا، شاترلو، ئازادی، ئیمام قاسم، ئاخور حوسێن، بەرتەکیە، چەقور، پیریادی، شوریجە.

لە تیرە و عەشیرەتە کوردەکان لە شاری کەرکوك: ساڵەیی، شوان، شێخ بزێنی، جەباری، هەمەوەند، تالەبانی، زەنگەنە، داودە، کاکەیی، شێخانی، جاف.

هەواڵنامەی کتێب

**عەرەب:** (١٣)

بوونی عەرەب لە شاری کەرکوک و دەوروبەرەکەی لە ڕووی مێژووییەوە دیاردەیەکی نوێیە، ئەو دیاردەیە دوو جۆرە:

یەکەمیان: بۆ لایەنی عەشائیری دەگرێتەوە کە لایەنە بنچینەییەکەیە.

دووەمیشیان: پەیوەندیی بە باری ژیان و پیشەوە هەیە، بەتایبەتیش کاری کرێکاری لە پێش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨.

جۆری دووەمیان نیشتەجێبوونی عەرەب لەو شارە، بریتییە لەو کرێکار و کاسبکار و فەرمانبەرانەی کاریان بەدەست کەوتووە لە شارەکە بە مەبەستی ژیان و گوزەرانیان، هەروەها دۆزینەوەی نەوت و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوت ڕێگای خۆش کرد بۆ کارکردنی ژمارەیەکی گەورەی کرێکارانی عەرەب کە لە ناوچەکانی دەرەوەی کەرکوک هاتوون.

لە عەشیرەتە دیارە عەرەبەکانی کەرکوک: عەشیرەتی جبور، عەشیرەتی عوبید، عەشیرەتی حەمدانی، عەشیرەتی بەیات، عەشیرەتی نەعیمی.

ئەوانە بەزۆری لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە بەرەو ناوچەکانی کەرکوک کۆچیان کردووە و لە بەشی باشور و ڕۆژئاوای شارەکە و دەوروبەری نیشتەجێبوون.

**تورکمان:**

بە پێی سەرچاوە زانستییە عێراقییەکان، دەربارەی سەرچاوە و بنچینە تورکمان لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق، بیروبۆچوون وایە کە:

ئەو میللەتە لە سەردەمی لەشکرکێشی سەلجوقی و دواتریش عوسمانیەکان لە چەند بنکەیەکی سەربازی لەسەر هێڵی سنوری نێوان کورد و عەرەب جێگیرکراون، پاشان ئەو بنکانە گەشەیان کردووە و گەورەبوونەتەوە، وەك ناوچەکانی: تەلەعفەر، پردێ، کەرکوك، دوز، خانقین، مەندەلی.

هەر لە سێبەری دەسەڵاتداری عوسمانییەکان شوێن و دەسەڵاتی ئەو کۆمەڵانە گەشەیان کردووە و بەهێزبوونە. ئەو ناوچانە تا سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بنکەی سەربازیی عوسمانیەکانی تێدا جیگیر بووە، عوسمانییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتدارییان قوتابخانەی رۆشدییەی سەربازییان دامەزراندووە، ئەو قوتابخانەیە بۆتە سەرچاوەیەك بۆ ئامادەکردنی فەرمانبەری مەدەنی و جەندرمە، بۆ کاروباری کارگێری لە دامەزراوە حکومییەکان.

لەو بنەماڵە و تیرانەی لەناو تورکمانەکانی کەرکوك و دەوروبەری دەرکەوتوون:(١٤)

بنەماڵەی نەوتچی، بنەماڵەی ئاوچی، بنەماڵەی هرمزی، بنەماڵەی ئەرسەلان، بنەماڵەی قیرداد، عەشیرەتی بەیات، عەشیرەتی حسکلی، عەشیرەتی ئیلخانی.

## باری ئابوری ناوچەی کەرکوك:(١٥)

### سەرچاوەکانی ئاو:

لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوك باران دەبارێت لە هەردوو وەرزی زستان وبەهاردا، ئەو بارانەش سەرچاوەی ژیانی کشتوکاڵییە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو ڕووبارانەی بە دەشت و دۆڵی ناوچەکەدا تێپەڕ دەبن، گرنگەکانیان بریتین لە:

زێی بچووک کە سەرچاوەکەی لە ئێرانەوە دێت و دەڕژێتە بەنداوی دوکان:
ڕووباری خاسە، بەناو شاری کەرکوکدا تێپەڕ دەبێت و سەرچاوەکەشی بارانی ناوچەی شوانە. ڕووباری ڕێخانە (داقوق) سەرچاوەکەی ناوچەی قەرەداغە. ڕووباری ~ ئاوە سپی – سەرچاوەکانی ئاوی شاخەکانی دەورووبەری سەنگاوە.

## کشتوکاڵ:

زەوییەکانی کەرکوک بریتییە لە خاکێکی بەرد و کەستەکاوی، کە بە ڕادەیەکی کەم قوڕ و لم دەگرێتەوە خۆی، بۆیە توشی داماڵین و ڕووتبوونەوە دەبێت بە کاریگەری باران و ئاو و هەوا، بەڵام بە گشتی بە کەڵکی کشتوکاڵ دێ.

زۆرترین بەرهەمەکانی ناوچەکە: گەنم و جۆ، هەروەها باخەکانی سەوزە و میوە و زەیتون.

ڕووەکی خۆڕسك لە ناوچەکە بریتیە لە گژوگیای وەرزی کە پاشی باران دەڕوێت، زەوی و زارەکەی لەوەڕی باشن بۆ بەخێوکردنی مەڕومااڵت.

## سامانی کانزایی:

ناوچەی کەرکوک دەوڵەمەندترین ناوچەکانی عێراقە بە نەوت، ئاگری هەمیشەیی نەوتەکەی لە کۆن زەمانەوە بە بابا گوڕگوڕ بەناوبانگە.

نەوت لە ناوچەی کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٧ وە بە ڕەسمی دەرهێنانی دەستی پێکردووە، لە ڕێی چەند بۆرییەکەوەش هەناردەی دەرەوە دەکرا. کۆمپانیای نەوتی تورکی (TPC) کە پاشتر ناوی گۆڕا بە کۆمپانیای نەوتی عێراقی (IPC) کاری دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەکەی لە ئەستۆ گرتبوو.

دەرهێنانی نەوت ڕێگای خۆشکرد بۆ دامەزراندنی چەندین جۆرە پیشەسازی پەیوەندار بەو کانزایە لە شاری کەرکوک. ئەو کارە گۆڕانکاری گەورەی خولقاند لە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە. بە هەزاران کرێکار و فەرمانبەر و شارەزا لەو کۆمپانیایە بە ئیش و کاری بازرگانی و پیشەسازی نەوت دامەزران و خەریك بوون، کە بەشێکی گەورەیان لە ناوچە و شارەکانی دیکەی عێراقەوە هاتبوون، بۆیە ژمارەیەکی گەورەی خانووی نیشتەجێبوون لە چەند گەڕەکێکدا دروست کران بۆ حەوانەوەی ئەو کرێکارانە.

بەم پێیە نەوتی کەرکوک بووە جێگای بایەخ پێدانی دەوڵەتانی دەرەوە و گرینگی تایبەتیشی پەیداکرد و قورسایی لە ئابووری عیراقدا دروست کرد.

هەواڵنامەی کتێب

## کەسایەتی و سیاسەتمەدار و بەرپرسانی لیواکە لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨): (١٦)

أ- موتەسەریف - پارێزگار- ەکانی لیوای کەرکوک:

| | | |
|---|---|---|
| ١- فەتاح پاشا | ١٩٢٢-١٩٢٤ | کورد |
| ٢- عەبدولمەجید یەعقوبی | ١٩٢٤-١٩٢٧ | تورکمان |
| ٣- عومەر نەزمی بەگ | ١٩٢٧-١٩٣٠ | تورکمان |
| ٤- تەحسین عەسکەری | ١٩٣٠-١٩٣١ | کورد |
| ٥- عەبدولحەمید عەبدولمەجید | ١٩٣١-١٩٣٢ | عەرەب |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ـ جەميل ئەلراوى | ١٩٣٦ـ١٩٣٢ | عەرەب |
| ٧ـ حوسامەلدین جومعە | ١٩٣٨ـ١٩٣٦ | عەرەب |
| ٨ ـ ئەحمەد ئەلراوى | ١٩٣٩ـ١٩٣٨ | عەرەب |
| ٩ـ عەبدولحەمید عەبدولمەجید | ١٩٤٠ـ١٩٣٩ | عەرەب |
| ١٠ـ فایق شاكر | ١٩٤١ـ١٩٤٠ | عەرەب |
| ١١ـ مەكى ئەلشەریەتى | ١٩٤٤ ـ١٩٤١ | عەرەب |
| ١٢ـ تەوفیق حەسیب | ١٩٤٥ـ١٩٤٤ | عەرەب |
| ١٣ـئەمین خالس | ١٩٤٦ـ١٩٤٥ | عەرەب |
| ١٤ـ حەسەن فەهمى | ١٩٤٧ـ١٩٤٦ | عەرەب |
| ١٥ـ عەبدولجەلیل برتەو | ١٩٤٨ـ١٩٤٧ | كلدانى |
| ١٦ـ سەعید قەزاز | ١٩٤٩ـ١٩٤٨ | كورد |
| ١٧ـ موراد ئەلشاوى | ١٩٥٠ـ١٩٤٩ | عەرەب |
| ١٨ـ شێخ مستەفا قەرەداغى | ١٩٥٢ـ١٩٥٠ | كورد |
| ١٩ـ ڕەشید نەجیب | ١٩٥٣ ـ١٩٥٢ | كورد |
| ٢٠ـ عەبدولكافى عارف | ١٩٥٣ـ١٩٥٣ | عەرەب |
| ٢١ـ ڕەشید نەجیب | ١٩٥٥ ـ١٩٥٣ | كورد |
| ٢٢ـ یوسف زیاو | ١٩٥٦ـ١٩٥٥ | عەرەب |
| ٢٣ـبەشیر حەمید | ١٩٥٧ـ١٩٥٦ | عەرەب |
| ٢٤ـ عەبدولجەلیل حدیسى | ١٩٥٩ـ١٩٥٧ | عەرەب |

ب ـ سەرۆك شارەوانى كەركوك:

١ـ عەبدولمەجید یەعقوبى ١٩٢٤ـ١٩٢٠

٢- حاجی باقی ئاغا کرک ١٩٢٤-١٩٢٩

٣- عەبدولرەحمان بەکر ١٩٢٩-١٩٣٤

٤- حەبیب تاڵەبانی ١٩٣٤-١٩٤٩

٥-شامیل یەعقوبی ١٩٤٩-١٩٥٣

٦- فازیڵ تاڵەبانی ١٩٥٣-١٩٥٨

٧- نورەدین واعیز ١٩٥٨-١٩٥٩

ج - ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، نوێنەرانی لیوای کەرکوك: (١٧)

خولی یەکەم ١٩٢٥-١٩٢٨

١- حەبیب تاڵەبانی کورد

٢- رەفیق ئەمین خادم ئەلسوجادە کورد

٣- سەعید حوسێن کورد

٤- نەشئەت ئیبراهیم تورکمان

هەواڵنامەی کتێب

خولی دووەم ١٩٢٨-١٩٣٠

١- سەعید حوسێن کورد

٢- محەمەد بەگ جاف کورد

٣- مستەفا ئەفەندی یەعقوبی تورکمان

٤- محەمەد عەلی قیردلر تورکمان

خولی سێیەمی پەرلەمان ١٩٣٠-١٩٣٢

١- مستەفا ئەفەندی یەعقوبی تورکمان

٢-سلیمان فەتاح کورد

| | |
|---|---|
| ٣ـ حەبیب تاڵەبانی | کورد |
| ٤ـ محەمەد عەلی قیردار | تورکمان |

خولی چوارەم ١٩٣٣ـ١٩٣٤

| | |
|---|---|
| ١ـ جەمیل مەجید پاشا بابان | کورد |
| ٢ـ سلیمان فەتاح | کورد |
| ٣ـ محەمەد عەلی قیردار | تورکمان |
| ٤ـ فەوزی عەلی | کورد |

خولی پێنجەم ١٩٣٤ـ١٩٣٥

| | |
|---|---|
| ١ـ جەمیل پاشا بابان | کورد |
| ٢ـ خەلیل زەکی | عەرەب |
| ٣ـ محەمەد سالح نوعمان | کورد |
| ٤ـ حەبیب تاڵەبانی | کورد |
| ٥ـ محەمەد عەلی قیردار | تورکمان |

هەواڵنامەی کتێب

خولی شەشەم ١٩٣٥ـ١٩٣٦

| | |
|---|---|
| ١ـ فایق تاڵەبانی | کورد |
| ٢ـ عەلی ڕەزا عەسکەری | کورد |
| ٣ـ داود بەگ جاف | کورد |
| ٤ـ سلیمان فەتاح | کورد |
| ٥ـ خەلیل زەکی | عەرەب |
| ٦ـ دلرا بەگ جاف | کورد |

خولی حەوتەم ١٩٢٧ – ١٩٢٧

| | |
|---|---|
| ١ـ عاسی عەلی عوبەیدی | عەرەب |
| ٢ـ قادر تاڵەبانی | کورد |
| ٣ـ ئەحمەد ئاغا کەرکوکی | کورد |
| ٤ـ یوسف ئیبراهیم یوسف | |
| ٥ـ موحەمەد بەرقی | کورد |
| ٦ـ حوسێن ئاغا نەفتچی | تورکمان |

خولی هەشتەم

| | |
|---|---|
| ١ـ حوسێن ئاغا نەفتچی | تورکمان |
| ٢ـ عاسی عەلی عوبەیدی | عەرەب |
| ٣ـ جەمیل بەگ بابان | کورد |
| ٤ـ وەهاب تاڵەبانی | کورد |
| ٥ـ ئەحمەد ئاغا کەرکوکی | کورد |
| ٦ـ ئەحمەد یەعقوبی | تورکمان |

هەواڵنامەی کتێب

خولی نۆیەم

| | |
|---|---|
| ١ـ دارا بەگ داودە | کورد |
| ٢ـ محەمەد حاجی نوعمان | کورد |
| ٣ـ فایق تاڵەبانی | کورد |
| ٤ـ ئەمین ڕەشید هەماوەندی | کورد |

| | |
|---|---|
| ٥- داود بەگ جاف | کورد |
| ٦- جەمیل قیردار | تورکمان |

خولی دەیەم ١٩٤٣-١٩٤٦

| | |
|---|---|
| ١- دارا بەگ داودە | کورد |
| ٢- سلیمان فەتاح | کورد |
| ٣- داود بەگ جاف | کورد |
| ٤- محەمەد سالح نوعمان | کورد |
| ٥- عەبدولوەهاب تاڵەبانی | کورد |
| ٦- جەمیل قیردار | تورکمان |

هەواڵنامەی کتێب

خولی یازدەهەم

| | |
|---|---|
| ١- ئەمین جەمیل قیردار | تورکمان |
| ٢- فازڵ تاڵەبانی | کورد |
| ٣- داود بەگ جاف | کورد |
| ٤- دارا بەگ داودە | کورد |
| ٥- سلیمان فاتاح | کورد |
| ٦- ئەمین ڕەشید هەماوەندی | کورد |
| ٧- محەمەد ساڵح نوعمان | کورد |
| ٨- کامیل یەعقوبی | تورکمان |

خولی دوازدەهەم ١٩٤٨ـ١٩٥٢

| | |
|---|---|
| ١ـ داود بەگ جاف | کورد |
| ٢ـ ئەمین هەماوەندی | کورد |
| ٣ـ عەبدولوەهاب تاڵەبانی | کورد |
| ٤ـ محەمەد ساڵح نوعمان | کورد |
| ٥ـ عەلی ڕەفیق سەجاد | کورد |
| ٦ـ ناجی هورمزی | تورکمان |
| ٧ـ ئەحمەد مەجید یەعقوبی | تورکمان |
| ٨ـ عەبدوڵا سلیمان بەیاتی | تورکمان |

هەواڵنامەی کتێب

خولی سێزدە ١٩٥٣ـ١٩٥٤

| | |
|---|---|
| ١ـ ئەمین ڕەشید هەماوەندی | کورد |
| ٢ـ داود بەگ جاف | کورد |
| ٣ـ فازڵ تاڵەبانی | کورد |
| ٤ـ مەحمود بابان | کورد |
| ٥ـ ئەمین جمیل قیردار | تورکمان |
| ٦ـ ئیبراهیم نەفتچی | تورکمان |
| ٧ـ کامل مستەفا یەعقوبی | تورکمان |
| ٨ـ عەبدوڵا سلیمان بەیاتی | تورکمان |

خولی چواردەهەم ١٩٥٤ـ١٩٥٤

| | |
|---|---|
| ١ـ داود بەگ جاف | کورد |

| | |
|---|---|
| ٢- حەبیب تاڵەبانی | کورد |
| ٣- حوسێن خانەقا | کورد |
| ٤- مەحمود بابان | کورد |
| ٥- ئەمین جەمیل قیردار | تورکمان |
| ٦- عەبدوڵا ئاوچی | تورکمان |
| ٧- زەین ئەلعابدین قەنبەر | تورکمان |
| ٨- کامل یەعقوبی | تورکمان |

خولی پازدەهەم ١٩٥٤-١٩٥٨

| | |
|---|---|
| ١- ئەمین ڕەشید هەماوەندی | کورد |
| ٢- حوسێن خانەقا | کورد |
| ٣- داود بەگ جاف | کورد |
| ٤- مەحمود بابان | کورد |
| ٥- ئەمین جەمیل قیردار | تورکمان |
| ٦- سلیمان بەیاتی | تورکمان |
| ٧- ئیبراهیم نەفتچی | تورکمان |
| ٨- کامل یەعقوبی | تورکمان |
| ٩- نیعمەتوڵا هیندی | کلدان |

خولی شازدەهەم ١٩٥٨-١٩٥٨

| | |
|---|---|
| ١- مەحمود جەمیل بابان | کورد |
| ٢- کاکە حەمەی خانەقا | کورد |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٣- داود بەگ جاف | کورد |
| ٤- مەحمود فەهمی هەماوەندی | کورد |
| ٥- نەزیر قیردار | تورکمان |
| ٦- سلیمان بەیاتی | تورکمان |
| ٧- نەجیب مەجید یەعقوبی | تورکمان |
| ٨- ئیبراهیم نەفتچی | تورکمان |
| ٩- قوستەنتین فەتوحی | کریستیانی |

ئەگەر سەرنج بدەینە، ڕێژەی نوێنەرانی نەتەوەکان لە ئەنجومەنی نوێنـەرانی سەردەمی پاشایەتی، تێبینی دەکرێت:

أ- ڕێژەی کورد لە زۆربەی ئەنجومەنەکان لە ٧٥ ٪ کەمتر نەبووە. بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ئەنجومەنەکانی پاش ساڵانی ١٩٥٠ بەرەو نیوە چووە.

ب - نوێنەرایـەتی نەتـەوەی عـەرەب لەسـەر لیـوای کـەرکوك لـە زۆربـەی خولەکانی ئەنجومەن نەبووە، تەنها لە سێ خول یەك نوێنەریان هەبووە.

د - لە کەسایەتیە ڕۆشنبیرییەکانی شاری کەرکوك: (١٨)

فزوڵـی، هجـری دەدە، شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی، عەبـدولخالق ئەسـیری، مـەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئایدن کەرکوکی، عەبدولرەحمان قزلاوی، سوعاد هرمزی، سـەلیم مەتـەر، فـازل عـەزاوی، عوسـمان خۆشـناو، زوهـدی داودی، یوسـف حەیدەری، عەبدولمەجید لوتفی، سەڵاح یـونس، قـەحتان هرمـزی، عیـزەدین عەبدی، وەحیـدەدین بـەهائین، ئارام خاچەکیان، قەشە یوسف، سـەرگۆن پـۆلس، جـان دیمـو، محیـدین زەنگەنـە، جـەلیل قەیـسی، شـێخ مـەعروف

بەرزنجی، عەبدولسەمەد خانەقا، فوئاد تاهیر، جەلیل کاکە وەیس، عەبدوڵا سەراج، محەمەد مەهدی خەلیل، مولود تەها قایەچی.

هـ ـ هەل و مەرجی سیاسی شاری کەرکوک: (١٩)

لە دیاردەکانی ژیانی سیاسی سەردەمی حوکمڕانی پاشایەتی لەعێراق، حزبە سیاسیەکان بەزۆری خاوەن بنکەیەکی جەماوەری فراوان و ڕێکخستنی پتەو نەبوونە، بەتایبەتیش حزبە لیبراڵەکانی ناو دەسەڵات، ئەندامیەتی لەو حزبانە بە زۆری لە شارەکان بریتی بوون لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سەرۆك هۆز و تیرەکان و گەورە بەرپرسانی حکومەت، هەروەها پیاوانی ئاینی، ئەوانە لە کاتی هەڵبژاردنەکان (بە تایبەتی) بۆ ئەنجومەنی پەرلەمان، پێگەو توانای خۆیان بەکار دەهێنا لە ناوچەکە. بەڵام حزبە شۆڕشگێرە ڕادیکاڵەکان (بەتایبەتی حزبی شیوعی عیراقی و حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست و پارتی دیموکراتی کوردستان) هەروەها تا رادەیەك حزبی ئیسلامی عیراقی، ئەوانە بە نهێنی کاریان کردووە و ڕێگای بەشداریکردنی دەسەڵات و گەیشتن بە ئەنجومەنی نوێنەران ئاسان نەبووە بۆیان.

بۆیە لە شاری کەرکوك و دەروبەری چالاکی ڕێکخراوەیی و سیاسی حزبەکانی دەسەڵات لەگەڵ ئەوانی دیکەش پێگە و قەبارەیان دەرنەکردووە، ئەمە و ئەگەر هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری سیاسی جەماوەری ئەو سەردەمە ڕەچاو بکەین، ئەوا کار و چالاکیە سیاسیەکان وەك پێویست لە تواناداا نییە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

دەکرێ بۆ تیشك خستنە سەر چالاکی حزبایەتی و سیاسی لەو ناوچەیە، ئاماژە بۆ چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو بکەین، پۆلێنیان بکەین لە چەند

بەشێك، پاشان ئاماژە بۆ خەسڵەتی کاری سیاسی و حزبایەتی بکەین بە شێوەیەکی گشتی:

أ- پۆلێنکردنی ئاراستە سیاسییەکان:

١- کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان:

*ڕێکخراوی ئازادی کوردستان" لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم دامەزراوە لە شاری کفری، لەو کەسانەی ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە: حەمە بەگی فەتاح بەگی جاف، شێخ جەمالی تاڵەبانی، موفق سعید ئەفەندی، تەوفیق ئاغای گەلالی، ڕەوف بەگی جەلال بەگی کەرکوکی، تەوفیق قەزاز، سەید محەمەد جەباری، شێخ سلیمان شاکەلی.

*کۆمەڵەی دارکەر: ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکوك دامەزراوە لەلایەن کۆمەڵە قوتابییەکی ئامادەیی ناوەندی کەرکوك. لە کەسە دیارەکانی ئەو کۆمەڵەیە دڵداری شاعیر و مارف بەرزنجی.

* حزبی هیوا: ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە لە شاری کەرکوك، لەلایەن هەمان ئەندامانی کۆمەڵەی دارکەر، دوای ئەوەی خۆیان هەڵوەشاندەوە، ڕەفیق حلمیش بە سکرتێری حزبەکە دیاریکرا.

* لقی کۆمەڵەی - ژ- ك: ساڵی ١٩٤٢ لە کوردستانی ئێران دامەزراوە، لەدەوروبەری ١٩٤٤ لقی لە کوردستانی عێراق کردۆتەوە بەتایبەتی لەشارەکانی کەرکوك و سلێمانی و کفری، بەرپرسی لق لە شاری کەرکوك شێخ حوسێن خانەقا بوو.

*پارتی دیموکراتی کوردستان لقی کەرکوك: پارتی لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ دەمەزراوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لقی مە کەرکوك هەبووە. لە ئەندامەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، عەلی حەمدی.

٢ـأ نووسەری تورکمان عەزیز قادر سەمانجی دەربارەی ڕوخسار و بارودۆخی سیاسی و (٢٠) کۆمەڵایەتی تورکمان لە شاری کەرکوک و لەسەردەمی پاشایەتی، نووسیویەتی: لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی)، تورکمان خۆیان لەبەردەم حاڵەتێکی تەواو گۆڕاو و جیاواز دیت، لەو شێوەی کە لە سەردەمی پێشو (واتە سەردەمی عوسمانی) لەسەری بوون، ئەو حاڵەتەش هەموو ئاستە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی دەگرتەوە، ئەوان خۆیان بینیەوە لە حاڵەتی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەواییەوە بوونە خەڵکێکی ژێر دەستە. بۆیە لە توانایاندا نەبووە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەو دۆخە دەسەڵاتدارییە نوێیە قبوڵ نەکەن بە پشت بەستن لەسەر تواناکانی خۆیان، هەروەها ئاسانیش نەبووە لایان لەگەڵ دۆخە نوێیەکە بگونجێن و ڕابێن.... بۆیە پەنایان بۆ بارێك برد کە بریتی بوو لە دوورکەوتنەوەی سیاسی و گۆشەگیری .... ئەوان بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی و دوای ئەوەش بە چەند ماوەیەك.... نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ناچاربوون بەهۆی فشاری بارودۆخە زۆرداریيەکە، ڕێبازێکی نەرێنی و ناواقعی بگرنە بەر، هەروەها چەند ئامانجێکی خەیاڵیان هەبووە و هەوڵیان بۆیدا.... کە ئامرازەکانی جێبەجێکردنیان بەدەستەوە نەبوو.... (نووسەر درێژە بە نووسینەکەی دەدا و لەسەری دەڕوات): درێژە پێدان بەو ڕێبازە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، هیچ بیانوویەکی ئەقڵی دروستی نەبووە.... مەترسیەکانی ئەو ڕێبازە لەوە ئاشکرابوو کە فیکری سیاسی تورکمانی بەرەو چەق بەستوویی برد... بۆیە هەر جۆرە ڕێکخراو حزبێکی سیاسی ئاشکرا تایبەت بە تورکمان دەرنەکەوت، هەروەها تورکمان ئینتیمایان بۆ هیچ حزبێکی عیراقی (بە ئاشکرا و بە نهێنی) نەبووە...لەو حزبانەی

چالاکیان هەبووە لەسەردەمی پاشایەتی، سەرەڕای ئەوەش لەناو تورکمان هەر جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسی نهێنی دەرنەکەوە کە قورسایی و کاریگەری هەبێت.

لەو سەردەمە دەکرێ ناوی چەند کەسایەتیەك بهێنین کەلە کەسە نەتەوە خوازانی تورکمان بوونە لە شاری کەرکوك ڕۆڵی سیاسیان گێڕاوە: دکتور نیزامەدین عارف، عەقید عەبدولئەزەل موفتی، رائید عەتا خەیروڵا، عەقید عەبدوڵا عەبدولرەحمان، تەحسین رەفئەت، محەمەد حاجی عیزەت، مەجید حەسەن، ئیبراهیم نەفتچی، ئیحسان عەبدوڵا، سەلاحەدین ئاوچی، هیدایەت ئەرسەلان، عەزیز قادر سەمانچی.

ب- لەچەند سەرچاوەیەکەوە، ناوی چەند ڕێکخراوێکی سیاسی تورکمان دەست کەوتووە کە لە ناوچەی کەرکوك ماوەیەك چالاکی سیاسیان ئەنجامداوە:

* کۆمەڵەی نهێنی تورانچێتی سالی (١٩٢٠) لە کەرکوك دامەزراوە داوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانیان دەکرد بۆ ناوچەکە، لە مالی مستەفا یەعقوبی کۆبوونەوەکەیان ئەنجامدەدا.
* کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی، لقێکی حزبی ئیتحاد و تەرەقی تورك بووە لە سالی (١٩٠٨) دامەزراوە، ئەم حزبە لقی لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دامەزراند.

٣- ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبی شیوعی عیراقی:

* لقی حزبی شیوعی عیراقی، سەرەتای سالی ١٩٤٢ لە لایەن سالح حەیدەری چالاکیەکانیان بەڕێوە دەچوو، ئەم حزبە کۆمیتەیەکی لە کەرکوك

هەبووە کە بەشی زۆری ئەندامانی کوردبوون و ڕۆڵی گەورەیان لە مانگرتنەکەی گاوریاغی ١٩٤٦ بینیوە.

ساڵی ١٩٥٩، ئەندامانی لیژنە محەلی حزبی شیوعی لە کەرکوك بریتی بوون لە: مصلح مستەفا، کەمال داود جەباری، مەجید حەسەن، تەیب تاڵەبانی، عیماد میسری، تەوفیق ئەحمەد، عومەر کاشتەر.(٢٠)

* ڕێکخراوی –ئەنسار ئەلسەلام– ساڵی ١٩٤٩ لە بەغداد دامەزراوە، ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکوك لقی کراوەتەوە، لەوانی ئەندام بوونە لەو ڕێکخراوە: مەجیدی کاکەی حاجی مەحمود، سلیمان نامیق، سەعید عەباس، حەمە سالح بەگی ساڵەیی، شێخ فاتح تاڵەبانی.

٤ـ حزبی بەعس عەرەبی سوسیالت، چالاکیەکانی ئەم حزبە لە پەنجاکان بەدواوە دەستی پێکردووە، لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوە خوازانی عەرەبە، دوو هێزی سیاسی لاواز بوون، ژمارەی ئەندامانیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێ.

٥ـ برایانی موسلمان (ئیخوان ئەلموسلمین) ئەم ڕێکخراوە لە دوای ساڵی ١٩٥٦ وە چالاکیان بە ئاشکرا بووە(٢١)، لەناو شاری کەرکوك کتێبخانەیەکیان کردۆتەوە. لقی کەرکوکی ئەم کۆمەڵە بە سەرۆکایەتی پارێزەر. نورەدین واعیز بووە، لە ئەندامانی دیکەی لقەکە: سلیمان محەمەد ئەمین قابیلی، شێخ عەبدولستار تاهیر، موحسین عەبدولحەمید، نەشئەت غەفور ئاغا، ئەحمەد بەرزنجی، غالیب خورشید، عەبدوڵا بەرزنجی.

٦ـ کۆمەڵەی ڕێکخراوی جولەکە:(٢٢)

*لقی بزووتنەوەی حالوتس، ساڵی ١٩٤١ دامەزراوە، لەلایەن چەند جولەکەیەکی فەڵەستینی کە نێردراون بۆ عێراق، لەوانە (سبرین، خچوری،

جوتیهـان) لقەکـەی کـەرکوك لـە سـاڵی ١٩٤٦ دامـەزراوە، ئامانجیـان ڕەوانەکردنی جولەکەکان بووە بۆ فەڵەستین.

* لقی ڕێکخراوی هاجانا، ساڵی ١٩٤٦ دامـەزراوە لـە کـەرکوك، ئامـانجی کۆکردنەوەی جولەکەکان بووە، بۆ ڕەوانە کردنیان بەرەو فەلەستین.

دەکرێ لە چەند خاڵێك خەسڵەتە سیاسیەکانی ئەو ڕێکخراوانە و ئەو مۆرك و روخسارانەی باو بوونە لەناویان، دەست نیشان کەین:

١- لە ناوچەی کەرکوك ئاراستە سیاسیەکان لە حزب و کۆمەڵە لیبراڵەکان و ئەوانی بەشداری دەسەڵاتیان دەکرد، پێگەی جەماوەریان لاواز بوو، ئەو حزب و ڕێکخراوانە کەسانی کۆمەڵایەتی و سەرۆك عەشیرەت و پیاوانی ئاینی و بەرپرسـانی حکومـەت بـەڕێوەیان دەبـرد و نوێنەرایـەتیان دەکـردن، نموونەش، حزبی ئەلعەهدی نوری ئەلسەعید و حزبی ئومەی ئیشترکی ساڵح جەبر.

٢- ئاراستەیەکی تورکمانچێتی توند لەناو بەشێك لە تورکمانەکانی کـەرکوك پەیدا ببوو، دیارە ئەو ئاراستەیە کاریگەری سیاسەتی کۆنەکانی دەوڵەتی عوسمانی و حزبی ئیتحاد و تـەرەقی تورکیـای بەسەرەوە بـوو، سـەرەڕای بوونی پەیوەندییە بەردەوامەکانی نێوان هەردوو لا.

٣- بزووتنەوەی نەتەوایـەتی کـورد لـە سـنوری تەسـکی جـەماوەری چالاکی هەبووە، هۆشیاری سیاسی لەناو جەماوەری کورد لە ئاستێکی نزمدا بـووە، هەرچەند ڕێکخـرا و ئۆرگانـەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان چـالاکیان هەبووە.

٤- چالاکی حزبی شیوعی عێراقی لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە پووی لەگەشەکردن کردووە بە شێوەیەکی ڕێژەیی.

٥ـ بزووتنەوە ئایینیە سیاسییەکان زیاتر خۆیان لە کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین بەرجەستە دەکرد.

٦ـ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب وەك ڕێکخستن لەناو جەماوەری شاری کرکوك بوونی نەبووە، ئەوەی هەبوو بێت چەند هەوادارێکی ئەو ئاراستەیە لەکاربەدەستانی دەوڵەت یان پلەدارانی ناو سوپا بوونە.

٧ـ ڕێکخراوە سیاسیەکان بە هەموو ئاراستەکانیان لە هەڵوێست و بڕیارەکانیان، ڕۆڵی کەس کاریگەری هەبووە، توندرەوی بە سەریدا زاڵبووە، سەرەڕای هەست و سۆزی بنەماڵەیی و عەشائیری.

ب ـ چالاکی ڕۆشنبیری ڕۆژنامەگەری لە شاری کەرکوك لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی:(٢٣)

هەر لەسەرتای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە (١٩١٤ـ١٩١٨) لە شاری کەرکوك و دەوروبەری چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچووە لەلایەن ڕۆشنبیرانی ناوچەکە و بە زمانەکانی تورکی، کوردی، عەرەبی، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لەگەڵ کەمی چاپخانە و ئاستی تەکنیکی و شارەزاییان، ئەوا ئەو بڵاوکراوانە درێژەیان هەبووە بە پچرپچری تا سەرکەوتنی شۆڕش ١٤ تەموز ١٩٥٨ و گۆڕینی ڕژێم بۆ کۆماری.

١ـ حەواپ: یەکەم ڕۆژنامە بووە ساڵی ١٩١١ لە کەرکوك چاپکراوە بە زمانی تورکی لەلایەن ڕۆژنامەنووس ـ ئەحمەد مەدەنی. بەڕێوەچووە و درێژەی بە دەرچوونی داوە تا کۆتایی جەنگ لە ١٩١٨.

٢ـ ڕۆژنامەی ئاژانس: لە کەرکوك چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە بە زمانی تورکی لە نێوان ساڵانی (١٩١١ـ ١٩١٨).

٣ـ گۆڤاری ـ مەعاریف ـ: بە زمانی تورکی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ٢٤ـ نیسانی ١٩١٣ دەرچووە، لە ٢٠ تشرینی دووەمی ـ ١٩١٣ لە دەرچوون وەستاوە لەلایەن ڕۆژنامەنووس ـ ئەحمەد مەدەنی ـ بەڕێوە چووە.

٤ـ گۆڤاری ـ کەوکەب مەعارف ـ بە زمانی تورکی دەرچووە. ژمارەی یەکەمی لە شوباتی ١٩١٥ بڵاوکراوەتەوە، مستەفا یەعقوبی سەرنووسەریبووە.

٥ـ ڕۆژنامەی ـ نەجمە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕەسمی ڕۆژانە بووە، لە کانونی یەکەمی ـ ١٩١٨ دەرچووە، تا مانگی مایسی ـ ١٩٢٦ بەردەوام بووە لە دەرچوون.

٦ـ ڕۆژنامەی ـ تەجەدود ـ بە زمانی تورکی بڵاو دەکرایەوە هەفتەی جارێك، یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەم ـ ١٩٢٠ دەرچووە، لە مانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ لە دەچوون وەستاوە.

٧ـ ڕۆژنامەی ـ کەرکوك ـ شارەوانی کەرکوك ئەرکی چاپکردنی هەڵگرتبوو، ژمارەی یەکەمی لە تشرینی یەکەمی ١٩٢١ دەرچووە، لە مانگی ئابی ١٩٧٢ بەتەواوی لە دەرچوون وەستاوە.

٨ـ گۆڤاری صەدا ئەلشەباب گۆڤارێکی مانگانەیە بە زمانی عەرەبی دەرچووە، ساڵی ١٩٣٢ چوار ژمارەی بڵاوکراوەتەوە.

٩ـ گۆڤاری ئیلەری ئەلتەقەدوم بەزمانی تورکی لە ٢ـ ئازاری ـ١٩٢٥ حەوت ژمارەی بڵاوکراوەتەوە.

١٠ـ گۆڤاری ـ باسەرە ـ بە زمانی کوردی، یەکەم ژمارەی لە ٢٥ـ حوزەیرانی ١٩٤٢ دەرچووە.

١١ـ ڕۆژنامەی چەمچەماڵ بەسەرپەرشتی قائمقامی چەمچەماڵ چاپکراوە، یەکەم ژمارەی لە تەموزی ١٩٤٦ دەرچووە.

١٢ـ ڕۆژنامەی ـ ئەلوەحدەـ هەفتەی جارێك دەرچووە بە زمانی عەرەبی، یەکەم ژمارەی لە ٦ـ ئازاری ـ ١٩٤٦ دەرچووە، لەو هەفتەنامەیە (٢١) ژمارەی دەرچووە.

١٣ـ ڕۆژنامەی ـ صەدا ئەلشیمال ـ هەفتە نامەیەك بوو بە زمانی عەرەبی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە مانگی شوباتی ـ ١٩٥٠ بڵاوکراوەتەوە، لە مانگی مایسی ١٩٥١ وەستاوە.

١٤ـ گۆڤاری ـئەلثە قافە ئەلجەدیدەـ بە زمانی عەرەبی دەرچووە، سەندیکای مامۆستایانی کەرکوك ئەرکیان هەلگرتووە، یەکەم ژمارەی لە مایسی ١٩٥٤ دەرچووە.

١٥ـ گۆڤاری ئەلئافاق بە زمانی عەرەبی و تورکمانی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە مانگی مایسی ١٩٥٤ بڵاوکراوەتەوە، لە ئازاری ١٩٥٩ لە دەرچوون وەستاوە.

١٦ـ گۆڤاری کەرکوك ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، خاوەن ئیمتیازی شێخ قادر بەرزنجی بووە.

١٧ـ پارتی دیموکراتی کوردستان چەند بڵاوکراوەیەکی هەبووە بە شێوەیەکی نهێنی دەرچووە.

# پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١ـ لمحات من عراق القرن العشرين– د. كاظم حبيب – الكتاب السادس دار ئاراس أربيل ط١ /٢٠١٣ ص ٢٤٧

٢– أصول أسماء المدن و المواقع الأثرية – جمال بابان– الجزء الأول– بغداد سنة ١٩٦٧. ص ٢٩٠

٣– کەرکوك لە ڕوانگەی مێژووەوە. وەرگێڕانی . د. ئازاد عەبدولواحید کریم لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك، ساڵی ٢٠٠٩. لاپەڕە ٢٨

٤ـ جوگرافیای هەرێمی کوردستان ـ کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ– هەولێر چاپی ١، ١٩٩٨. لاپەڕە ١٣٤

٥مجلة كركوك اليوم ـ العدد (١١–١٠) ايلول ٢٠١٢، الجمعية الثقافية الكردية ـ كركوك موضوع الكاتب طارق كامل

٦ـ شمال العراق (١٩٧٥–١٩٥٨) دراسة سياسية، عمار علي السمر، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات. ط١، ٢٠١٢ـ بيروت ـ ص ٤٧

٧ـ العراق في عهد قاسم (١٩٥٨–١٩٦٣) – آراء وخواطر– طبع السويد ١٩٨٩– جرجيس فتح الله، ص ٧٣٤– الجزء الثاني.

*كركوك– قرن و نصف من التتريك والتعريب– جبار قادر– مجلة سه ردةم العربي– العدد/٤– ٢٠٠٤، السليمانية، ص ٢٥–٢٦.

٨– كركوك وتوابعها– حكم التاريخ والضمير – د. كمال مظهر أحمد – الجزء الأول– وزارة الثقافة أقليم كردستان، ص ١٠٠–١١٠.

٩– كردستان العراق– دراسة في الجغرافية السياسية. أربيل– سنة الطبع ٢٠١١، ص ٢١.

١٠- * مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوک (١٩٦٣-١٩٩١) سنور سەباح قادر، دەزگای ئاراس- هەولێر، چاپی ١ -٢٠٠٩، ل ٢٨.

*هوية كركوك الثقافية والإدارية. محمد القرداغي- دار ئاراس- أربيل گ ٢/ ٢٠٠٧، ص ٢٠٠.

١١- گۆڤاری -کەرکوک- ٢٧ - ساڵی حەوتەم ژمارە (٣) ٢٠٠٦، کۆمەڵەی ڕووناکبیری کورد لە کەرکوک

١٢- أثر التعددية الأثنية علي الوحدة الوطنية في العراق- د.كردستان سالم سعيد مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، ٢٠٠٨ ص ٣٤.

١٣- كركوك وتوابعها- سەرچاوەي پێشوو. لاپەرە ٧٠

١٤- *كركوك- بحوث الندوة العلمية حول كركوك- مجموعة باحثين- دار ئاراس للطباعة والنشر- أربيل/ ٢٠٠١، ص ٩١.

*حقيقة الوجود التركماني في العراق- أرشد الهرمزي- الدار العربية للموسوعات- بيروت، ط ٢/٢٠٠٥. ص ١٨٣.

١٥- * منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي. د. نوري طالباني. دار ئاراس للطبع والنشر. أربيل، ط٣/٢٠٠٤، ص ٤٠-٤١.

*صفحات من تأريخ كركوك، منذ فجر التاريخ إلي ١٩٥٨، نجاة كوثر أوغلو- دار الحكمة ط١/٢٠١٥- ص ١٤٩.

* مجلة كركوك اليوم- العدد ١٠-١١- أيلول ٢٠١٢ الجمعية الثقافية الإجتماعية الكردية- موضوع طارق كامل/ص ٢١.

١٦-* صفحات من تأريخ كركوك، منذ فجر التأريخ إلي ١٩٥٨، نجاة كوثر أوغلو- دار الحكمة ط١/٢٠١٥- ص ٤٢٥.

*کەرکوک - لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری و سیاسی (١٩٣٢-١٩٥٨)، دلشاد محمود عبدالرحمن - نامەی ماستەر- تشرینی دووەم/. ٢٠٠٦- هەولێر.

١٧-*ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥-١٩٥٨) ئەحمەد حمد امین- هەولێر ٢٠٠٧.

*تأريخ الوزارات العراقية في العهد الملكي- عبد الرزاق الحسني- جزء/٢، جزء/١٠ بغداد ١٩٨٨- دار الشؤون الثقافية العامة.

* كەركوك- دلشاد محمود عبدالرحمن- سەرچاوەی پێشوو پاشكۆی ژمارە /٤.

١٨- بحوث الندوة العلمية في كركوك- سەرضاوەي ثێشوو، لاثەرِة/ ٨٧.

*كركوك مدينة القوميات المتآخية-مجموعة من الكتاب الباحثين- دار ئاراس أربيل، ط/١-٢٠٠٩، ص ١٤٥.

١٩ -*مێژووی ئەو كۆمەڵە و ڕێكخراوا و حزبانەی لەناوچەی كەركوكدا سەریان هەڵداوە. سمكۆ بەهرۆز- كەركوك ٢٠٠٦.

* كركوك مدينة القوميات المتآخية، سەرضاوەي ثێشوو.

* من كان وراء حوادث الموصل و كركوك الدامية. د.عبدالفتاح علي البوتاني-٢٠٠٤، ص ٢٦.

٢٠- التاريخ السياسي التركماني العراقي- عزيز قادر الصمانجي- دار الساقي بيروت/ ط ١٩٩٩، ص ١٠٨-١١٠.

٢١_ كەركوك- دلشاد محمود عبدالرحمن -سەرچاوەی پێشوو. لاپەرە ١٥٩.

٢٢- مێژووی ئەو كۆمەڵە و ڕێكخراوا و حزبانەی لەناوچەی كەركوكدا سەریان هەڵداوە، سمكۆ بەهرۆز، سەرچاوەی پێشوو.

٢٣ * مجلە كركوك-٢٤- ساڵی شەشەم ژمارە/٤-٢٠٠٥- كۆمەڵەی ڕووناكبیری كەركوك بابەتی نووسەر، صباح بازرگان.

* كركوك مدينة القوميات المتآخية، سەرضاوەي ثێشوو، لاثەرِة ١٤٧

# بەشی دووەم

## شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩

# بەندی یەکەم
# بارودۆخی ناوخۆیی گشتی

دەکرێ بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی عێراق لەسەردەمی پاشایەتی سالآنی پێش شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ لەچەند خالێکدا کورت بکەینەوە:

١ـ دوای سالآنی ١٩٢٠ و لەگەلّ دامەزراندنی دەولّەتی عێراق، هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەلآیەتی لەو ولآتە وای دەخواست کە سەرکردەکانی ئەو دەولّەتە کار بۆ یەکگرتووی و تەبایی نێوان کۆمەلّە و تائیفە جیاوازەکانی ئەو ولآتە بکەن کە ناویان لێنرا گەلی عێراق. پێویستی دەکرد دژایەتی ئەو دابەش بوون و پچڕ پچڕییە بکەن کە لە ناوخۆ وەك واقعێك هەبوو.

ئەو ولآتە یەککگرتوویەکی جیۆلۆجی پەتی نەبووە، بەلّکو بەسەر سێ ناوچەدا دابەش بووە لەڕووی جوگرافیەوە، دۆلّی دیجلە و فورات، ناوچەی شاخاوی، بیابانی ڕۆژئاوا، گەلەکەشی لە ڕووی ئەینی و تائیفیەوە جیاوازی تێدا هەبووە.

ڕەگەزی بنچینەیی لەناو گەلی عێراق سوننە بوون کە بەشی شێریان لە دەسەلآت کەوتە دەست، بەلآم گروپی گەورە لەو ولآتە عەرەبی شیعەن کە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق دەژین، کوردیش بەڕێژەیەکی کەمتر لەوان مەزندە دەکرێت کە خاوەن هەستی نەتەوایەتی بەرزن.

هەواڵنامەی کتێب

لە ناوچەی کەرکوك و دەوروبەریشدا، نەتەوەی تورکمان نیشتەجێن، وەك کەمایەتییەك، سەرەڕای چەندین گرووپی بچووکی ئاینی و ئائیفی جیاوازی دیکە، نموونەی مەسیحی، سابیئە، ئیزدی، جوولەکە. (١)

٢- بە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩_١٩٤٥) باروودۆخی ناوخۆی عێراق گۆڕانکاری ئابوری و سیاسی زەقی بەخۆوە دیت، چەند هۆکارێك بەسەر یەکەوە کەڵەکە بوون و بوون بەهۆی دوورکەوتنەوەی نێوان جەماوەر و حکومەتی پاشایەتی بە ڕێژەیەکی گەورە، ناڕەزایی و هەڵچوونی جەماوەری بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی پاشایەتی بە گشتی، هەروەها لە ئاست شێوازەکانی کار بەڕێوەبردن و دوورکەوتنەوەی لە ڕێبازی دیموکراسیانەی ڕاست، خراپی دۆخی ژیان و باری ئابوری کۆمەڵانی خەڵك، هەموو ئەو هەل و مەرجانە ئاماژەیەك بوون کە زەمینەی خۆش کرد بۆ گۆڕانکاری لە عیراق و نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی ئەو دەسەڵاتە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨ بە فراوانی دەنگۆی شۆڕش و جوڵەی سوپای عیراق بۆ کۆتایی هێنان بە ڕژێمی پاشایەتی، پەیتا پەیتا دەگەیشتە ناوەندە سیاسیەکان،چ لە ناوخۆ یان لەدەرەوەی عێراق بێت.

ئەو سیستەمە دیموکراسیەی بەریتانیا و شا فەیسەلی یەکەم هەوڵی دامەزراندنیان بۆیدا (کە خۆی دەنواند لە کارکردن بە دەستور و فەراهەم بوونی ئازادی و کاری سیاسی و دامەزراندنی حزبە سیاسیەکان و هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران) نەهاتەدی، کە ئاواتی گەلی عیراق بوو. ئەو دۆخە و دەستێوەردانی بنەماڵەی شا و دەسەڵاتدارانی باڵا لە هەڵبژاردنەکان و کار نەکردن بە دەستور و ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی گەل، هەروەها کێشە و شەڕ و ئاژاوە ناوخۆییەکان، هەموو ئەو دیاردانە نیشانەی

دووركەوتنەوەی ڕژێم بوو لە دیموكراسیەت و لە ژیانی دەستووری و لە كۆتاییشدا فراوانبوونی جیاوازییەكانی گەل و دەسەڵات. (٢)

٣- هۆیەكانی ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق:

أ- هۆیە ناوخۆییەكان:

١- نوشستی هێنان لە دامەزراندنی دەوڵەتێكی مۆدێرن.

٢- دواكەوتوویی ژێرخانی ئابوری و كۆمەڵایەتی كە پێویستی بە گۆڕان هەبوو.

ب- هۆیە دەرەكیەكان: (٣)

١- كاریگەری هەستی نەتەوەیی و هەڵچوونی لە پێناو سەربەخۆیی و دژایەتی ئیستعمار و بەدیهێنانی دەوڵەتی یەكگرتووی عەرەب.

٢- كاریگەری هەل و مەرجە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان، لەوانە: پەیمانی بەغداد، جەنگی سارد كاریگەری بەسەر عێراقدا، ململانێی نێوان ئەمەریكا و بەریتانیا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەكە، بزووتنەوەكەی دكتۆر موسەدەق لە ئێران.

هـ- بەرەی یەكێتی نیشتمانی و ڕۆڵی لە زەمینە ئامادەكردن بۆ شۆڕش: (٤)

ساڵی ١٩٥٤ بە شێوەیەكی نهێنی بەرەیەكی نیشتمانی دامەزرا كە چەند لایەنێكی گرتە خۆی: حزبی ئیستقلال، حزبی نیشتمانی دیموكراتی، ئەنسار و لسەلام، حزبی شیوعی عیراقی، سەرەڕای چەند كەسایەتیەكی سەربەخۆ. هەموو ئەو لایەنانە لە نێوان خۆیاندا لەسەر پەیمانێك ڕێك كەوتن بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەو هەڵبژاردنە بەرەی نیشتمانی (١٠) ئەندامیان گەیشتە پەرلەمان.

لە سانگی شوباتی ۱۹٥۷ بەرە، لیژنەی نیشتمانی باڵای پێکهێنا، وەك سەرکردایەتیەکی سیاسی، ئەرکی سەرشانی دانانی بەرنامە و پلانی کارکردن بوو، هەروەها چاودێری کردنی جێبەجێکردنیان، ئەندامانی لیژنەکەش بریتی بوون لە:

محمد حەدید، نوێنەری حزبی نیشتمانی دیموکراتی.

فوئاد ئەلرکابی، نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی.

محەمەد مەهدی کوبە، نوێنەری حزبی ئیستقلال.

عەزیز ئەلشێخ، نوێنەری حزبی شیوعی عیراقی.

بەرە لەیەکەم ڕۆژی دەست درێژییە سێ قۆڵیەکەی سەر وڵاتی میسر لە ۱۹٥٦ کۆبۆوە بۆ هەڵوێست وەرگرتن.

لە ڕۆژی ۹ ئازاری ۱۹٥۷، لیژنەی نیشتمانی باڵای بەرە، بەیانێکی دەرکرد دەربارەی بارودۆخی سیاسی لە وڵاتدا.

ئامانجی بەرە:

لە ڕۆژی ۹ ئازاری ۱۹٥۷، لەبەیاننامەیەکدا بەرە ئامانجە نیشتمانیەکانی خۆی دیاریکرد:

۱ـ لابردنی وەزارەتی نوری ئەلسەعید و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان.

۲ـ دەرچوون لە پەیمانی بەغداد و پیادەکردنی سیاسەتێکی عەرەبی ئازادانە.

۳ـ بەرهەڵستی کردنی دەستێوەردانی ئیستعمار لە کاروباری وڵات بە هەموو شێوەیەك.

٤ـ ڕێگادان بە ئازادییە دیموکراسیە دەستورییەکان.

هەواڵنامەی کتێب

٥ـ لە کارخستنی بڕیارەکانی باری نائاسایی و ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان، هەروەها گێڕانەوەی دوورخراوەکان لەسەر کار بەهۆی چالاکی سیاسیەوە.

دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی کاریگەری بەسەر خودی هێزەسەربازیەکان هەبووە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو حزبانەی ناو بەرە، رێکخستنی سەرباز یان لەناو سوپا هەبووە، بۆیە پەیوەندییەك لە نێوان بەرە بە گشتی و ئەو گروپانەی ناو سوپا دروست بوو.(٥)

حزبەکانی ناو بەرە هاوکار بوون بۆ ئەوەی ئەو گروپە سەربازییانەی ناو سوپایەك بگرن، کە دواتر بەیەکەوە بەرنامەیەکیان راگەیاند تێیدا بەرنامەی بەرەیان لا پەسندبوو.

ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان حزبەکانی ناو بەرە و لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازاد دروست بوو، پەیوەندییەك بوو لە نێوان هەر حزبێك و ئەندامانی خۆی لەناو رێکخراوی ئەفسەرانی ئازاد.

بەردەوام لە نێوان بەرەو بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز، ئاڵ وگۆڕ کردنی بیروڕا هەبووە دەربارەی رێکخستن و بەڕێوەبردنی چالاکیەکان.... تا دەگاتە رادەی ڕەپەڕینی چەکداری کە لە ڕۆژی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بەرپا بوو.

# بەندی دووەم:

# شۆڕشی ١٤ی تەموز ١٩٥٨

## ١- بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز☹: (٦)

بیرۆکەی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکانی عیراق دیاردەیەکی کتوپڕکاتی نەبووە، هەروەها بزووتنەوەیەکی گشتی و خاوەن ناوەندێکی سەرکردایەتی نەبووە، بەڵکو پەرش و بڵاوبووە لەچەند بازنە و زنجیرەیەک پەیوەندی لەناو یەکە سەربازییەکان پێکهاتووە، حزبە سیاسیەکانیش ڕۆڵیان لە دروستبوونی هەبووە. بە پێی چەند سەرچاوەیەک لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٢ ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەستی پێکردووە هەر یەک لە. نەقیب رفعەت حاجی سری و هاوڕێکەی ڕائید ڕەجەب عەبدولمەجید. کاریگەرییان هەبووە لەناو ئەو بزووتنەوەیە و لە پێکهێنانی شانە نهێنییەکانی، هەردووکیان هەڵگری بیروباوەڕی ناسیونالستی عەرەبی بوون.

لەناو سوپا چەندین گروپی جیا جیا لە ئەفسەران دروست ببوون و تا دەهات ژمارەیان زۆرتر دەبوون، هەر بەهۆی گەشەکردنی کاری سیاسی لە وڵاتدا، ئەو گروپانە یەکیان گرت و لە کۆتایدا لە چوارچێوەی زووتنەوەیەک گرد بوونەوە.

پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوە و پەیوەندی، پێش کۆتایی ساڵی ١٩٥٦ لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز پێکهات، ژمارەیان دە ئەفسەر بوون. لە

مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ دوای گەڕانەوەی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی لیوای ١٩ سوپای عێراق، لەگەڵ عەقید عەبدولسەلام عارف فەرماندەی فەوج لەهەمان لیوا، هەوڵیدا هەردوو ڕێکخراوە سەربازییەکە (ئەوی خۆی سەرکردایەتی دەکات لەگەڵ ڕێکخراوەکەی زەعیم محیدین عەبدولحەمید) یەك بگرن.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ ژمارەیەك ئەفسەر، کە نزیکەی (٨٠) کەس دەبوون لە پلەی بچووك سەرپەرشتی نەقیب عەبدولستار عەبدولەتیف، هاتنە پاڵ ڕێکخراوە سەرەکیەکەی ئەفسەرانی ئازادیخواز، لە شاری موسڵیش کۆمەڵێکی دیکەی ئەفسەر هاتنە پاڵ ڕێکخراوەکە، لەو بارە ژمارەیان لەناو سوپای عێراق (٢٠٠) ئەفسەری تێپەڕکرد.

لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز ساڵی ١٩٥٨ پێش بەرپابوونی شۆڕش لە پازدە ئەفسەر پێکدەهات بە سەرکردایەتی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم.

ئەفسەرانی ئازادیخواز، جیاوازییان هەبووە لەگەڵ سیاسەتمەدارە مەدەنیەکان ئەوانی لەناو حزبە سیاسیەکان کاریان دەکرد، ئەو حزبانە هەر یەکە هەڵگری بیروباوەڕێکی سیاسی تایبەت و ئاراستەی هزری دیاریکراو بوون.

ئەو ئەفسەرانە، هەر گروپ و بگرە هەر تاکێکیان، هەڵگری بیروباوەڕێکی سیاسی جیاواز بوو، هەندێکیان هەڵگری بیروباوەڕی لیبرالی بوون (عەبدولکەریم قاسم و محیدین حامد)، بەشێکیان باوەڕی نەتەوەیی توندییان هەبووە و ئامانجیان یەکگرتنی عەرەب بووە (عەبدولسەلام عارف و رفعەت حاجی سری)، کەسانی دیکەیان کاریگەری حزبی شیوعیان لەسەر

بووه (وەسفی تاهیر و ئیسماعیل عەلی)، چەند ئەفسەرێکیش پەیوەندییان بە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست هەبووە...... ئەوەی کۆیانی کردبۆوە، دژایەتی ڕژێمی پاشایەتی بوو، هەروەها ناڕەزایی لە سیاسەتەکانی حکومەت.(٧)

٢- ڕاپەڕینی چەکداری و کۆتایی هێنان بە ڕژێمی پاشایەتی:

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، بە پێی پلانێکی داڕێژراو لەلایەن ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز، بە سەرکردایەتی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم، چەند یەکەیەکی سوپای عێراق دەستیان بەسەر هەموو شوێنە سەربازی و گەیاندن و ئیزگە و ناوەندە هەستیارەکانی ناو شاری بەغداد گرت و هێزێکی سەربازی پەلاماری کۆشکی پاشایدا و کۆتایی بە ژیانی شا فەیسەڵی دووەم و بنەماڵەکەی هێنا.

لەیەکەم بەیاننامەی ڕاگەیاندنی شۆڕش، کە لە ئێزگەی بەغداد خوێندارەیەوە لەلایەن عەقید عەبدولسەلام عارف، بڕیاری کۆتایی هێنان بە ڕژێمی پاشایەتی درا و عێراق بوو بە وڵاتێکی کۆماری.

لە چەند مانگی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خەڵکی وەك ئەوەی لە بەند و زینداندا و لە ژێر فشار و خەفەکردن ڕزگاریان بوو بێت، هەستێکی قوڵیان پەیداکرد بە ئازادی و بیروڕا دەربڕین و هیوا و ئامانجەکانیان بۆ دوا ڕۆژ دەسختەڕوو.

٣- هەڵوێستەکان لە ئاست سەرکەوتنی شۆڕش:

سەرکەوتنی ڕاپەڕینە سەربازییەکەی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، پێشوازییەکی گەورەی لێکرا، لەناوخۆ و لە دەرەوەی عێراق، دەکرێ لە چەند خاڵێکدا کورتی بکەینەوە.

أ ـ لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق:(٨)

١ـ فەرماندەی لیوای پێنجی پیادەی سوپای عێراق لەناوچەی موسڵ، زەعیم ڕوکن نازم ئەلتەبەقچەلی، پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشەکە و سەرکردەکانی ڕاگەیاند، حاڵەتی ئامادەباشی هێزەکەی ڕاگەیاند بۆ چاودێریکردنی ناوچەکەی.

٢ـ لەشاری کەرکوک، فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق ـ زەعیم ڕوکن عەبدولوەهاب شاکر، هەوڵیدا دژایەتی شۆڕشەکە بکات و هێز بەرەو شاری بەغداد بجوڵێنێ، بەڵام ئەو ئەفسەرانەی سەر بە بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازبوون ڕێگرییان لێکرد و لە فەرماندەیی تیپ دوورخرانەوە.

٣ـ لەناو شاری موسڵ خۆپیشاندانی جەماوەری بەڕێوەچوو بۆ پشتگیری شۆڕش و سەرکردەکانیان، هەروەها وتار لە لایەن سەرکردەکانی بەرەی یەکێتی نیشتمانی خوێندرایەوە.

٤ – لە شاری کەرکوک زۆربەی تورکمانەکان دوو دڵ و هەڵوێستێکی بێ دەنگیان نواند و بە ترسەوە تەمەشای ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.

٥ – لەشاری هەولێر، فەرماندەی سەربازی عەقید ڕوکن– خەلیل سەعید– هێزە سەربازیەکەی خستە حاڵەتی ئامادەباشی و پشتگیری شۆڕشی ڕاگەیاند.

٦ –حزبەکانی ناو بەرەی یەکێتی نیشتمانی پشتگیریان بۆ شۆڕش دەربڕی.

٧ –حزبی شیوعی عێراقی کە ئاگەداری ڕاپەڕینەکەبوو، پشتگیری خۆی بۆ شۆڕش و سەرکردەکانی دەربڕی.

٨ – حزبی نیشتمانی دیموکراسی کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ شۆڕش بوو، ڕۆڵیشی لە ئامادەکاری تێدا هەبووە.

٩- حزبی ئیستیقلال بەشداری شۆڕشی کرد لەسەر ئاستی کرداری و ڕاگەیاندنەوە.

١٠- پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٦ ی تەموزی ١٩٥٨ لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشەکە دەربڕی.

ب- هەڵوێستی عەرەبی و نێو دەوڵەتی لە ئاست شۆڕش:

١ -کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (میسر و سوریا) سەرەتا بە گەرمی پێشوازی لە شۆڕشی ١٤ تەموزکرد و پشتگیری خۆی دەربڕی، بەڵام دواتر هەڵوێستەکەی گۆڕا بۆ دژایەتی.

٢- یەکێتی سۆڤیەت بە گەرمی پێشوازی لە سەرکەوتنی شۆڕشەکە کرد و داواشی لە بەریتانیا کرد کە خۆی دووربخاتەوە لە کاروباری ناوخۆی عیراق.

٣ -ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، هەڵوێستەکانیان بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوو، سەرەتا نارەزایی و دژایەتی بوو، پاشان بە ڕەسمی دانیان بە کۆماری عیراق نا.

٤- دەوڵەتەکانی پەیمانی بەغداد (تورکیا، ئیران، پاکستان) هێرشی ڕاگەیاندنیان کردە سەر شۆڕشەکە، ئەوان حکومەتی یەکێتی عەرەبی (ئوردن و عیراق) بە سەرکردایەتی شا حوسەین بە دەوڵەتی دانپیانرا و زانی، بگرە تورکیا دەستی کرد بە لەشکر کۆکردنەوە لەسەر سنوورەکانی عیراق.

٤- کاریگەری شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و دەرهاوێشتەکانی: (٩)

أ- سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ زۆر لەوە کاریگەرتربوو کە تەنها گۆڕانێك بێت لە سیستەمی حکومڕانیدا، ئەو ڕاپەڕینە سەربازییە تەنها ڕژێمی پاشایەتی نەڕوخاند، یان پێگەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لە عیراق و

ڕژێمەڵاتی ناوەڕاستی لاواز نەکرد، بەڵکو کارتێکردنی قوڵی هەبووە بەسەر چارەنووس و ئایندەی چەند چینێکی کۆمەڵایەتی بە گشتی، ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییە تا ڕادەیەکی گەورە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی شێخ و سەرۆک هۆز و مولکدارە گەورەکانی زەوی ڕوخاند، پێگەی چینی کرێکاری شار و توێژی ناوەڕاستی کۆمەڵگەی بە هێز کرد، شێوازی ژیانی جوتیاری گۆڕی بە هۆی گواستنەوەی مولکیەتی زەوی زار و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ململانێیە هۆزایەتیەکان لەلایەکەوە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشە و کاروبارە کشتوکاڵیەکان لە چوارچێوەی یاسادا لە لایەکی دیکەوە.

ڕاستە شۆڕش ڕەگ و ڕیشەی زۆر قوڵ نەبووە، بەڕادەی پێویست، کە ئەوەش خەسڵەتی هەموو ئەو شۆڕشانەیە چینی ناوەڕاست ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی تێدا هەبێت هەروەها ڕاستە چەواشەکاری و ئاڵۆزی تایبەتمەندی ڕێرەوی شۆڕشەکەبوو، هەستان و دابەزینی پێوە دیاربوو، بەڵام هۆیەکانی هەموو ئەو دیاردانە بۆ ناتەبایی چینی ناوەڕاست و ململانێی و دوویەرەکی ڕیزەکانی و ناکۆکی ناوخۆیی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەگەڕێتەوە.

هۆیەکی دیکەی ئەو دیاردەیە بۆ ئەو فشارە دەگەڕێتەوە کە چینەکانی خوارەوە بەرجەستەیان دەکرد، واتە ئەو چین و توێژانەی شیوعیەکان ڕابەرایەتیان دەکرد، ئەوانی بەکاری دەستی هەڵدەستان.

ڕاستیەکی دیکەش هەیە کە بنچینەییە، ئەویش بریتییە لەوەی شۆڕش بە هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەسەڵاتی کۆن و پێکهاتەی چیناتی کۆنە پارێز، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی وردی ناو عیراقی تێکدا، ئەو هاوسەنگیەی کە لە نێوان کۆمەڵە ڕەگەزی و تائیفە جیاوازەکانی عیراقدا هەبووە، بەتایبەتیش

له نێوان عەرەب و کورد، له نێوان سوننه و شیعه، که دیاره ئەویش دەرئەنجامی ئەو نا یەکسانییە له پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵانە له بنچینەدا.

یەك له ئەنجامەکانی ئەو دیاردەیە شۆڕشی کوردبوو، که زیاتر به شێوەیەکەی توند و تیژ کۆسپەکانی بەردەم ڕژێمی نوێی گەورەتر کرد، بۆیە گومان دەکرا لەوەی که شۆڕش له ئایندەدا پەرەبسێنێت و هاوسەنگیەکی کۆمەڵایەتی پەسند و جێگیر بەدی بهێنێ.

ب- له هەموو قۆناغە مێژووییەکان، له کۆنەوە تا ئەمڕۆ، ئەو وڵاتەی پێی دەوترێت عیراق (٦٠) بەرەڕووی دیاردەی توندوتیژی خوێناوی بۆتەوە، له میانەی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی خەڵکەکەی، ئەو دیاردەیەشی بەردەوام بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، که مۆرکی کۆمەڵگەی عیراقی بووە، لەو هۆیانەش:

١- نائومێدی و نوشوستی و مەترسی بەردەوام لەسەر ژیان.

٢- چڵێسی و دزینی بەردەوامی سامانی وڵات.

٣- کودەتاسەربازی و سیاسیەکان و جەنگە ناوخۆییەکان.

٤- ئاو و هەوا و سروشتی جوگرافی و کاریگەرییان لەسەر دەرونی تاك.

٥- نەزانین و نەخوێندەواری و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و ململانێی ئاینی و تائیفی.

دیاره ئەو بارودۆخە و بەردەوامی بەسەر ژیانی خەڵکدا، چەندین دیاردەی نەگێتیفی لێ پەیدابووە، ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕەفتاری تاك و کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە هەبووە به شێوەیەکی گشتی، تا ڕادەیەکیش بووە به بەشێك له مێژوو له خەسڵەتە گشتییەکانی کۆمەڵگەی عیراقی.

ج- هەر لەیەکەم ڕۆژانی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨، ململانێ لە نێوان سەرکردەکانی شۆڕش سەری هەڵدا، بەتایبەتیش لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف، هەردوو سەرکردەی یەکەم و دووەمی شۆڕش، ئەو ململانێ و ناکۆکیانە لە نێوان ئەو دوو کەسە بووە هۆی دابەش بوونی گرۆپانی سیاسی و حزب و هێزە سیاسیەکان لەسەر ئاستی عیراق بە گشتی، ململانێکە، جیاوازی بوو لە نێوان دوو ئاراستەی سیاسی. هەر یەك لە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف لێکدانەوە و بۆچوونی تایبەتیان هەبووە، دەربارەی ئایندەی وڵات و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، هەروەها ئەو لایەنە سیاسیانەی پشتی پێیان دەبەستێت و هاوکاریان دەکات. بێگومان لێرەدا جیاوازییەکی گەورە لەڕووی هزری و سیاسی و ئاراستەی هەر یەك لەو دوو بەرپرسە و ئەوانی دیکە لە ئەفسەرانی ئازادیخواز هەبووە، کە لە ناو دەسەڵاتیان ڕۆڵیان پێدرا. (١١)

لە کاتێکدا کە عەبدولکەریم قاسم نیشتمان پەروەرێکی دڵسۆز و دەست پاك بوو، بەڵام لە ڕووی کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەسێکی بێ ئەزموون نە شارەزا بوو، عەبدولسەلام عارف کەسێکی نەتەوە پەرستی توندڕەو و ئیسلامییەکی تائیفی بوو، گرینگ بوو لای ئاواتەکانی لە یەکێتی عەرەب بە هەر نرخێك بێت بێتەدی.

دیارە ئەو جیاوازییانە لە نێوان هەر دوو سەرکردە، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە بەسەر ئەو دۆخە و بەدوایشدا بەسەر ڕووداوەکان لە عیراقدا، ئەگەرچی لێرەدا چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکیش ڕۆڵیان هەبووە.

ڕووداوەکان لە عیراق ئەوە دەسەلمێنن کە کەموکورتیەکان دەستی پێکرد بەهۆی زاڵبوونی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاکڕەوانەی چەق بەستوو لە

ئاست دیاردە و هەڵوێستەکان هەروەها ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتانەی کەوای دەکرد هەر لایەکیان لە هەوڵی ئەوە دابن خۆی سەرکردە و جڵەوی بەڕێوەبردنی بەدەستەوە بێت، لەبەر ئەوەی خۆی بە دڵسۆزتر و بە باشتر و بەتواناتر دەزانی.

دیارە لە ئەنجامی سەرکەوتنی راپەڕینە چەکدارییەکەی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، کۆمەڵە ئەفسەرێك و چەند سیاسەتمەدارێکی مەدەنی گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات، ئەوانەش لەلایەن دوو کەسەوە، یاخود بە دوو ئاراستە رێنمایی دەکران کە ئەوانیش هەردوو سەکردەی راپەڕینەکە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف بوون، ئەوانیش هۆشیاری بیرکردنەوە و تواناکانیان جیاوازی تێدا بەدی دەکرا، بەبێ ئەوەی هەر جۆرە بەرنامەیەکی کارکردنی روون و دارێژراویان هەبێت.

ئەگەر بەدواداچوون بکرێت بۆ رووداوەکان، دەردەکەوێت بە ئاشکرا کە ناکۆکیەکانی نێوان حزبە سیاسیەکان بە تایبەتی ئەوانی لەناو بەرەی یەکێتی نیشتمانی کۆببوونەوە هۆیەکی گەورە و بنچینەیی بوو بۆ ئەو بارودۆخەی کە عێراق پێی گەیشت.

هەوڵەکانی ئەو حزبە سیاسیانە لەو قۆناغەدا واقیعی و تەواو نەبوون، ئەوان نەگەیشتنە خاڵی هاوبەش و رێکەوتن، بەتایبەتی دەربارەی ئەرکەکانی ئەو قۆناغە کە عێراق پێیدا تێپەڕدەبوو، هیچ لایەکیان ئامادەنەبوو گوێبیستی لایەکەی دیکە بێت، رێگا چارە بۆ کێشەکان دابنرێت، بۆیە ناکۆکی و ململانێ جیاوازەکان رۆژ بە رۆژ رووی لە قوڵبوونەوە دەکرد، کێشە و رووداوەکان بە ئاراستەیەك دەڕۆیشتن کە توندوتیژی لێ پەیدا ببێت، هەر لایەك لە هەوڵی زیان گەیاندنی بە لایەکەی دیکەی دەدا، هەروەك هەوڵی تیرۆرکردنی سەکردەی شۆڕش درا، ئاژاوە و پەشێوی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا.

## بەندی سێیەم:

# عەبدولکەریم قاسم و شیوعیەکان. (١٢)

١ـ لەگەڵ پەرەسەندن و فراوانبوونی هێزی ئەفسەرانی ئازادیخواز لەناو سوپادا، سەرکردایەتی حزبی شیوعی لەوە تێگەیشت کە گرینگیان چەندە، ئەو حزبە لە ئەیلولی ١٩٥٦ لە دووەم کۆنگرەی خۆی جەختی لەسەر ڕۆڵی هێزە چەکدارەکان کرد لە شۆڕشی نیشتمانی.

لە ڕاستیدا حزبی شیوعی هەر لەسەرتای دامەزراندنیەوە کاری ڕێکخراوەیی لەناو سوپادا بە گرینگ زانیوە، ئەو لەسەرەتای (١٩٥٥) وە ڕێکخراوێکی سەربازی پێکهێنابوو لە ژێر ناوی (یەکێتی سەرباز و ئەفسەران) چەند کەسانێکی ئەو ڕێکخراوەش پەیوەندیان لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم قاسم هەبووە.

گومانی تێدا نییە کە زاراوەی ـ زەعیمی بێ هاوتا ـ بە یەکەم جارلە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ بەکارهاتووە لەلایەن ئەفسەرێکی بچووک لەوانەی نزیک بوون لە عەبدولکەریم قاسم، بەڵام شیوعیەکان مانا سیاسیەکەیان بەو زاراوەیە بەخشی و لە سنورێکی فراواندا بڵاویان کردەوە.

سیستمی کۆماری لەسەرتای دامەزراندنیەوە لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، مۆرکێکی نادیاری ئاڵۆزی هەڵگرتبوو، ئەو حاڵەتەش هۆیەکی بۆ ڕکابەری و ململانێی نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف دەگەڕێتەوە، هەروەها پەیدابوونی ناکۆکیەکان لە نێوان ئەفسەرانی ئازادیخواز، ئەویش بەهۆی سروشتە تێکەڵیە دوو ڕەگیەکەی ناو هێزە بەشداربووەکانی شۆڕش.

ناکۆکیەکان دەربارەی ئەوەی عیراق ببێتە بەشێك لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەشێوەیەکی تایبەت، دابەشبوونێکی توندی خولقاند لە نێوان هێزە سیاسیەکانی بەشداربووی دەسەڵات.

حزبی بەعس کە هاوپەیمانی عەبدولسەلام عارف بوو پرۆژەی یەکگرتنی کۆماری عەرەبی خستەڕوو، لە کاتێکدا عەبدولکەریم قاسم پاڵپشتی بەرەی (هەرێم خوازانی) دەکرد لەگەڵ حزبی شیوعی عیراقی.

حزبی شیوعی هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەی - یەکێتیەکی فیدراڵی لەگەڵ کۆماری یەکگرتوو خستەڕوو، ئەو حزبە دژی بیرۆکەی یەکگرتنی تەواو و یەکسەر بوو، ئەو داوای کرد شێوازە دیموکراسیە بنچینەییەکان پەیڕەوبکرێت بەبێ هیچ جۆرە فشار و دەست تێوەردانێك.

بەم شێوەیە، بەهۆی ئەو ململانێ و کێشانە، ئاراستەی عەرەبچێتی تووشی شکست هات، ئەگەر چی ئەو شکستە یەکلاکەرەوە نەبوو، کۆتایش بە ململانێ نەهات دوای دوورخستنەوەی عەبدولسەلام عارف و دادگایی کردنی، هەروەها بە قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی حزبی بەعس لەدەرچوون و دەس لە کار کێشانەوەی وەزیرە عەرەبەکان لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و پاشانیش سەرنەکەوتنی هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم و نوشوست هێنانی یاخی بوونە سەربازییەکەی شاری موسڵ لە ئازاری ١٩٥٩، بەم جۆرەش دەسەڵات وردە وردە لەدەستی عەبدولکەریم قاسم خزیەوە.

لەسەر ئاستی جەماوەریش، شیوعیەکان کۆسپەکانی بەردەم خۆیان یەك دوای یەك دەڕوخاند و ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوون.

لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە ئەیلولی ١٩٥٨دا ئەو حزبە بڕیاری لەسەر جۆری ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسمدا، کۆمیتەی

ناوەندی حزبی شیوعی بیروبۆچوونی دەربارەی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بەم جۆرە خستەڕوو: (ڕژێمێکی بۆرژوازی نیشتمانی شۆڕشگێڕە، نوێنەرایەتی هەموو هێزە نیشتمانیەکان ناکات، بەڵکو چەند توێژێکی وەك بۆرژوازی بچووك و ناوەند و گەورە، لەو هەل و مەرجەدا ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییەکان هەڵدەقوڵێت، ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی تەیارکردن و ئامادەکردنی جەماوەر ئەو ململانێ و ناکۆکیانە لاواز بکەین و بگرە لەناویشی بەرین).

دیارە ئەو لێکدانەوەیە، ئەوە دەگەیێنێ کە حزبی شیوعی خواستی بەشداربوونی دەسەڵاتی هەبووە، ئەو خواستەش بە ئاشکرا ڕاگەیندرا و لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانیش حزبی شیوعی ئەو دروشمانە بەرز دەکردەوە.

هەروەك کاردانەوەیەك بەرامبەر یاخیبوونە سەربازیەکەی موسڵ بەسەرکردایەتی عەقید عەبدولوەهاب شەواف، سەرۆکی حکومەت عەبدولکەریم قاسم ڕێگای بە شیوعیەکاندا لە ڕێگەی هێزی مقاوەمەی شەعبی دەست بەسەر شەقام و شارەکاندا بگرن، لە ٩ـ ئازاری ١٩٥٩، چەندین ناوچەی موسڵ لە ژێر دەسەڵاتی شیوعیەکاندا بوو، لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی زیندانی کراون، یاخود کوژراون ئەگەرچی دەربارەی ژمارەکانیان جیاوازی لە زانیاریەکان هەیە، لە هەمان کاتدا لەناو سوپا و دام و دەزگاکانی حکومەت هەڵمەتێکی پاکتاوکردن دەستی پێکرد کە بۆ بەرژەوەندی شیوعیەکان دەشکایەوە، حزبی شیوعی لەناو هێزە چەکدارەکان تا دەهات پێگەی بەهێزتردەبوو، هەندێ سەرچاوە

ژمارەی ئەندامانی حزبی شیوعیان لەناو ئەو هێزانە بە (٢٠) هەزار کەس مەزەندە کردووە.

ڕۆژنامەی ئیتحادولشەعب ڕۆژانە نزیکەی بیست هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا و بڵاو دەکرایەوە، ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی لەناو شارەکان ڕوویان لەگەشەکردنێکی گەورەبوو، لە یەکی ئایاری ١٩٥٩ حزبی شیوعی خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورەی ڕێکخست لەناو شاری بەغداد، بەشداربووانی بە (٣٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرا، هاواریان دەکرد - بژی بەعیم عەبدولکەریم - و حزبی شیوعی لەدەسەڵات داخوازی گەورەمانە.

بەڵام عەبدولکەریم دژی ئەو داخوازییەبوو لە بەشداری کردنی شیوعیەکان لە حکومەت، هەروەها دژی ژیانی حزبایەتیش بوو، بۆیە شیوعیەکان لە ئاست داخوازیەکەیان کە چەند جارێکیش دووبارە دەکرایەوە و نەهاتەدی، بێ دەنگیان هەڵبژارد.

٢- کار و چالاکیە ڕێکخراوەییەکانی حزبی شیوعی عیراقی: (١٣)

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، سەرکردلیەتی حزبی شیوعی عیراقی خۆی ئامادە دەکرد بۆ دانانی بەرنامە و پلان بەمەبەستی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان لەدام و دەزگاکانی ناو دەوڵەت لەسەر هەردوو ئاستی مەدەنی و سەربازی، بەڵام بە گرینگیدانی تایبەت بە بوارەکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە و ئێزگە و تەلەفزیۆن)، هەروەها لەبواری کار و چالاکیە جەماوەریەکان.

لەو ماوەیەدا حزب چەندین ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی و سەربازی پێکهێنا، کە دەکرێ بەسەر دوو گروپ دابەشی بکەین:

أ- گروپی یەکەمیان: ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی بوون، ڕاستەوخۆ حزب سەرپەرشتی و ئاراستەی دەکردن، وەک:

١- ئەنجومەنی جێبەجێکردن بۆ سەندیکای کرێکاران بەسەرۆکایەتی عەلی شوکر.

٢- یەکێتی کۆمەڵەی جوتیاران بە سەرۆکایەتی عەراك ئەلزکم.

٣- یەکێتی قوتابیانی گشتی.

٤- یەکێتی لاوانی دیموکرات.

٥- یەکێتی ژنانی عیراقی.

ب_ بەشی دووەمی ئەو ڕێکخراوانە بەسترابوونەوە بە دەزگاکانی وڵات، ئەگەرچی کادیر و ئەندامانی حزبی شیوعی عیراقی بەڕێوەیان دەبردن، لەوانە:

١- هێزەکانی بەرگری میللی (مقاوەمەی شەعبی).

٢- لیژنەکانی پاراستنی کۆماری لەناو دام و دەزگاکانی حکومەت.

٣- پشتیوانانی ئاشتی (ئەنسار ولسەلام)

٤- دادگای سەربازی باڵای تایبەت.

هەموو ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانە بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حزبی شیوعی عیراقی کاریان دەکرد.

چالاکیەکانی حزبی شیوعی لە عێراق گەیشتە لوتکە بەهۆی خۆپیشاندان و ئاهەنگ گێڕانی جەماوەری و سوود وەرگرتن لە بۆنەکان، شەقام و بازاڕەکانی ناو شارەکانی گرتبووەوە، سەرکردە و کادیرانی حزبی شیوعی ڕابەرایەتی و بەڕێوەیان دەبرد.

حزبی شیوعی لەو ماوە کورتەدا توانی پێگەی خۆی لەناو دامەزراوە مەدەنیەکانی دەوڵەت و لەناو سوپای عیراق بەهێز بکات، هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەریان دەگێڕا لە هەڵمەتی پاکسازی لەناو فەرمانبەرانی حکومەت ئەویش لەڕێگای لیژنەکانی پاراستنی کۆماری، کە کارمکانی دەستێومردانی زۆریش هەبووە بۆ ناو کارە کارگێڕییەکانی ئەو دامەزراوانە و ناڕەزایی زۆریشی لێ دروست دەبوو.

ئەو چالاکیانە، سەرەڕای شەپۆلێکی بەردەوام لە بەستنی کۆڕوکۆبوونەوە و ئاهەنگ گێڕانی جەماوەری لەسەرانسەری عیراق، لوتکەی ئەو ئاهەنگانەش، ئاهەنگی پشتیوانی ئاشتی (ئەنسارولسەلام) بوو لە شاری موسڵ، کە هۆیەکی ڕاستەوخۆبوو بۆ پاخیبوونە سەربازییەکەی (٦ی ئازاری ١٩٥٩) بەسەرکردایەتی عەقید عەبدولوەهاب شەواف.

لە (٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٩) حزبی شیوعی عیراقی بڕیاری پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی نوێیدا، ئەو بەرەیە پێکهاتبوو لە: حزبی شیوعی عیراقی، - باڵی چەپی حزبی نیشتمانی دیموکراسی، پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەرچی ئەو بەرەیە هەر بەلاوازی مایەوە و هیچ ڕۆڵێکی کارای نەبووە لەسەر ڕووداوەکان.

# پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١ـ العراق في عهد قاسم –أوروويل دان ـ ترجمة جرجيس فتح الله ـ دار ئاراس ، ط١ــ ٢٠١٢ـ ص ١٣

٢ـ تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري الجزء الاول نوري عبدالجيد العاني، علاء جاسم ـ ط٢ـ ٢٠٠٥، بغداد ـ ص١٩

*ئيشهاتة سياسيةكاني كوردستاني عيراق (١٩٤٥–١٩٥٨) مقهدي محمد قادر، سليماني ـ ٢٠٠٥، ل ٣٢٩

٣ـ شمال العراق (١٩٧٥–١٩٥٨) عمار علي السمر- المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات. ط١ـ٢٠١٢ ـ بيروت. ص١٣٥

٤ـ تأريخ حزب الاستقلال (١٩٤٦–١٩٥٨) د. عبدالامير الهادي. ط٢ــ ١٩٦٨ــ بغداد ـ ص٣٢٣

*العراق الكتاب الثالث– حنا بطاطو- ترجمة عفيف الرزاز- ط١ـ٢٠٠٦ـ بيروت ـ ص٧١

*الجبهة الوطنية في العراق عبدالرزاق الحسيني ١٩٧١ـ بغداد ـ ص٤٤

٥– الاحزاب السياسية في العراق ـ د. عبدالرزاق ملك الفهد ـ شركة المطبوعات للتوزيع و النشر- بيروتـط١ـ ٢٠١١، ص٣٢٩

٦ـ* العراق ـ الكتاب الثالث ـ حنابطاطو- سەرچاوەي پيشوو. ص٧٢

*التطورات السياسية الداخلية في العراق (١٤ تموز ١٩٥٨ ـ٨ شباط ١٩٦٣) عبدالفتاح علي البوتاني، ط١ـ ٢٠٠٧ـ ص٤١

٧ـ الحياة الحزبية في العراق (١٩٥٨ـ١٩٦٨) قابل محسن الطائي رسالة دكتورلـ جامعة سانت كليمنتس ـ ٢٠١١ـ ص٩٢

٨ـ شمال العراق (١٩٧٥–١٩٥٨) سەرچاوەي پيشوو. ص١٥٣

٩ـ العراق ـ حنابطاطو- سەرچاوەي پيشوو. ص٧٦

١٠ـ تأريخ العنف الدموي في العراق باقر ياسين. ط٢ـ٢٠١٤ دمشق. ص٣٤٣

هەواڵنامەی کتێب

١١ـ لمحات من عراق القرن العشرين ـ العهد الجمهوري. كاظم حبيب الكتاب السادس دار ئاراس أربيل ط١ـ٢٠١٣، ص٨١

١٢ – المجتمع العراقي ـ حفريات سيوسيولوجية ـ مجموعة مؤلفين ـ معهد الدراسات الاستراتيجية في العراق.ط١ـ٢٠٠٦. بغداد.ص٧٧.

• موقف الحزب الشيوعي العراقي من حكومة عبدالكريم قاسم (١٩٥٨–١٩٦٣) قابل حسن كاظم بحث ـ مجلة واسط للعلوم الانسانية ـ العدد ـ٢٣.

١٣ـ • صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق ـ صلاح الخرسان ـ ط١ـ١٩٩٣، دار الفرات ـ ص ٨٧

• تأريخ العراق ـ الحديث والمعاصر ـ د. محمد سهيل طقوش ط١ـ٢٠١٥، بيروت ـ ص٢٨٠

هەولێنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## ڕووداوەکانی شاری کەرکوک ١٩٥٩
## هۆکارەکان ـ دەرهاویشتەکان

هەواڵنامەی کتێب

## بەندی یەکەم:

# بارودۆخی کەرکوک

# لەسەروبەندی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩:

١ـ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، گۆڕانێک عیراقی بەگشتی گرتەوە، دیارە شاری کەرکوکیش زیاتر ئەو گۆڕانەی پێوە دیاربووە، دەرگای کارکردن، خوێندن، کاری سیاسی بە فراوانی لەبەردەم کورد کراوە بوو، کاری سیاسیش بۆ هەر ڕێکخراوێک ڕووی لەگەرم بوون بوو، خەڵکێکی زۆر لە دێهاتەوە ڕوویان لەشار دەکرد بە مەبەستی کارکردن.

لە ژینگەیەکی فرە پێکهاتە و هەل و مەرجێکی بەو جۆرە، ڕکابەری و ململانێ دیاردەی باو دەبن، دیارە ئەو حاڵەتەش لەلایەن ناحەزانی کوردەوە قبوڵ نەدەکرا، ئەوان ڕاهاتبوون لەسەر کارکردن بەهەمان شێوازی کۆن، ئەوەیان لا گرینگ نەبوو کە گۆڕان بەسەر بارودۆخەکەدا هاتووە، بۆیە کوردیش بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناحەزانیان ڕازی نەدەبوون.

بێگومان لە پاڵ کورد و تورکمان خەڵکێک، یاخود لایەنێکی دیکە هەبووە کە لە هەوڵی تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان بێت، ڕێگر بێت لە هەر حاڵەتێکی ئەرێنی و دروستبوونی پەیوەندییەکانی ڕێزگرتن و دۆستایەتی.

توێژەران تا ڕادەیەکی گەورە لەسەر ئەوە کۆکن کە شاری کەرکوک بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی (١٩٢١_١٩٥٨) بەرەوڕووی هیچ

جۆرە ڕووداوێکی سیاسی یان ململانێیەکی نەتەوەیی لە نێوان کورد و تورکمان نەبۆتەوە.

شێخ محەمەد شاکەلی نووسیویەتی: (١)

لە کۆتایی پەنجاکان (سەدەی بیستەم) بە مەبەستی خوێندنی ئامادەیی ڕووم لە شاری کەرکوك کرد، لە ئامادەیی موسەڵا نزیکەی بیست خوێندکار دەبووین، (٨)ی کورد و (٧) تورکمان و (٥) ی عەرەب، پەیوەندییەکی خۆش لە نێوانماندا هەبووە، زۆربەی خوێندکارەکان لە نێوان خۆیاندا بە هەردوو زمانی کوردی و تورکمانی لەگەڵ یەك قسەمان دەکرد، بەڵام لەگەڵ خوێندکارانی عەرەب بە زمانی خۆیان قسەمان دەکرد، لەدەرەوەی قوتابخانەش هەرگیز هەستم بە بوونی کێشەیەکی نەتەوەیی یاخود تائیفی و ڕێبازی سیاسی نەکردووە.

زۆرێك لە نووسەر و توێژەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پەیوەندی نێوان تورکمان و کورد لە شاری کەرکوك ئاسایی بووە تا ڕادەیەکی گەورە لەسەردەمەکانی پێش شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، هیچ جۆرە ڕق و قینێك لە کار و ژیانی ڕۆژانە نەکەوتۆتە نێوانیان، ڕووداوێك مۆرکێکی سیاسی هەڵگرتبێت یان ڕکابەرییەکی نەتەوەیی لە نێوان هەردوو نەتەوەکە لەو ماوەیە ڕووینەداوە، بەڵکو پەیوەندی نێوانیان ئاسایی و بەهێز بووە، خزمایەتی و ژن خواستن لە حاڵەتێکی ئاسایی بووە. (٢)

هەروەها زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەهۆی کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار بەمەبەستی کارکردن، هیچی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو نەتەوە نەگۆڕیوە، بەڵام شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و ئەو

بارودۆخە نوێیەی هاتە پێشەوە، حاڵەتێکی کتوپڕی چاوەڕوان نەکراو وو بۆ تورکمان، ئامادە نەبوون قبوڵی دەرهاویشتەکانی بکەن.

دەبینین هەڵوێستی خانەوادە و بنەماڵە دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوەکانی تورکمان، لە ئاست سیاسەتی ئەو سەردەمەی حکومەتی شۆڕش و هەندێ کار بەدەست و بەشێك لە حزبەکان، کە پێی ڕازی نەبوون و هەوڵیانداوە دژیشی بوەستن.

لە کەرکوك حزبی شیوعی پێگەی هەبووە،بنکە و ڕێکخراوەکانی لە چالاکیدا بوون، لە ساڵی ١٩٤٦ بەشداریییەکی کارای لە ڕووداوەکانی کاوربــاغی هەبووە، ئەو حزبە هەوڵێکی زۆری دابوو کە لەناو تورکمان ڕێکخشتنەکانی پەرەپێ بدات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بەهائەدین نوری لە یاداشتەکانی خۆی لەسەر ئەم بابەتە نووسیویەتی: لەکەرکوك ماوەیەك مامەوە بۆ کاری حزبی ساڵی ١٩٤٩، دەبێ دان بەوەدا بنێین لەو چەند مانگەی لە کەرکوك بووم، لەو شارە گەورەیە پەکمان کەوت لەوەی کە بتوانین ڕێکخستنێکی نوێی حزبی دروست بکەین، یان پەیوەندی بەهێز لەگەڵ کرێکاران و توێژە جەماوەریەکان دروست بکەین، ئێمە لە هەل و مەرجێکی زۆر ئاڵۆز و سەختدا دەژیاین، لە ڕووی جەماوەرییەو دابڕابووین، ئەو ژمارە کەمەی لە دۆست و لایەنگر لە شارەکە،هەمان بوو تەنها لە کوردەکان بوون، یاخود کەمایەتیەکانی دیکە بوون، جەماوەری تورکمان بۆ ئێمە ناوچەیەکی داخراو و قەدەغەکراو بوو، ئەو حاڵەتەش بە پێچەوانەی شاری بەغداد و شارەکانی دیکەی عیراق بوو.

هەر لەم بارەوە (مارف خەزنەدار) لە نووسینەکەی (ڕۆژگاری من دروست بوون) لە بەرگی دووەمیدا نووسیویەتی: حزبی شیوعی بە پێی بەرنامەکەی

هەوڵیدا بایەخ بە تورکمان بدات و بۆ لای خۆی ڕایان بکێشێت لەناو شاری کەرکوک، بەڵام هەوڵەکان بێ سود بوون و لە ئاستی پێویست نەبوون. (٣)

٢- تیپی دووی سوپای عیراق لە کەرکوک، ڕۆڵی لە ڕووداوەکان:

تیپی دووی سوپای عیراق ئەو هێزە سەربازیەیە کە هەموو ناوچەکانی باکوری کوردستان لە ژێر دەسەڵات بووە، بە شارەکانی موسڵ، کەرکوك، هەولێر، سلێمانی، ئەو هێزە لە بارێکی سەربازی و زەبت و ڕەتپت خراپدا بووە، ئەویش بەهۆی ململانێی نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف لەلایەکەوە، هەروەها بەهۆی ململانێی حزبە سیاسیەکان و دەستێوەردانیان لە کاری سوپا.

عەقید ڕوکن سەبیع عەلی غالب، کە ماوەیەك فەرماندەی تیپی دووی سوپای عیراق بووە لە کەرکوك پێش هاتنی زەعم ڕوکن ناژم تەبەقچەلی، دەربارەی بارودۆخی شارەکە، نووسیویەتی: کوردەکان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەردەکەوتن، لە کاتێکدا تورکمانەکان لە ڕووی کاری سیاسیەوە لاواز و کەمتر ڕێك و پێکیان پێوە دیار بوو، کەسایەتیەکانیان،لە لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی بوون، هیچ کەسێکیان ئەو ئازایەتیەی نەبووە پاڵپشتی شۆڕشی ١٤ تەموز بکات، بۆیە تاوانبارکرابوون بە لایەنگرانی پەیمانی بەغداد و تۆرانچێتی. (٤)

لە ٤ کانونی یەکەمی ١٩٥٨ هەر یەك لە پارێزەر- موکرەم تالەبانی و عەقیدی خانەنشین مەحمود تەها، وەك نوێنەری کورد سەردانی بارەگای تیپی دوویان کرد، ئاگاداری فەرماندەی تیپیان کردەوە کە تورکمانەکان نیازیان هەیە بە خۆپیشاندانێکی چەکداری هەستن، ئەو کارەش تێکدانی دۆخەکە و کردەوەی توندوتیژی چەکداری لێ پەیدا دەبێت، دوای دوو ڕۆژ

هەواڵنامەی کتێب

لە ٦ کانوونی یەکەم، پارێزەر عومەر مستەفا گەیشتە بارەگای تیپ و هەمان هەواڵی گەیاندە فەرماندە، لە ڕێی خۆیەوە نازم تەبەقچەلی هەواڵەکەی گەیاندە دەزگای هەواڵگری سەربازی لە بەغداد، ئەوەشی خستە سەری کە لایەنی کوردی دەیانەوێت دۆخێکی پڕ ئاژاوەی خراپ لە کەرکوک بخولقێنن بە مەبەستی ترساندنی تورکمانەکان، هەر لە درێژەی هەواڵەکەی فەرماندە تیپی دوو، هاتبوو: پارێزەر محەمەد حاجی عیزەت کە تورکمانە، سەردانی کردەوە و داوای کردووە ڕێگا بدرێت بە کۆمەڵە لاوێکی تورکمانی کەرکوک کە -تاجە گوڵینە- بخەنە سەر گۆڕی خوالێخۆشبوو- هیدایەت ئەرسەلان، ناوبراو لەکاتی سەردانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بۆ کەرکوک کۆچی دوایی کردووە، ئەو دەنگوباسانەی ناو شاری کەرکوک گەیشتونەتە سلێمانیش.

تەبەقچەلی باسی ئەوەشی کردووە کە جەلال تاڵەبانی ئاگاداری متەسەریفی لیوای کەرکوکی کردۆتەوە دەربارەی هەمان ئەو هەواڵانە بە بیانووی بوونی مەترسی لەسەر دۆخی شارەکە، لە کاتێکدا ڕاستیەکان ئەوە دەسەلمێن کە هیچ هەوڵێك نییە لەلایەن خەڵکی کەرکوک بۆ تێکدانی دۆخەکە.

تەبەقچەلی کردووە کە بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەرگری جێبەجێ بکرێ کە لە ڕۆژی ٥- تشرینی دووەمی ١٩٥٨ بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها پێش نیازی ئەوەشی کردووە کە هەڵپەساردنی ژیانی حزبایەتی بکرێت.

ڕۆژی ٧- کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ کاتێ زەعیم نازم تەبەقچەلی لەسەر داوای کردووە عەبدولکەریم قاسم گەیشتە بەغداد، لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم و بە ئامادەبوونی ژمارەیەك ئەفسەری باڵا،گوێ بیستی تۆمارکراوێك بوو، دەربارەی هەوڵەکەی ڕەشید عالی گەیلانی بۆ کودەتا

بەسەر حکومەتەکەی عەبدولکەریم، لەو تۆمارکراوە ناوی نازم تەبەقچەلی هاتبوو، وەك بەشداربوویەك لەو کارە.

تەبەقچەلی لە سەردانێکی دیکەی بۆ بەغدا لە (٢٦- کانونی یەکەمی- ١٩٥٨) بینی کۆمەڵێك راپۆرت دەربارەی هەڵسوکەوتەکانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعیەکان نووسراوە و گەیشتۆتە عەبدولکەریم قاسم و چەند باسێکی پەیوەنداری دیکە لە بەغدا لەو راپۆرتانە هاتبوو کە نازم تەبەقچەلی هێرشی توندی کردۆتە سەر عەبدولکەریم و بەکەسێکی نەزانی داناوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، هەروەها قسە و تانەی لە مەلا مستەفا بارزانی داوە و باسی لە هەڵسوکەوتی باشی دەسەڵاتدارانی سەردەمی پاشایەتی کردووە، گوتوویەتی ئەو بارودۆخە لە ماوەی چەند مانگێکی دیکە دەگۆڕێت و بەو شێوەیە نامێنێت، تەبەقچەلی لەگەڵ ئەفسەرانی دیکەی عەرەبە نەتەوەخوازەکان کار بۆ کودەتایەکی سەربازی دەکەن لە عێراق.

دواتر، داوا لە نازم تەبەقچەلی کرا، کە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵام ناوبراو بەو داوایە رازی نەبووە و سوور بووە لەسەر مانەوەی لە کەرکوك وەك فەرماندەی تیپی دوو، پاشان بە بڕیارێکی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان -عەبدولکەریم قاسم-، نازم تەبەقچەلی بۆ بەغداد دەگوازرێتەوە و لە شوێنی ئەو زەعیم ڕوکن- داود ئەلجەنابی- لە ٧- ئازاری- ١٩٥٩ بە فەرماندەی تیپی دوو دەست بەکاردەبێ.

هەر لەو ماوەیەی کە نازم تەبەقچەلی لە کەرکوك فەرماندەی تیپی دوو دەبێت، لیژنەیەکەی پێکهێناوە لە ژێر ناوی - لیژنەی هاوکاری- کە لە (٨) کەسی کورد و تورکمانی شاری کەرکوك پێکهاتبوو، ئەرکی ئەو لیژنەیە

چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدواداچوون بوو بۆ ڕووداوەکان، ئەندامانی لیژنەکەش بریتی بوون لە: (٥)

١ – موکەرەم تاڵەبانی – پارێزەر – کورد.

٢ – حوسێن بەرزنجی – پارێزەر – کورد.

٣ – عومەر مستەفا – پارێزەر – کورد.

٤ – عەبدولقادر بەرزنجی – عەمیدی خانەنشین – کورد.

٥ – محەمەد حاجی عیزەت – پارێزەر – تورکمان.

٦ – تەحسین ڕەئفەت – پارێزەر – تورکمان،

٧ – عەتا خەیروڵ – ڕائید خانەنشین – تورکمان.

٨ – مەجید حەسەن – خاوەن دەرمانخانە – تورکمان.

ئەو لیژنەیە لە سەرەتایی مانگی تشرینی یەکەمی – ١٩٥٨ پێکهاتبوو، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاسایی کردنەوەی دۆخەکەی دەدا، چەند بەیاننامەیەکیشی دەرکردووە.

فەرماندەی نوێی تیپی دوو – داود ئەلجەنابی – نزیکی سێ مانگ لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا دەرفەتی خۆشکرد بۆ حزبی شیوعی کە ڕێکخستنەکانی گەشە بکات لە کەرکوک، هەروەها چەند بڕیارێکی دەرکرد وەك دوور خستنەوە و گواستنەوەی ژمارەیەك ئەفسەر (کە هەموویان سەر بە ڕەوتی نەتەوە خوازی عەرەب بوون)، سەرەڕای بەندکردنی ژمارەیەك لە کەسایەتی و سەرۆك عەشیرەتی کورد لە ناوچەکە کە بوو بە هۆی ناڕەزایی مەلا مستەفای بارزانی.

عەمیدی خانەنشین – کاکی محەمەد نەبەوی – لە کتێبەکەی خۆی، باس لە هەڵسوکەوتەکانی – داود ئەلجەنابی – دەکات و دەڵێت: ناوبراو زیاتر بووە

هۆی تێکدان و وروژاندنی دۆخەکە، کە پاش ڕووداوەکانی یاخیبوونەکەی عەبدولوەهاب شەواف دروست بوو، ئەویش بە هۆی بڕیارە خراپەکانی.

دوای گواستنەوەی داود ئەلجەنابی، لە جێگەی ئەو، فەرماندەی لیوای سێ – زەعیم مەحمود عەبدولرەزاق – کرا بە جێگری فەرماندەی تیپی دوو، بەڵام ئەو ماوە کەمەی بەردەمی کە ڕووداوەکانی ١٤ تەموزی (١٩٥٩)ی بە دوادا هات، ئەو بارەی کە تەبەقچەلی و ئەلجەنابی تێکیاندابوو، دەرفەتی فەرماندەی نوێی نەدا کە چارەسەری ئەو دۆخە و کێشەکان بکات.(٦)

٣– لە ڕۆژی ٢٦– کانوونی یەکەم– ١٩٥٨ چەند کەسێك لە کەرکوکەوە گەیشتنە بەغداد، ئەوان چاویان بە سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم کەوت، کەسی دەم سپی ئەوان – سدیق ئەحمەد– ناوێك بوو، پیشەی مفەوەزی پۆلیس دارستانەکانی لیوای کەرکوك بوو، ڕاپۆرتێکیان خستە بەردەم سەرۆك وەزیران تێیدا باسی ئەوە هاتبوو کە تورکمانەکان لە کەرکوك خەریکی کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنین، ئەو چەکانەش لە گوندەکان و لەناو ماڵی چەند کەسانێکی شاری کەرکوك دەشاردرێنەوە، ئەوان لیستێکیان بەناوی (٢٧) کەس لە تورکمانەکانی کەرکوك پێ بوو، کە دیارە بەو کارە هەستاون، لەو چاوپێکەوتنەی نێوان عەبدولکەریم و خەڵکی کەرکوك وەزیری ناوخۆش ئامادەبوو، دوای ڕۆیشتنی وەفدەکەی کەرکوك، سەرۆك وەزیران پرسیاری ئاراستەی وەزیر کرد، کە چۆن کاری لەو جۆرە دەکرێت، وەزیر وەڵامیدا بە پێچەوانە، ئەوانەی هاتبوون تاوانبار دەکات و بە تێکدەر ناویان دەهێنێ.

بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە بڕیار دەدەن ماڵی سێ کەس لەوانی ناویان هاتووە بپشکنن، هەر بۆ ئەو کارە لیژنەیەك لە وەزارەتی بەرگرییەوە بە

هەواڵنامەی کتێب

فرۆکە دەگاتە کەرکوك، لەوێ بە هاوکاری هێزەکانی بەرگری میللی و پۆلیس، ماڵی هەریەك لە : ئیبراهیم نەفتچی، عەتا خەیروڵا، شلیمون خۆشابا (عەقیدی خانەنشین) دەپشکنن، بەڵام هیچ شتێکی لێ دەرناکەوێت.
لە ئاست ئەو باروودۆخە و هەموو ئەو دەنگ و باسانەی لە کەرکوکەوە دەگەنە بەغداد، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ناردنی – فوئاد عارف – وەزیری ناوخۆ بۆ شارەکانی کوردستان بە مەبەستی هێورکردنەوەی دۆخەکە و تێگەیشتن لە ڕاستییەکان.
فوئاد عارف دوای گەڕان و سەردان و چاوپێکەوتنی چڕ لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد و بە ڕاپۆرتێك کارەکانی خۆی و بیروڕاکانی دەربارەی باروودۆخەکە دەخاتەڕوو، ڕاپۆرتەکەش بۆ سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم، ڕەوانە دەکات.
فوئاد عارف لە ڕاپۆرتەکەی ئەو باروودۆخە نا ئاساییە و گرژی و هەڵچوونانەی ناوچەکە بۆ لاوازی یاسا و پەرش و بڵاوی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەستتێوەردانی حزبەکان لە کاروبارەکاندا دەگەڕێنێتەوە، بە تایبەتیش هەردوو حزبی، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عیراقی، هەروەها ڕەخنەش لە بڕیارەکانی فەرماندەی تیپی دووی سوپای عیراق – داود ئەلجەنابی – دەگرێت.
ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، فوئاد عارف وەك خۆی دەیگێڕێتەوەو سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم بە ساردییەوە پێشوازی لێکردووە و بایەخی بە بیروڕاکانی نەداوە.(٧)
لێرەدا بۆ تێگەیشتنی وردتری باروودۆخەکە، سەرنج و بیروڕای دوو لایەنی جیاواز وەردەگرین:

أ– لەسەر زمانی مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی، دەگێڕێتەوە:(٨)

لە تەموزی ١٩٥٩ کە بە کەرکوکدا دەگەڕام، دەبینم هەندێ لات و لووتی کورد و تورکمان خۆیان گیف ئەکەن و خەنجەر و شمشێر تیژ ئەکەن و لەیەکتری ئەدوێن. ڕۆژی (١١ تەموز) مەلا جەمیل دەچێتە لای وەکیلی قائیدی فیرقە (مەحمود عەبدولڕەزاق) پێی ئەڵێت: من بارودۆخی ئێرەم بە دڵ نییە، وا دیارە لەم جەژنەدا هەرایی ڕوو دەدات دژی کورد و تورکمان، تەنها بۆ ئەوەی بکرێن بە دوژمنی یەك، هەندێ لات و لوت چەقۆ لەیەك ئەسون، تەنانەت لە جادەی ئەوقاف دوکانێکی ڕۆژنامە و کتێب فرۆش هەیە ئاگر خۆش ئەکات، سیخوڕەکانی شەریکەی نەوتیش خۆیان داوەتە پاڵ سوورەکان ئەوانیش خەریکی هەڵپەن.

قائیدی فیرقە پێی ئەڵێت: تکا ئەکەم برۆ ئەم قسانە بە وەکیلی موتەسەریف بڵێ، ئینجا مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی ئەچێتە لای وەکیلی موتەسەریف، قسەکانی بۆ ئەگێڕێتەوە موتەسەریف داوای مدیری پۆلیس و ئەمن دەکات و پێیان دەڵێت، مەلا جەمیل ترسی هەیە لە جەژنی ١٤ تەموز هەرایەك بقەومێ لەبەر ئەوە داوای لە من و وەکیلی قائید کردووە ئاگەداری ئەو مەترسیە بین.

ب– هەر لەم بارەوە بەڕێوەبەرایەتی (ئەمنی عامە) لە بەغداد، ئەندامێکی خۆی، ئەفسەری پشکنینی بەشی تاوان– محەمەد عەزیز– ڕەوانەی شاری کەرکوك دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بارودۆخی شارەکە، ناوبراو دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد، ڕاپۆرتێکی ئامادەکردوو تێیدا هاتبوو: (٩)

هەندێ پڕوپاگەندەی ئیستعماری لە کەرکوک بڵاویۆتەوە، کە دەبێتە هاندەر بۆ خولقاندنی ڕق و دوژمنایەتی و ناکۆکی لە نێوان ڕۆڵەکانی شارەکە، ئەو لایەنانەی ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە، ئەمانەن.
دامەزراوەکانی هەردوو حکومەتی ئینگلیز و ئەمەریکا، بە تایبەتیش قونسولخانەی بەریتانیا لە شارەکە کە بووە بە بنکەی سیخوڕی، هەروەها کۆمپانیای نەوتی کەرکوک.لایەنێکی سێیەمیش کە سەرچاوەی پڕوپاگەندەی دوژمنکارانەن، ئەوانە شیوعییەکانن هەوڵی خولقاندنی دوویەرەکی دەدەن، پڕوپاگەندەکانی ئەوان شێوەیەکی نوێ لە خۆ دەگرێ سەرەڕای پشتگیریان بۆ حکومەتی شۆڕش، پڕوپاگەندەی شیوعیەکان، حزبی بەعسی تاوانبار دەکات بەوەی دژی کوردن و بە چاوی سووک تەمەشای کورد دەکەن و عەرەب لەوان بە چاکتر دەزانن.
هەروەها لە ڕاپۆرتەکە هاتبوو، کە باوەڕ وایە – عەبدولهادی عەبدولحوسەین چەلەبی– پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە هەیە لە تاران، دوور نیە خەڵکی بە کرێ گیراو ڕەوانەی ناوچەکە بکات.
سەرەڕای ئەو زانیاریانە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ناکۆکیەکانی نێوان کورد و تورکمان دەکات، تورکمانیش تاوانبار دەکات کە خۆشەویستیان بۆ کۆماری تورکیایە.
٤– أ– لە ڕۆژانی پێش ڕووداوەکانی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، خۆپیشاندانی جەماوەری لە شەقام و بازاڕەکانی شاری کەرکوک، کارێکی باوو ئاسایی و بەردەوامی هەبووە، لە میانەی ئەو خۆپیشاندان و ئاهەنگە جەماوەریانە کە بە زۆری حزبی شیوعی ڕێکی دەخستن، جۆرەها دروشمی جۆراوجۆر بەرز دەکرایەوە، لەوانە: (١٠)

بژی زەعیمی بێ هاوتا عەبدولکەریم قاسم.

بژی زەعیمی دیموکراسی عەبدولکەریم قاسم.

سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدانی گەلەکەمان.

بژی کۆماره دیموکراسیه رزگاربووەکەمان.

بژی بەرەی یەکێتی نیشتمانی.

بڕوخی داڵدە و بنکەکانی نۆکەر و خیانەتکاران.

بژی هاوکاری نێوان گەل و سوپا.

لەسەر بەردی یەکێتی عەرەب و کورد، هەموو پیلانەکانی ئیمپریالیزم دەڕوخێن.

یەکێتیەکی فیدرالی، دۆستایەتی سوفیاتی.

نا بۆ ئیستعمار و کۆنەپەرستان.

حزبی شیوعی لە حوکمدا، داخوازی گەورەمانە.

ب- بەشێك لە کار بەدەست و بەرپرسانی شاری کەرکوك لە سەروبەندی رووداوەکان:

موتەسەریفی لیوای کەرکوك، ئەحمەد وەهاب.

فەرماندەی تیپی دووی سوپای عیراق: نازم تەبەقچەلی، داود ئەلجەنابی.

سەرۆکی شارەوانی، فازڵ تاڵەبانی- نورەدین واعیز- مارف بەرزنجی.

سەرۆکی بزووتنەوەی- ئەنسارولسەلام- مارف بەرزنجی.

فەرماندەی هێزەکانی بەرگری میلی - مەهدی حەمید.

سەرۆکی یەکێتی لاوانی دیموکرات، جەبار پیرۆزخان.

سەرۆکی دادگای کەرکوك، عەونی یوسف.

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس: جاسم محەمود ئەلسعودی.

بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک: نوری ئەلخەیات.

فەرماندەی پۆلیس سەربازی: فەوزی نەشئەت سنەوی.

هۆکارەکانی تێکچوون و پەیدابوونی توندوتیژی خوێناوی لەکەرکوك:

ڕووداوەکانی شاری کەرکوك لە ڕۆژی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٩ و ڕۆژانی دواتر، کارێکی سەرپێی و کتوپڕ نەبووە، هەروەها کارێکیش نەبووە بەرنامەی بۆ دانرابێت و هەوڵی بۆ درابێت لە لایەنێکی دیاریکراوەوە بە تەنها، هەروەك لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زۆربەی توێژەران دەریدەخەن، کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکەی بەیەکەوە، کاریگەرییان هەبووە بەسەر بارودۆخی شارەکە، هەموو لایەنەکانیش بە حزب و نەتەوەکانی ناو شارەکە بەرپرسیاریەتی ئەو ڕووداوانە هەڵدەگرن بەیەکەوە، هۆکارەکانیش بەشێکی ناوخۆییە پەیوەستە بە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی شارو ناوچەکە،بەشێکیشی دەرەکین، دەستی لایەنی نێودەوڵەتی و دەرەکی تێدا بووە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

أ ـ هۆکارە ناوخۆییەکان: (١١)

١ ـ ململانێی نەتەوەیی و ئەپنی لە شارەکە، زاڵبوونی حاڵەتی دەمارگیری و توندڕەوی سیاسی و ئایدیۆلۆجی، بزربوونی لۆژیکی لەیەك تێگەیشتن و دیالۆکی دیموکراسیانە، هەر لایەنێك خۆی وا دادەنا کە لەسەر ڕاستە و هەموو ڕەوایی لای خۆیەتی، ئامادەیەشی تێدا بووە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر لایەنەکەی دیکە. ئەوە دۆخی شارەکە بووە لە ساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەموز و لەسەرو بەندی ڕۆژانی ئاهەنگ گێڕان لە تەموزی ١٩٥٩.

٢ـ ململانێ و ناکۆکی توند لەسەر دەسەڵات لە پایتەختی بەغداد و ڕەنگدانەوەی بەسەر باروبۆخی گشتی لە شار و ناوچەکاندا. بۆیە دەبینین لە شاری کەرکوکیش دوو ئاراستەی سیاسی دژ بەیەك دروست بوون، ئەوانی پشتگیری عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد و ئەوانی پشتگیری عەبدولسەلام عارفیان دەکرد.

دکتۆر ڕەحیم عەجینە لە یادەوەریەکانی نووسیویەتی:(١٢)

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم، عیراق نوقمی ململانێیەکی توندوتیژ ببوو، لە ئاست ئایندەی سیستمی نوێی کۆماری، دوو ئاراستە یان دوو ڕەوت بە زەقی هەبوون:

ڕەوتی شیوعیەکان، هەوڵیدەدا بەرەیەکی فراوان پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی ژیان بۆ بەرەی یەکێتی نیشتمانی بگەڕێنێتەوە، ئەو بەرەیەی پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ پەرش و بڵاوبووەوە.

ڕەوتەکەی دیکە، ڕەوتێکی نەتەوەیی بوو،سوور بوو لەسەر ڕێبازێکی نەتەوەیی یەکگرتوانە، عیراقیش بکات بە بەشێك لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو.

هەردوو ڕەوتەکە پەنایان بۆ کۆکردنەوەی هاوپەیمانان دەبرد، چ لە ناو دەسەڵات بێت یاخود لە دەرەوەی، هەروەها لەناو پێکهاتە سیاسیەکان و لەسەر ئاستی جەماوەر، سەرەڕای هەستان بەو چالاکیانەی کە بە پێویستی دەزانێ بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکان.

دەربارەی دۆخی ناوشاری کەرکوکیش، فازڵ عەزاوی نووسیویەتی: (١٣)

لەو سەرو بەندەدا لەناو شاری کەرکوك تەنها چەند کەسانێك بە ژمارەیەکی کەم بەعسی و نەتەوەخوازی عەرەب هەبوون، بۆیە ئەوانی پشتگیری

عەبدولسەلامیان دەکرد لە راستیدا بریتی بوو لە کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین و دەرەبەگەکان و پیاوانی رژێمی پاشایەتی و کۆنە پارێزان، بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمانیش پاڵپشتی ئەو بەرەیەی دەکرد، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی عەبدولسەلامیان خۆش دەویت، بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەند لایەنێکی دیکە لەناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، هەروەها لەبەر ئەوەی ژمارەی کوردەکان لەناو ریزی حزبی شیوعی زۆر بوون لە شاری کەرکوك، سەرەرای هاوپەیمانیەتی نێوان حزبی شیوعی عیراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان. تورکمانەکانیش بەچاوی دوژمنکارانە تەماشای شیوعیەکانیان دەکرد.

٣- کاریگەری ڕووداوەکانی یاخیبوونە سەربازییەکەی موسڵ بەسەرکردایەتی عەقید عەبدولوەهابی شەواف لە ئازاری ١٩٥٩ بەسەر ناوچەکە و کاریگەربوونی هێز و لایەنە سیاسیەکان بەو ڕووداوە، هەروەك لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەویت: (١٤)

أ- ناوهاتنی زەعیم نازم تەبەقچەلی وەك بەشداربوویەکی سەرەکی لەو یاخیبوونە کە بەخۆشی فەرماندەی تیپی دووی سوپا بوو، کە بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو،بێگومان ئەو ڕووداوە و تێکەڵبوونی تەبەقچەلی پێوەی، کاریگەری بەسەر هەردوو ڕووی جەماوەری و سەربازی هەبووە لە شاری کەرکوك، لەناو یەکەکانی سوپا لە شاری کەرکوك جۆرێك لە هەڵچوون و وروژاندن دروست بوو، هێزەکانی بەرگری میللی کەوتنە حاڵەتی خۆ ئامادەکردن، حزبی شیوعی عیراقی رێکخستنەکانی ئاگەدار و وریا کردەوە بۆ هەر ئەگەرێك.

ب- هەر بەهۆی ئەو جوڵانەوەیە سەربازییەی موسڵ، نازم تەبەقچەلی لە دادگای سەربازی باڵای تایبەت، دادگایی کرا، لەو دادگایی کردنە نازم تەبەقچەلی تورکمانەکانی شاری کەرکوکی تاوانبار کرد بە دروست کردنی ڕووداوەکەی- دارولموعەلیمات- لە کەرکوك و بێ دەنگبوونیشی لەبەرامبەریدا.

هـ- گواستنەوەی (١٠٢) ئەفسەری پلە جیاواز لە عەرەب و تورکمان، لەناو یەکە سەربازییەکانی تیپی دوو (لەسەر داوای داود ئەلجەنابی) بۆ یەکە سەربازییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق، بەوەش زیاتر شیوعیەکان و کورد لەناو یەکە سەربازییەکانی ئەو تیپە باڵا دەستبوون.

د- زاڵبوونی دەسەڵاتی کورد و شیوعیەکان بەسەر دەزگا و فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەت لە شاری کەرکوك.

بە کورتی یاخیبوونەکەی عەقید عەبدولوەهاب شەواف لە موسڵ، کاریگەری هەبووە بەسەر فراوانبوونی ناکۆکیەکان و قوڵبوونەوەی دوژمنایەتی لە نێوان هەردوو بەرەی ناکۆك لە شاری کەرکوك.

٤- هەل و مەرجی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە کەرکوك و زەمینە خۆشکردن بۆ ڕووداوەکان:

- جەرجیس فەتحوڵا نووسیویەتی: (١٥)

ترسی بنەماڵە ئەریستوکراتە تورکمانەکان و پیاوانی کاروباری ئابوری و بازرگانی لە ئاست ڕژێمی کۆماری نوێ، دەربارەی بەرنامەکانی ئەو کۆمارە بۆ چاکسازی و دابەشکردنی زەوی و زار و دوورکەوتنەوەی لە سیاسەتەکانی پەیمانی بەغداد، دواتر نەهێشتنی قونسلخانەکانی تورکیا و بەریتانیا لە

شارەکە، ئەو دیاریانە هۆی ڕاستی ناڕەزایی و وروژاندنی تورکمانە دەسەڵاتدارەکانی کەرکوک بوون.

ڕووداوێکی ئاسایی دیکەش، کە کاریگەری توند و نا ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر هەڵوێستی تورکمانەکان لە ئاست ڕژێمی کۆماری، ئەو دیاردەیەش بریتیە: لە ١٦ ئەیلولی ١٩٥٧ شازادە- فازیلە- کە بەڕەگەز تورک بوو، داخوازی کرا بۆ فەیسەڵی دووەم - شای عیراق- تورکمانەکان چاوەڕێی ئەوە بوون شاژنێکی تورک لە بەغداد حکومڕانی بکات، بەڵام بە هۆی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ئەو ئاواتە لەدەست چوو.

## ٥- چەند ڕووداوێکی ناوخۆی شاری کەرکوك و کاریگەری لەسەر لێکدانی بارودۆخەکە:(١٦)

أ- سەردانەکەی خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا بارزانی بۆ کەرکوك:

بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ڕۆژانی (٢٥-٢٦) تشرینی دووەمی ١٩٥٨ سەردانی شاری کەرکوك دەکات ئەویش لە میانەی سەردانەکانی بۆ بەشێك لە شارەکانی کوردستان. فەرماندەی تیپی دووی سوپای عیراق پێشوازی لێدەکات لەناو یانەی ئەفسەران، جەماوەرێکی گەورەی شارەکە لە پێشوازی دەبن. لەو دوو ڕۆژەی بارزانی لە شارەکە بوو، هەندێ گرژی پەیدا بوو بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی پیلان بۆ تیرۆرکردنی، کە گومان دەکرێ دەستی (موقەدەم هیدلیەت ئەرسەلان- فەرماندەی پۆلیسی سەربازی) تێدابێت، کە ناوبراو لە دوای ڕۆژێك لە هەل و مەرجێکی تەماوی کۆچی دوایی کرد.

ب- ڕووداوەکەی هێرش بردنە سەر بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەکردنی مامۆستایانی کچان: لە ڕۆژی ٢٨- شوبات- ١٩٥٩ کۆمەڵە گەنجێکی تورکمان هێرشیان کردە سەر قوتابخانەی ئامادەکردنی مامۆستایانی کچان لەناو شاری کەرکوك، قوتابخانەکەیان بەردباران کردن و بە مەبەستی زیان گەیاندن بە خودی بەڕێوەبەر. هۆیەکەشی گوایە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە (لەبیبە ئەحمەد) قسەی ناشرینی بە کچانی تورکمان گوتووە لەناو قوتابخانەکە، دواتر هێزێکی پۆلیس دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە و بەڕێوەبەر ڕزگار دەکەن لە مەترسی.

ج- لە ڕۆژی ١٣- کانوونی دووەمی- ١٩٥٩ کۆمەڵە چەکدارێك لە هێزی بەرگری میللی، کە بەشێکیان کورد دەبن، پەلاماری چاپخانەیەکی شەقامی سینەما - حەمرا دەدەن لەناو شاری کەرکوك، پێکدادان لە نێوان ئەوان و هەندێ کەسانی ناو چاپەخانەکە دروست دەبێت و چەند بریندارێکی لێ دەکەوێت، پاشان هێزێکی سەربازی دەگاتە ئەو شوێنە و کۆتایی بە شەڕ و ئاژاوە دێنن.

د- پشکنینی ماڵی چەند تورکمانێك لە کەرکوك، بە مەبەستی گەڕان بە دوای چەك (پێشتر باسی ڕووداوەکەمان کرد بە درێژی).

هەموو ئەو ڕووداوانە بارێکی لە بێ متمانەیی و گرژی خولقاند لەناو خەڵکی کورد و تورکمان لەناو شاری کەرکوك.

٦- لەو ڕۆژگارەدا، دەسەڵاتی ڕاستی لەژێر دەستی سوپا بووە، لە هەر لیوایەك چەند ئەفسەرێکی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، دیارە شاری کەرکوك زیاتر لە شارەکانی دیکەی عێراق ئەو دیاردەیەی پێوە دیار بووە.

فەرماندەکانی تیپی دووی سوپای عیراق (زەعیم نازم تەبەقچەلی و دوای ئەو زەعیم داود ئەلجەنابی) ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە بەسەر تێکچوونی دۆخەکە، ئەوان لە ڕووی ئەزموون و شارەزایی سیاسی و کارگێڕی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستی پێویست نەبوون، ئاراستە و بەرنامەکانیانیش دژی یەك بوون.

لەم بارەوە دکتور نوری تاڵەبانی نووسیویەتی: (١٧)

تەبەقچەلی لە بنەماڵەیەکی عەرەبی ناسراو بوو، خێزانەکەشی تورکمانی شاری تەلەعفەر بوو، پاش ئەوەی هاتە کەرکوك، دەستی کرد بە پەیوەندی لەگەڵ تورکمانەکان، لە هەموو چین و توێژەکان، هەر کەسێ دەعوەتی بکردلیە دەچوو بۆ دەعوەتیان، ئەو جوڵانەوەیەکی وای پەیداکرد کە پێشتر هەستی پێنەدەکرا، لە بەینی کورد و تورکمانەکان پێشتر ئەو دیاردەیە لە کەرکوك نەبوو، دەتوانم بڵێم یەکێك بوو لەو کەسانەی هەوڵیدەدا نێوان کورد و تورکمان تێکبدات.

د. نوری تاڵەبانی دەربارەی زەعیم داود الجەنابی نووسیویەتی:

من لە شاری کەرکوك ئەفسەری یەدەگ بووم، لەو سەردەمە – داود ئەلجەنابی– بەرپرسی فرقەی دوو بوو، دۆستێکی دێرینی کورد بوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کەرکوك لەسەردەمی ئەودا ئاهەنگی نەورۆز بە ڕەسمی سازکرا، لە گۆڕەپانی تۆپی پێی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك. داود ئەلجەنابی بە خۆی هات بەبۆنەی نەورۆز پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان کرد. نوێنەرانی هەموو حزبە سیاسیەکان و تورکمانیش هاتن. لە ساڵی ١٩٥٩ لە هەموو فرقەی دوو چەند ئەفسەرێکی عەرەبی تێدابوو کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، ئەویش عەبدولکەریم قاسم دایناببوون،

نازانم بەعسی بوون یان نا، بەڵام عەرەبچێتیان دەکرد، وەکو چاودێرێك بوون لەسەر داود ئەلجەنابی، چونکە چەپ بوو.

ب- هۆکارە دەرەکییەکان:

١-ڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك: (١٨)

کۆمپانیای نەوت لە کەرکوك، دامەزاوەیەکی گەورەبوو، پشکی چەند کۆمپانیایەکی بیانی ئیستعماری تێدابوو، بە هەزاران کرێکار و فەرمانبەر لە کورد و عەرەب و تورکمان کاریان تێداکردووە.

لە شاری کەرکوك لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی چەند خۆپیشاندانێکی کرێکاری جەماوەری ئەنجامدراوە، بە زۆری شیوعیەکان رابەرایەتیان کردووە و دژی بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایە بووە.

شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ یش هەر هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیایە، کورد و شیوعیەکان (بە تایبەتی) لە کەرکوك لایەنگری شۆڕشەکەیان کرد و دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکە و پەیمانی (بەغداد) هەڵوێستیان دەنواند.

لێرەدا ئاماژە بۆ کارێکی کۆمپانیاکە دەکەین، کە ڕەنگە تیشك بخاتە سەر ئەوەی ڕوویدا:

أ- زۆرێك لە بەرپرسانی لیواکە و هەندێ کەسایەتی لە کورد و تورکمان، پارەتی و موچەیان هەبووە لە کۆمپانیاکە وەریان دەگرت و بە شێواز و ڕێگای جیاوازەوە،

ب- بنەماڵە ئەریستۆکراتەکانی کورد و تورکمان، مووچەیان هەبووە لە کۆمپانیاکە بەرامبەر بە پاسەوانی کردنی بیر و بۆرییەکانی نەوت،

ج- کۆمپانیای نەوت لە ڕێگەی بەڕێوەبەری کارگێڕییەوە، یارمەتی دارایی پێشکەش بە پیاوانی ئاینی کردووە لە بۆنە جیاوازەکاندا،
د- هەر لە ڕێگای دامەزراندنی کرێکار و کارمەندانەوە لە کۆمپانیای نەوت، پەیوەندی نێوان کۆمپانیا و کەمایەتیەکانی شار دروست بووە.

٢- ڕۆڵی قونسوڵخانەکان لە کەرکوک: (١٩)

لە شاری کەرکوک چەند قونسوڵخانەیەک هەبووە (تورکی، بەریتانی، ئەمەریکی)،
قونسولخانەی تورکیا لە ڕۆژانی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی-١٩٥٨ کاریان بۆ تێکشکاندن و نوشوستهێنان بەو شۆڕشە کردووە، هەموو شێواز و ڕێگاکانیان گرتۆتە بەر، لە هەوڵی تێکدانی باروودۆخی ناوخۆی عیراق بووە، تا کار گەیشتە ئەوەی لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٥٨ وەزارەتی دەرەوەی عیراق بڕیار لەسەر داخستنی ئەو قونسوڵخانەیە بدات، ڕێگا لەوە بگرێت کە ڕۆژنامەکانی تورکیا بگاتە کەرکوک.
دیارە دوای ئەو بڕیارە بەشێك لە تورکمانەکانی کەرکوک ڕێگای دیکەیان گرتە بەر بۆ پەیوەندی کردن بە تورکیاوە. تورکمانەکان ڕاستەوخۆ کەسێکیان بەناوی = یونس عومەر. ناردۆتە لای حکومەتی تورکیا، ناوبراو لەگەڵ خۆی یاداشتێکی نووسراو و ئیمزا لەسەرکراوی بۆ تورکیا بردووە، ئەواتی ئیمزایان لەسەری کردبوو، داوایان دەکرد کە نایانەوێت لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کۆماری عیراقی بن. (٢٠)
ڕۆژنامەکانی تورکیا وەك - حوریەت، دونیا، یەنی سەباح- دەگەیشتنە شاری کەرکوك، بابەتی جۆراوجۆریان دەربارەی عیراق بڵاو دەکردەوە،

داوایان لە تورکمانەکان دەکرد، بەدوای مافە نەتەوەیەتیەکانیەوەبن، لەبەر ئەوەی عیراق تەنها نیشتمانی عەرەب و کورد نییە. ئەو ڕۆژنامانە زیادەڕۆییان دەکرد لە خستنەڕووی ژمارەی تورکمانەکان لە عیراق، هەروەها کێشەی ویلایەتی موسڵیان دەوروژاند.

بۆ نموونە لێرەدا چەند نێرێك لە دوو ڕۆژنامە دەگوازینەوە:

١-ڕۆژنامەی دونیا- لە ژمارەی ڕۆژی ٩ تشرینی دووەمی ١٩٥٨ نووسیویەتی: لەم ڕۆژەدا کۆمەڵێك تورك لە عیراق بوونیان هەیە، ئەوانە ژمارەیان بەقەد ژمارەی کوردەکانە، بەڵام بە داخەوە حکومەتە پێشوەکان دەستوریان بەلاوە ناوە، ڕێگریان لە فێربوونی زمانی تورکی گرتووە بەرامبەر بەوەی کە بۆ زمانی کوردی دەیکەن.

٢-ڕۆژنامەی- حوریەت- لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ ئەیلولی ١٩٥٨ نووسیویەتی: هەموو دانیشتوانی عیراق تورکن، عیراق وڵاتێکی عەرەبی نییە، ڕاستە زۆربەی دانیشتوانی عیراق بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن بەڵام ڕوخسار و خەسڵەتەکانیان هاوار دەکەن تورکن. ئێمە داخ بۆ (١٠٠) هەزار تورك لە قوبرس دەکێشین بەڵام بیر لە چارەنووسی یەك ملیۆن تورك لە عیراق ناکەینەوە.

زەعیم نازم تەبەقچەلی- لە کاتی دادگایی کردنی لەلایەن دادگای سەربازی تایبەتەوە، لە ئیفادەکەی لەبەردەم دادگا، وتوویەتی: (٢١)

کاتێ فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عیراق بووم، ئەندامانی ئەو قونسوڵخانانە لە کەرکوك چەندین چالاکیان هەبووە کە زیانی گەیاندوە بە بەرژەوەندی گشتی، پروپاگەندە و ناکۆکنیان لەناو خەڵکی بڵاو کردۆتەوە، کار و ڕەفتاریان جێگای گومان بووە، بۆیە بریار درا سنورێك بۆ ئەو کار و

ڕەفتارەیان دابنرێت، هەروەها هەوڵماندا دابخرین، بە تایبەتیش ئەو شەڕ و ئاژاوەیەی کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ ڕوویدا لەناو شاری کەرکوک، چەن کەسانێك یاریدەدەری قونسلی ئمریکایان لەو شوێنە بینیوە سەرەڕای دەرچوونیان لە شێوەی کاری دیبلوماسی.

٢ـ ڕۆڵی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو:

بە پێی هەموو سەرچاوە و بەڵگەکان، کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بە ئاشکرا و بێ شاردنەوە هاوکاری بەرەی نەتەوە خوازانی عەرەبی توندڕەوی دەکرد، دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم کاری دەکرد، هەروەها بۆ ڕوویەڕوو بوونەوەی حزبی شیوعی عیراقی هەوڵی دەدا.

ئەو وڵاتە چەك و پێداویستی سەربازی ڕەوانەی شاری موسڵ و ناوچەکانی دیکەی عیراق دەکرد بە ڕێگای شارەکانی سەر سنور لەگەڵ سوریا. (٢٢)

هانی ئەلفکیکی، لە یادداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە چۆن چەك ڕەوانەی عیراق کراوە، ئەو دەڵێت: بەهۆی عەقید ئەلحافز و ڕائید ئیبراهیم ڕیفاعی (دوو ئەفسەری سوپای سوریا بوون لەو سەردەمە) ئەو چەك و پێداویستیانە وەردەگیران و ڕەوانەی شاری ئەلبو کەمال دەکرا لەسەر سنور، بە شێوەی قاچاغ و نهێنی،پاشان لەوێوە بەرەو شارەکانی ـ حەدیسە، ڕومادی، ئەو کارەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە پێش و لەدوای یاخیبوونەکەی عەقید شەواف لەشاری موسڵ درێژەی هەبووە.

هەر لەم بارەوە، ڕۆژنامەیئیستقلال ی بەغدادی ژمارە (٣٤٨) لە ١٨ شوباتی ١٩٦٠ نووسیویەتی:

ئەو وڵاتە لە پیلانگێڕی دژی دەسەڵاتدارانی عیراق بەردەوام بووە، بۆ نموونە ئیزگەی عیراقی ئازادی دامەزراندووە بەهۆیەوە بەردەوام هێرش دەکرێتە سەر ڕژێمی عیراق. (٢٣)

هەر دەربارەی ڕۆڵی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (ئیسماعیل عارف) کە لەو سەردەمە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی لە باڵیۆزخانەی عیراقی کاریەدەست بووە، لە یاداشتەکانی نووسیویەتی: لە کۆتایی پاییزی ١٩٥٨، چاوم کەوت بە بەرپرسی سەربازی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکی لە عیراق کە گەڕابووەوە بۆ واشنتۆن و پێمی گوت:

بارودۆخی عیراق بەم نزیکانە کۆتایی دێت... چەك لە سوریا بەرەو عیراق ڕەوانە دەکرێت لە ڕێگای شارەکانی حەلەب و دیرئەلزور، ئێمە لە ئەمەریکا هاوکاریان دەکەین لەبەشێك لەوپێداویستییە سەربازیانە، بۆ ئەوەی بەسەر عەشیرەتە عەرەبەکانی سەر سنور دابەش بکرێن.

٤ـ هەڵوێستی نێودەوڵەتی لە ڕووداوەکانی موسڵ و کەرکوك:

وڵاتی عەرەبی سعودی ترسی گەورەی خۆی دەربڕیوە لە ئاست پەرەسەندنی شیوعیەت لە عێراق پاش ڕوداوە سەربازییەکەی موسڵ لە ئازاری ١٩٥٩. ئەو دەوڵەتە پێی باش بووە بەریتانیا و ئەمەریکا کردەیەکی سەربازی بەرامبەر بە عیراق ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوان (بەریتانیا و ئەمەریکا) داوایان لە حکومەتی سعودییە کردووە کە دان بە خۆیدا بگرێت و لەم بارەوە لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هەروەها لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەب هەڵوێستیان یەك بخەن. (ئەم هەواڵە پشتی بەنامەیەکی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە واشنتۆن بەستووە، کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی ناردووە لە ١٥ـ نیسانی ـ ١٩٥٩).

هەر لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە:(٢٤)

هەردوو حکومەتی بەریتانیا و ئەمەریکا بە وردی و بە هۆشیارییەوە چاودێری بارودۆخی عیراق دەکەن. (ئالان دالاس) بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکاC.I.A باس لەو ڕەوشەی عیراق دەکات و بە – ترسناکترین دۆخی جیهان– ناوی دەبات، کە بریتییە لە هەوڵەکانی حزبی شیوعی عیراقی بۆگەیشتن بە دەسەڵات.

هەردوو حکومەتی (بەریتانیا و ئەمەریکا) لەو بارەوە یەك بیروبۆچوونیان هەبووە، باوەڕیشیان وابوو کە عەبدولکەریم قاسم ڕێگا نادات حزبی شیوعی بگاتە دەسەڵات، هەروەها ئەو دوو دەوڵەتە لەسەر ئەو دۆخەی کە لە عیراق پەیدابووە چەند ئەگەرێکیان خستەڕوو خراپترینیان ئەوەیە کە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمیان پێ باشترە، نەك دەسەڵاتی حزبی شیوعی (بە پێی بروسکەیەك بۆ لەندەن کە بیروبۆچونی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا خستوویانەتە ڕوو)

٥- ڕۆڵی ئێران لە دژایەتی کردنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم: (٢٥)

أ – بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی جۆراوجۆر لەناوچەکانی سەر سنووری هەردوولا، داوای لە خەڵکی ناوچەکە دەکرد دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕن، هەروەها ڕۆژنامەکانی تاران بە شێوەیەك هەواڵەکانی ناو عێراقیان بڵاو دەکردەوە کە دژی بەرژەوەندی حکومەتی عیراق بێت و خەڵکی بورووژێنێت دژی سیستمی کۆماری.

ب - لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوکدا لە ڕۆژی ١٨- ئەیلولی - ١٩٥٩ هاتبوو، کۆمەڵە کەسانێکی خەڵکی ئێران هاتوونەتە ناو

خاکی عیراق بە شێوەیەکی نا یاسایی، لەو کەسانە (سەیفوڵا کەریم) و (موەفەق مستەفا) کە بەشداریان لە ڕووداوەکانی شاری کەرکوک کردووە.
هەروەها لە بەڵگەنامەکانی هەواڵگری سەربازی عیراقیدا هاتبوو، کە نزیکەی یەك هەزار تفەنگ لە ئێرانەوە گەیشتۆتە ناو خاکی عیراق، سەرەڕای چڕکردنەوەی کاری هەواڵگری هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا دژی عێراق.

دەرئەنجامەکان:
دیارە ڕووداوەکانی شاری کەرکوك لە نێوان (١٤ـ ١٦ تەموزی ١٩٥٩) دیاردەیەکی کتوپڕی هەڵقوڵاوی گرژی و ئاڵۆزییەکانی دۆخێکی سەرپێی و کاتی نەبووە، بەڵکو ئەو ڕووداوانە زنجیرەیەك بوون لەو ململانێیە توندەی دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ کە سەری هەڵدا لە نێوان دوو ئاراستە، ئەو دوو ئاراستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە کۆمەڵگەی دابەشکرد بەسەر دوو بەرە، بەرەی عەرەبی نەتەوەخوازی توندڕەو کە لە هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب بوو، عیراق بکاتە بەشێك لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەرامبەر بەرەیەکی دیکە کە دەیویست سەربەخۆیی و کەسایەتی عیراق بپارێزێت، ئەو بەرەیەش خۆی دەنواند لە حزبی شیوعی عیراقی و لایەنە دیموکرات خوازەکان و کورد.
هەر لە ڕۆژانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە، ئەو ململانێیە دەستی پێکرد، زنجیرە ڕووداوەکان بەدوای یەکدا هاتن، دەستی پێکرد بە دوورخستنەوەی عەقید عەبدولسەلام عارف لە دەسەڵات و دوورکەوتنەوەی حزبە عەرەبیە نەتەوەخوازەکان لە حکومەت و ڕووداوەکانی موسڵ و کەرکوك و هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم....لەگەڵ گۆڕانکاری و ڕووداوە سیاسیەکان

لە وڵات تا کۆتایی هات بە کودەتا سەربازییەکەی ڕۆژی ٨ـ شوباتی ـ ١٩٦٣.

ئەگەر لە خودی ڕووداوەکانی کەرکوك وردبینەوە، لەو ڕەوشە سیاسیەی کە خولقابوو لە کەرکوك لە ساڵانی پێشوو، لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی هەبووە و لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورکمان و هێزە سیاسیەکانی ناو شارەکە و کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عیراق بە گشتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموز، دەکرێ سێ هۆکاری سەرەکی دەست نیشان بکەین بۆ ئەو ڕووداوانەی کەرکوك:

١ـ بارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی ئەو شارە بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورکمان بە ڕواڵەت زۆر ئاسایی و بێ کێشە بوونە، بەڵام لایەنێکی دیکەی ئەو پەیوەندییە جۆرێکی دیکە بووە، تورکمان وەك لایەنێکی دەست ڕۆیشتو لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکە، هەروەها خۆ بەگەورە زانین بەسەر چین و توێژەکانی تری ناو شار بە تایبەتیش بەسەر کاسبکار و کرێکار و گەشتیار و خەلکی دیهاتەکان کە ڕوویان لە شارەکە دەکرد بۆ کار و کاسبی، ئەو هەل و مەرجە و جۆری پەیوەندییەکان حاڵەتێکی دەروونی نەرێنی لە هەست و نەستی تاکی کورد خولقاندبوو بەرامبەر بە بەشێك لە تورکمان، بەتایبەتیش ئەوانی کاربەدەست و خاوەن سامان و باڵا دەست بوون، کە بە هەموو شێوە و جۆرێك دەیانەویست و هەوڵی ئەوەیان دەدا مۆرکی تورکمانی بەسەر کەرکوك داپۆشن، ئەو بارە دەروونیەش پڕ بوو لە ڕق و قین و ناڕەزایی.

لەم بارەوە – لیان ئاندرسن – نووسیویەتی:*

هەرچی هێزی دووەمیشە (مەبەستی تورکمانی کەرکوکە لە میانەی باسی چین و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو شارەکە) ئەوانە بوون کە پێکهاتەی کوردیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەراورد بە کەسانی هاوردە و ئەو کەرکوکیانەی کە دەرفەتی کاریان لە پیشەسازی نەوت و فەرمانگە حکومیەکاندا دەست کەوتبوو، پەراوێز خستبوو، هەڵبەت تورکمان توانیان پارێزگاری لەو پلە و پایەی لێپرسراویتیەی خۆیان بکەن کە لە ڕۆژگاری عوسمانیدا هەیانبوو، جگە لەوەش چینی بازرگانانی تورکمان سوودیان لەو خۆشگوزەرانییە وەرگرتبوو کە کرێکارانی نێو پیشەسازی نەوت لە کەرکوك تازە بەدەستیان هێنابوو.

ئەوە پەنگخواردنەوەیە لەسەرەتادا بە هۆی جیاوازی بوو لە دابەشکردنی سامان و توانای گەیشتن بە دەرفەتی کار بەبەرزترین موچە، بەڵام دواتر ئەو پەنگخواردنەوەیە فۆرمێکی ئیتینگی وەرگرت لە نێوان کورد (کە بە کردەوە بێ بەشبوون یان ڕاستر دوور خرابوونەوە) لەگەڵ هەر یەك لە عەرەب و تورکمان.

٢ـ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و کردنەوەی ڕێگای ژیانی سیاسی لەبەردەم کورد، هەروەها هاوکاری و تەبایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عیراقی لە کەرکوك و باڵادەستیان بەسەر کاروباری ئیداری و سیاسی شارەکە، حاڵەتێکی خوڵقاند کە جێی قبوڵکردن نەبووە لەلایەن کاربەدەست و کەسایەتیەکانی تورکمان، بۆیە لە هەوڵی بەرپەچدانەوەی بوون.

٣ـ هۆکارە دەرەکیەکان، کە بریتی بوون لە نۆکەرانی کۆمپانیای نەوت و ڕۆڵی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و هەواڵگری بەریتانیا و ئەمەریکا،

سەرەڕای دژایەتی ئاشکرای کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بۆ ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم.

٤ـ هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی چەند ئەفسەرێکی باڵا لە فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عیراق (کە کەرکوک بارەگاکەی بوو) بە تایبەتیش فەرماندەی فیرقە (زەعیم نازم تەبەقچەلی و دوای ئەو زەعیم داود ئەلجەنابی) کە هەر یەکەیان بە ئاڕاستەیەکی سیاسی جیاواز و دژی ئەوی دی کاری دەکرد، هەل و مەرجی لەبارکرد و زەمینەی خۆشکرد بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوانە و تەقینەوەی دۆخەکە.

* بیروبۆچوونی چەند کەسایەتیەك دەربارەی ڕووداوەکان:

ژمارەیەك کەسایەتی لە سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆشەنبیران، ئەوانی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، یان توێژینەوەیان بۆی هەبووە، هەروەها نووسین و بیروڕاکانیان جێگای متمانەیە، دەربارەی ئەو ڕووداوەی کەرکوکی ١٩٥٩ بەم شێوەیە باسی دەکەن:

١ـ یوسف حەتا یوسف (ئەبو حیکمەت) لە یادەوەریەکانی خۆی نووسیویەتی(٢٦): پێش چوار ڕۆژ لە ڕووداوەکەی شاری کەرکوك، بەرپرسی لیژنە محەلیەکانی حزبی شیوعی عیراقی و چەند کادیرێك، لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بۆ بەغداد داوا کران. واتە لە ڕۆژی ١٠ـ تەموزی ـ ١٩٥٩ بە مەبەستی ئاڵ و گۆڕکردنی بیروڕا دەربارەی بارودۆخی کەرکوك، کە بارێکی نائاسایی پێوە دیار بوو، ئەویش بەهۆی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی ناحەزان لەبەرامبەر حزبی شیوعی، هەروەها بە مەبەستی یەك خستنی تواناکان لە پشتگیریکردنی عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی .

کۆبوونەوەکە لەلایەن (جەمال حەیدەری) ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەڕێوە دەچوو، ناوبراو بیروبۆچوونی حزبی شیوعی لە ئاست ئەو جموجۆڵانەی هەیە و ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت کە ڕووبدات خستەڕوو، پاشان هەموومانی بە چەند ڕێنماییەك (کە نووسرابوو) ئاگەدار کردەوە.

پێش یەك ڕۆژ لە ڕووداوەکانی کەرکوك گەڕامەوە شاری هەولێر، ئەو شەوە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی محەلی بارەگامان بەجێ نەهێشت، لە نیوەشەودا دەنگی تەلەفۆن بەرز بووەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی بوو دەربارەی ئەو ڕێنماییانەی وەرمان گرتبوو، ئاگاداری کردینەوە کە هەڵوەشاوەتەوە و کاریشی پێ ناکرێت.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٤ تەموزی ١٩٥٩، جەماوەری شاری کەرکوك بە خۆپیشاندانی گەورە ڕژانە سەر شەقامەکان، هەندێ خەڵکی گومانلێکراو و ئەوانی ناسراون بە دژایەتی شۆڕشی ١٤ تەموز دەستیان کرد بە وروژاندن و دەمارگرتنی جەماوەری خۆپیشاندەران، دیارە ئەو کارەش بووە هۆی نارەزایەتی و ڕق و قینی جەماوەر، کە کاردانەوەی توونديان هەبوو، لە ئەنجامدا کار لەکار ترازا و خەڵکی ئاژاوەچیش کەوتنە ناو ڕووداوەکە و سوودیان لەو بارودۆخە وەرگرت بۆیە ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا.

ئەو ڕووداوانە بە هیچ شێوەیەك پلانێکی پێشوەخت نەبووە، حزب ئەو کارەی دانەڕشتووە، یاخود ئەندام و لایەنگرانی خۆی بۆ ئەو حاڵەتە ئاڕاستە نەکردووە، ئەوانی بەشداری ئەو خۆپیشاندانانەیان کردووە هەموو ئەندام و لایەنگری حزبی شیوعی نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی دیکەی تێدابوو کە هیچ پەیوەندییەکیان بە حزبی شیوعی نەبووە.

٢ـ عەزیز محەمەد لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی ئەو ڕووداوە دەڵێت: (٢٧)

بە کۆتایی هاتنی ڕووداوەکان شاری موسڵ، ڕووداوەکانی شاری کەرکوک سەریان هەڵدا، ئەو ڕووداوانەش بوونە هۆی ڕێگرتن لە گەشەکردنی حزبی شیوعی عیراقی لەسەر هەموو ئاستێك.

حزبی شیوعی ماوەیەك بوو خۆی بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ ئامادە دەکرد، لە شاری کەرکوکیش حزب پێگەیەکی بەهێزی هەبوو، هێزە جەماوەرییەکەی کەرکوك تەنها بریتی نەبوو لە شیوعیەکان، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێگەیەکی بەهێزی هەبوو، هەروەها نەتەوەخوازانی تورکمانیش بوونێکی کارایان هەبوو. ناکرێ هەلومەرجی شاری کەرکوك لەگەڵ موسڵ بەراورد بکەین، شاری موسڵ بە ئاراستەی ئاینی و نەتەوەییەوە ناسراوە، بەڵام لە کەرکوك چەندین ئاین و نەتەوەی جیاواز لە عەرەب و تورکمان دەژیان، ئەوەش تێکەڵەیەکی نەگونجاوە، ڕۆژانە کێشمە کێش لە نێوانیاندا ڕوویدەدا بە هۆی چالاکی حزبایەتی، هەر لایەکیان هەوڵی ئەوەی دەدا، کە خۆی خاوەن بڕیاری سیاسی بێت لە ناوچەکە، بۆیە جیاوازی و دابەش بوون لە نێوان ئەو تێکەڵەیە ڕوویدا، من هەستم بەو حاڵەتە دەکرد کاتێ لە کەرکوك بووم، چەندین پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەبووە، پێشنیازی یەکگرتنی خۆپیشاندان و یەکبوونی دروشمەکانمان کردووە، بەڵام لایەنەکانی دیکە پەسندیان نەکرد.

لە ڕۆژی ١٤ تەموزی ١٩٥٩ خۆپیشاندان و ڕێ پێوانەکان کەوتنە سەر شەقامەکانی ناو شاری کەرکوك، سێ لایەن بەشداریان تێیدا کرد، شیوعی، کورد، تورکمان، کەسیش پێش بینی ئەوەی نەدەکرد کە ڕوویدا، بڕیار وابوو

ڕێ پێوانەکە ڕوو لە گۆڕەپانی شەریکەی نەوت بکات (دیارە مەبەستی لە کاتی گەڕانەوەی خۆپیشاندانەکەبوو) ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵیش تێیدا بەشدار بوو، لە کاتێ کە ڕێپێوانەکە نزیك سینەما بووەوە (مەبەست سینەما ئەتڵەس بوو) گوێمان لە دەنگی تەقەکردن بوو، تەقەکان ڕوویان لە جەماوەرەکە بوو،کەیش نەیدەزانی سەرچاوەکەی لەکام لایە، من بۆ خۆم هەردەم دەمانچەم هەلگرتووە بەڵام بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە لەبیرم کردبوو، کەسیش لەو بیرکردنەوەیە نەبوو کەشتێك ڕوویدات، ئەگەر چی لە هەستیاری بارودۆخەکە ئاگاداربووین، بەتایبەتیش ئەو گرژییەی لە نێوان کورد و تورکمان هەبوو، هەروەها ڕۆڵی کۆمپانیاکانی نەوت کە جێگای گومانە بە تایبەتیش کاتێ حزبی شیوعی داوای خۆماڵیکردنی ئەو کۆمپانیایەی دەکرد، بۆیە کۆمپانیا هەندێ خەڵکی بەکرێگیراوی هەبوو کە بە هەموو شێوەیەك مەبەستیان تێکدانی دۆخەکە بوو.

بە هۆی تەقەکانەوە شپرزەیی و ئاڵۆزی کەوتە ریزی ڕێ پێوانەکە و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبوو، بەتایبەتیش ترس و تۆقینی ژن و منداڵان، بۆیە حاڵەتێکی هەڵچوون ڕوویدا لە نێوان جەماوەری کورد و تورکمان، کە ئەنجامەکەی قوربانییەکی زۆر بوو بەتایبەتی لەناو تورکمانەکان.

حزبی شیوعی عیراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی کاری ڕووداوەکە تاوانبارکران، ئەگەرچی ژمارەیەك لە شیوعیەکان و خەڵکی دیکە بوونە قوربانی لەناویاندا سەرۆکی شارەوانی و براکەی حوسێن بەرزنجی، کە هەردووکیان بێ تاوان بوون.

شیوعیەکان بە هەموو شێوەك ئەو کارانەی پێی تاوانبارکران بەدرۆخستەوە، یاداشتێکیان بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد لە ١٥ـ تەمموزی ـ ١٩٥٩، دوایان کرد ڕێگا بگرێت لە دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە.
بەڵام ئەگەر چاویش لە ڕاستی ڕووداوەکە و لە تاوانبارانی ڕاستی بپۆشین ئەوا ڕووداوەکە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و حزبی شیوعی، پشتگیری عەبدولکەریم بۆ شیوعیەکان دەستی لێ هەڵگیرا، بە تایبەتی دوای وتارەکەی لە کەنیسەی ماریوسف لە شاری بەغداد، کە بە توندی هێرشی سەر ڕووداوەکەی کەرکوکی کرد و بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ بەرپرسیارەیەتی شیوعیەکان کرد، بەڵام بێ ئەوەی ناویان بهێنێ.
عەبدولکەریم هەر بە توندی ناڕەزایی دەرنەبڕی، بەڵکو هەڵمەتێکی گرتن و تاوانبارکردنی شیوعیەکانی دەست پێکرد، هەندێکیان بە مردن بڕیاری دادگاییان بۆ دەرچوو کە لە زیندان مانەوە و دوای کودەتاکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بەسەریاندا جێبەجێ کرا.
٣ـ بیروبۆچوونی نووسەر، عەزیز قادر سەمانچی: (٢٧)
بە پێی ئەو بەڵگە و زانیاریانەی لەبەردەستن، تورکمان لە کەرکوك باوەڕی تەواویان وایە، ئەوەی لە کەرکوك ڕوویدا پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوە، بەرپرسیاریەتی ئەو ڕووداوەش دەخەنە ئەستۆی کورد و شیوعیەکان لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقی، هەروەها کەسانی دیکە لەوانی هەر خەریکی کاروکردەوەی تاوانکارین و بە پێی ویست و ئارەزوە سیاسیە حزبیەکانیان کار دەکەن.
باوەڕهێنانی تورکمانەکان و بیرکردنەوەیان بەو ئاڕاستەیە، لە بەشیکدا بەو زانیاریانە دەبەستێت کە چەند ئەندامێك لەناو هەندێ ڕێکخراوی سیاسی

(مەبەستی نووسەر حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستانە) ئاگاداری خزم و کەس و کارەکانیان کردۆتەوە کە ژن و منداڵ لە کەرکوک دوور بخەنەوە لە ڕۆژانی پێش ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٩، یان جل و بەرگی کوردی لەبەر بکەن ئەگەر لە شوێنی خۆیان مانەوە، هەروەها هەموو دیاردەو ڕووداوەکانی ڕۆژانی پێشتر ئاماژەن بۆ ئەوەی نیازێکی ئامادە کراو هەیە، ئامادجیش لێدانێکی کوشندە بێت لە تورکمانی کەرکوک بۆ ئەوەی لاواز بکرێن.

٤- جەرجیس فەتحوڵا، لە کتێبەکەی العراق فی عهد قاسم نووسیویەتی(٢٨): هیچ کارێك ئەوەندەی ڕووداوەکانی شاری کەرکوك کە لە نێوان ڕۆژانی ١٤- ١٦ تەمووزی ١٩٥٩ ڕوویانداء زیانی بە حزبی شیوعی و شیوعیە عیراقیەکان نەگەیاندووە.

ئاشکرابوونی ڕاستیەکان زۆر ئەوەندەی کەم نەکردەوە لەو هەستەی دژیانە، هەندێ لەو تاوانانەی کە پێی تاوانبار کرابوون، تەنها خەیاڵ و مێشکی ئەوانە دروستیان کردبوو کە مەبەستیان تاوانبارکردنی شیوعیەکان بوو. ئەویش دوای ئەوەی کردارەکانی کوشتن و تاڵانکردن، ڕووتکرانەوە لە هەموو ئەو درۆیانەی کە ڕاگەیاندە دەرەکیەکان بەزیادەڕۆییەوە دەیانخستە پاڵ شیوعیەکان، هەروەها لەگەڵ ئەو هێرشە توندەی کە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان پێی هەڵدەستان بە کارتێکردنیان لەسەر هەست و دەروونی خەڵك، ئەو ڕۆژنامانەی دژی عەبدولکەریم قاسم و دژی شیوعیەکانیش بوون.

ئەوەی ئێستا دەنووسرێت و بڵاو دەکرێتەوە هێشتا هەموو ڕووە ڕاستیەکانی ئەو کارەساتە نییە، زۆر ڕووی شاراوە ماوە تا ڕۆژێك دەستێکی پاك دەیگاتێ و مامەڵەی مێژوو نووسێکی ڕاستی بێ لایەنی لەگەڵدا دەکات.

ئەو ڕووداوە کارێکی بە پلان و بەرنامە داڕێژراو نەبووە، بەڵکو هۆکارەکەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کاتیەکانی سات و کاتێکی خۆی بوو، بووە هۆی هەڵگیرساندنی.

سەرکردەکانی حزبی شیوعی لە بەغدادی پایتەخت لە پشتی ئەو کارەوە نەبوون، بە بڕیاری ئەوانیش نەبووە، کارەکە کتوپڕ بەرەوڕوویان بۆتەوە و پێیان زانیوە، وەك هەر کەسانێکی دیکە بەتایبەتیش ئەگەر ڕەچاوی ئەو هەلومەرجەی پێشتر و کاتی ڕووداوەکەمان کرد و لێی تێگەیشتین.

ئەوەی ناوی لێدەنرێت و بەکاری درندەیی و تۆقێنەرانە باسی دەکرێ، ئەو جۆرە کار و ڕووداوانە شتێکی نوێ نیە وتەنها لە شاری کەرکوك ڕووی نەداوە، بەتایبەتیش ئەگەر حاڵەتی هەڵچوون و ورووژان و دەمارگیری و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتیان ڕەچاوکرد کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبوو لە باکوریەوە تا باشور.

ئەوەی لە تەموزی ١٩٥٩ لە شاری کەرکوك ڕوویدا، خاڵێکی وەچەرخان بوو لە مێژووی عیراق و لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم.

جێگای داخە ئەوی لەسەر ئەم ڕووداوە نووسراوە، کارتێکی سۆز و هەستی لایەنگری بەسەریوە بووە، کە ڕق و قینی سیاسی شاراوە لە پشتیوە بووە، بەدرێژای ساڵانێکی دوور و درێژیش ئەو ڕق و قینە نەسڕاوەتەوە لە مێشك.

ڕۆڵە و نەوەکانی قوربانیانی ئەو ڕووداوە کارەساتەکەیان لەبیرکردووە و باسی ناکەن، بەڵام ئەوانی هۆکاری ناڕاستەوخۆی بوون، تا ئەم کاتەش لەبیریان نەکردووە و لە هەموو دەرفەتێك دەگەڕێن بۆ دووبارە بوونەوەی.

٥ـ نووسەری کتێبی (شمال العراق) بیروبۆچوونی چەند مێژوونووسێکی بیانی دەخاتەڕوو دەربارەی ڕووداوەکەی کەرکوك: (٣٠)

لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی شارەزایانی مێژوو دەربارەی ڕووداوەکەی ساڵی ۱۹٥۹ لە شاری کەرکوك، زۆر و جۆراوجۆرن نووسەر (مەجید خەدوری) بۆچوونی وایە کە شیوعیەکان بەرپرسیارن لەوەی کە ڕوویدا، بە پێچەوانە، هەردوو مێژوو نووس (بیتەر سلگوت، ماریون فاروق) وا دەبینن کە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ناکرێ شیوعیەکان باو کار و کردەوانە هەستابن، ئەوەی ڕوویدا ناحەزەکانیان پلانیان بۆ داناوە، بەتایبەتیش عەبدولکەریم قاسم، ئەویش بەمەبەستی زڕاندنی ناویانگیان، عەبدولکەریم قاسم ئەو کارەی بە هەلێك زانی بۆ دوورخستنەوەی خۆی لە شیوعیەکان.

مێژوو نووس (ئۆریل دان) هەمان بیروبۆچوونی (سلوگوت) ی هەیە، بەڵکو زیاتریشی دەخاتە سەر و دەڵێت: عەبدولکەریم قاسم ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە لەوەی کە لە کەرکوك ڕوویدا، ئەو مەبەستی بوو شیوعیەکان بەو ڕووداوە تاوانبار بکات بۆ دوورخستنەوەیان و دەسەڵاتیش تەنها بە دەستی خۆی بمێنێت، ئەوی نیازیشی بوو بۆی هاتە دی.

دوای ئەو ڕووداوانە لە مێشکی ڕای گشتی چەسپا کە شیوعیەکان، دوژمنی سەرەکین بۆ یاسا.

بەڵام نووسەر - حەنا بەتاتو- بۆچوونی وایە کە فاکتەرە ئایدۆلۆجیەکان تێکەڵی فاکتەرە ڕەگەزیەکان بوونەتەوە، هەردووکیان بوونە هۆی ڕوودانی ئەو کارەساتە، کوردەکان و حزبی شیوعی و ڕێکخراوەکانی، ئەو حزبەیان بەکارهێنا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ تورکمان.

٦- مستەفا عەسکەری، کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە، لە (بیرەوەریەکانم) بەم شێوەیە بیروڕای خۆی دەخاتەڕوو: (۳۱)

أ- بەهیچ شێوەیەك ئەو ڕووداوانە لە ئەنجامی ناكۆكی نێوان كورد و توركمان نەبووە، ئەگەرچی بەزۆر و بە درۆ خرایە ئەستۆی كورد و حزبی شیوعی، ڕاستیەكەی، هۆیەكەی ململانێی پیلانگێڕی بوو دژ بە نیشتمان پەروەران و لایەنگرانی شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨.

ب - هێزە نیشتمانیەكانی كورد نەك دەستیان لە هەلگیرساندنی نەبوو، بەڵكو زۆریان هەوڵدا بۆ ڕێزگرتن لێی و پەرەنەسەندنی.

ج - ئەو تاڵان و بردن و دوكان شكاندنەی ڕوویدا، هەمووی لەلایەن خەڵكانێكی نەفس نزم و شەڕەخۆر و هەڵپەستوەوە بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## بەندی دووەم:

# ڕووداوەکانی ڕۆژانی ١٤-١٦ تەموز (٣٢)

١- لە ئێوارەی ڕۆژی ٥ ئایاری ١٩٥٩ لیژنەی ئاهەنگەکانی شاری کەرکوک بڕیاری لەسەر بەرنامەی بابەتەکانی ئاهەنگ گێڕان دەرکرد ، بە بۆنەی یادکردنەوەی یەکەم سالی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، بەرنامەکە بەم شێوەی خوارەوە دانرابوو:

ڕۆژی یەکەم: دەست پێدەکات بە نمایش کردنی سەربازی لە کاتژمێر (٧) سەر لە بەیانی کە لەلایەن فەرماندەکانی فیرقەی دووی سوپای عێراق دیاریکرا، لەگەڵ یەکە سەربازیەکان، هەموو قوتابخانەکان بەدوایاندا بەشداری دەکەن.

لە کاتژمێر چواری ئێوارەی هەمان ڕۆژ ڕێپێوانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان دەست پێدەکات، بەلام پێویست دەکات چەند یەکەیەکی سەربازی وەك هێما بەشداری بکەن، لە سوپا و پۆلیس و بەرگری میللی.

دابەشکردنی شوێن و پۆلێنکردنی بەشداریووان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١-سوپا، پۆلیس، بەرگری میللی.

٢-نوێنەرانی حکومەت.

٣-پۆلێك سوپا

٤-سەندیکای کرێکاران

٥-پۆلێك سوپا

٦–کۆمەڵەی جوتیاران

٧–پۆلێك سوپا

٨–یەکێتی ژنان

٩–پۆلێك سوپا

١٠ –ئەنسارولسەلام

١١–پۆلێك سوپا

١٢–یەکێتی قوتابیان

١٣–پۆلێك سوپا

١٤–سەندیکا وڕێکخراوە پیشەییەکان، پیاوانی ئاینی، یەکێتی نووسەران

١٥–پۆلێك سوپا

١٦–یەکێتی لاوانی دیموکرات

١٧–پۆلێك سوپا

١٨–ژووری بازرگانی

١٩ – پۆلێك سوپا

٢٠–یانەی وەرزشی

٢١–پۆلێك سوپا

٢٢–تیپی موسیقا

ڕۆژی دووەم :لە کاتژمێری (٨) سەر لە بەیانی ڕێپێوانی ئوتومبیلی ڕێکخراو و دام و دەزگا حکومیەکان دەست پێدەکات، لە پێشەوەی ڕێپێوانەکە تیپی موسیقا دەبێت لەگەڵیاندا چەند ئوتومبێلێکی سەربازی بەشداری دەکەن ، ئەم ڕێپێوانە تا ئێوارە بەردەوام دەبێت.



هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژی سێیەم: پەردە هەڵدانەوە لەسەر چەند پرۆژەیەک، لە شەویشدا ڕێپێوانێک بە بەرزکردنەوەی مەشخەڵ بەڕێوە دەچێت.

ڕۆژی چوارەم: نمایشی سەربازی بۆ هێزی بەرگری میللی، کردنەوەی چەند پێشانگایەکی هونەرمەندانی کەرکوک، ڕێپێوانی تیپی موسیقای سوپا.

ڕۆژی پێنجەم: ڕێکخستنی ئاهەنگ و سەیرانی میللی لە شوێنە گشتییەکان و لەناو باخچەکان، چەند شوێنێک دەست نیشان دەکرێت بۆ تیپی موسیقای سوپا، هەروەها تیپە میللیەکان ئەو ئاهەنگانە تا شەویش درێژە دەکێشێت.

ڕۆژی شەشەم: تەواوکردنی ئاهەنگەکانی ڕۆژی پێشتر، ڕێکخستنی سەردان بۆ گوندەکانی دەوروبەر.

ڕۆژی حەوتەم: پیرۆزبایی ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەکان لەگەڵ جەماوەر.

ڕازاندنەوەی ناو شار:

١ – هونەری سەر دیوارەکان.

٢ – تاقە گوڵینەی سەرکەوتن.

٣ – هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

٤ – وێنە و پۆستەرەکان.

٥ – دروشمەکان.

دیاریکردنی چەند شوێنێک لەناو شار بۆ دانانی ئەو بابەتانە لەگەڵ ئاڵای دەوڵەتانی دۆست، چاپکردنی (٥٠) دانە لە: وێنەی سەرکردەی شۆڕش زەعیم عەبدولکەریم قاسم، کۆتری ئاشتی، دروشمی کۆماری.

داوا بکرێت لە ڕێکخراو و ماڵەکان و دوکاندار و فرۆشگاکان، دەرگا و پێشەوەی ئەو شوێنانە برازێننەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکردنی ئاهەنگەکانی نان خواردن و چای پێشکەشکردن لەلایەن کارگێڕی خۆجێی کەرکوک و بەشەکانی سوپا و شارەوانی.

٢- ئاهەنگ و ڕووداوەکان:

ڕۆژی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٩، کاتژمێر هەشتی سەر لە بەیانی ئاهەنگەکانی یەکەم یادی شۆڕش دەستی پێکرد، ئەو ئاهەنگ گێڕانە بە نمایشی سەربازی بۆ یەکەکانی فیرقەی دووی سوپا، کە بارەگاکانی لە شاری کەرکوک بوو دەستی پێکرد.

لە پێشوازی وازی نمایش کردنەوەکەش جێگری فەرماندەی فیرقەی دوو لەگەڵ ئەفسەرە پلە بەرزەکان و بەرپرسانی مەدەنی لیوای کەرکوک و کەسایەتیەکانی شارەکە ئامادەبوون.

دوای کۆتایی نمایش کردنەکە بە پێی ئەو بەرنامەی بۆی دیاریکراوە، یەکە سەربازیەکان گەڕانەوە بارەگاکانیان و ئەفسەر و سەربازان بڵاوەیان کردبێ ئەوەی هەر جۆرە دیاردەیەکی گرژی ڕوویدات.

لە کاتژمێر شەشی سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کاتی دەستپێکردنی ڕێپێوانی ڕێکخرا و کۆمەڵە و سەندیکا جەماوەری و پیشەییەکان بوو، بەپێی ئەو خشتەیەی بڕیاری لەسەر دراوە، ڕێپێوانەکە لە گۆڕەپانی یانەی کرێکاران دەستی پێدەکرد و بە بەردەم بارەگای فەرماندەیی فیرقەی دووی سوپا (بەرامبەر یانەی ئەفسەران) تێپەڕ دەبوو بەرەو پردی نوێ و ڕوو لە قەڵای کەرکوک، بە شەقامەکەی بەردەم قەڵا دەگەڕایەوە بەرەو پردی کۆن (لای بانکی ڕافیدەین) و ڕوو لە شەقامی سینەما ئەتڵەس بەرەو ئەو شوێنەی کەدەستی پێکردوە.

به پێی بڕیاری لیژنەی باڵای ئاهەنگەکانی لیوای کەرکوک دەبوایە یەک ڕێپێوان ڕێک بخرێت و هەموو لایەک بەشداری تێدابکەن، بەڵام بەشێک لە تورکمانەکانی شاری کەرکوک، سووربوون لەسەر ئەوەی ڕێپێوانی تایبەت بەخۆیان سازبکەن، لەم بارەوە ئامادەباشیان بۆ کرد.

ڕێپێوانە سەرەکیەکە دەستی پێکرد، لەگەڕانەوەیدا بەسەر پردی کۆن ڕوو لە شەقامی سینەما ئەتڵەس گەیشتە بەردەم چایەخانەی ١٤ ی تەموز، دیارە لەو کاتەدا ڕێپێوانی لایەنەکی دیکەش بەرامبەریان دێت، لەو شوێنە گرژی و توندوتیژییەکان دەستیان پێکرد، ئەوەش سەرەتای ڕووداوە خوێناویەکەی شارەکە بوو کە چەند ڕۆژێک درێژەی کێشا.

بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی ڕووداوەکان و ئەو کارەساتەی بەدوایدا هات، لێرەدا بیروڕای چەند لایەنێک دەخەینەڕوو، کە جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت:

أ- بەڕێوەبەری پۆلیس کەرکوک، وەک ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: (٣٢)

لەدەوروبەری کاتژمێری حەوتی سەر لە ئێوارەی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٩، لە کاتێکدا ڕێپێوانەکە گەیشتە پردی کۆن بەرەوڕووی شەقامی ئەتڵەس، خۆپیشاندانێکی تورکمانەکان بەرەوڕوویان دەهات کە هەموویان بە ئۆتومبێلی سەربازی دەسوڕانەوە، (بەڕێوەبەر دەڵێت) من کەوتمە نێوانیان بۆ ڕێگرتن لەوەی کە بەیەک بگەن، کاتێ گەیشتینە شەقامی ئەتڵەسی گروپێکم بینی نزیکەی ٦٠ کەس دەبوون گوریسیان بەدەستەوە بوو بە ئاراستەی پێچەوانەی ئێمە دەهاتن، بە پێی فەرمانەکانی من هێزێکی پۆلیس ڕێگای بەوانە گرت بەرەو شەقامێکی لاوەکی بەلای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک، کاتێ ڕێپێوانەکە گەیشتە بەردەم چایەخانەی ١٤ ی

تەموز (کە بە زۆری تورکمان تێیدا دادەنیشت) چەند تەقەیەك کرا، نەمانزانی کێ ئەو تەقانەی کرد، بەڵام خۆپیشەندەران هێرشیان کردە سەر تورکمانەکان ئەوانی لەبەردەم چایەخانەکە گردبیبونەوە، لە ئەنجامدا بووە شەڕ و پێکدادان، سەرەتا تەنها دارویەر باکارهێنرا، بەڵام لە دوایدا پەرەی سەند و تەقە لەلایەن سەربازان و پیاوانی بەرگری میللی دەستی پێکرد، ئەو کارەش بوو بە هۆی کوشتنی (٢٠) کەس لە تورکمانەکان، لەناویاندا (عەتا خەیروڵا) نەقیبی خانەنشین، (عوسمان چایچی) خاوەن چاپخانەکە، هەروەها کچێك و دوو کوڕی فوئاد موختار، ژمارەی بریندارەکان دەگەیشتنە (١٣٠) کەس نزیکەی (٧٠) دوکان و فرۆشگا و چایەخانە تاڵانکران.

ئەو کارانە لەلایەن سەرباز و پیاوانی بەرگری میللی ئەنجامدران، هەروەها پیاوانی بەرگری میللی هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیس ئیمام قاسم و دەستیان بەسەر هەندێك چەکی بەرگری میللی و (١٨) تفەنگی پۆلیسخانەکە گرت، زانیشمان ئەو هێرشە لەلایەن مفەوەزی پۆلیس خانەنشین (نوری سەید وەلی) سەرکردایەتی کراوە.

ب- راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لەلایەن حکومەت لە بەغدادەوە رەوانە کرابوو، دەربارەی ئەو رووداوانە:(٢٤)

بارودۆخی گشتی لە کەرکوك پێش رۆژانی ئاهەنگ گێران بەبۆنەی یەکەم یادی شۆرش ١٤ ی تەموز بە شێوەیەکی گشتی گرژ و پڕ قین بوو، ئەو ئاهەنگانە لەو بارودۆخەدا، چاوەڕوان دەکرا ببنە هۆی پێکدادان لە نێوان لایەنە ناحەزەکان.

شەوی ١٣ لەسەر ١٤ ی تەموز، جێگیری فەرماندەی فیرقەی دووی سوپا، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەرانی هەموو رێکخراوەکان سازکرد، داواکرا لە

هەموو لایەك یەكڕیزی بپارێزن و پشتی سوپا بگرن بۆ پاراستنی ئاسایش بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئاهەنگەكانی ڕۆژانی ١٤ تەموز بەدواوە، بە ئامادە بوونی هەموویان هاوكاری و پشتگیری خۆیان بۆ ئەو داواكاریە دەربڕی.

سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٤ی تەموزی ئاهەنگەكان بە نمایشی سەربازی لەناو شار دەستی پێكرد، دواتر ئاهەنگ گێڕان لەلایەن چینوتوێژەكانی شارەكە دەستی پێكرد، لێرەدا ململانێ و گرژی سەریان هەڵدا، قسە و پەلار تێگرتن بەرامبەر توركمان دەكرا لەلایەن چەند گروپێكی دیكە كە پێكهاتبوون لە سەرباز و پیاوانی بەرگری میللی، ئەوانی بە جل و بەرگی ڕەسمی دەسوڕانەوە، هەروەها هەندێ خەڵكی مەدەنی گوریسیان بەدەستەوە گرتبوو و ڕایان دەوەشاند و هاواریان دەكرد — ماكو مؤامرة تصير والحبال موجودة) و جبهة جبهة وطنية فلتسقط الطورانية—.

دەربارەی لایەنی دووەم (واتە توركمان) ئەنجامی لێكۆڵینەوەی ئەوەی دەرخست كە بە هیچ كارێكی ئیستفزازی دژی لایەنەكانی دیكە هەڵنەساون، نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی لە ئیفادەكانیان ئەوەیان ڕوونكردەوە كە پێشتر ئەو دروشمانە دیاری كرابوون كە هەڵبگرێن و هاواری پێ بكەن، هەموو لایەك دەبوایە پابەندبن پێوەی، لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵە كەسانێكی چەكدار بینراون بە ئوتومبێلی سەربازی دەسوڕانەوە، هەندێ لەوانەی ئیفادەیان وەرگیراوە ئەوەیان دەربڕی كە ئەو چەكدارانە پەلاماری خۆپیشاندەرانی توركمانیان داوە.

تا ئەو كاتەی ڕێپێوانە جەماوەرییەكە دەستی پێكرد، ڕووداوێك ڕووینەدا كە ببێتە هۆی تێكدانی بارودۆخەكە، ڕێپێوانەكە لە كاتژمێری شەشی ئێوارەی

١٤ تەموز دەستی پێکرد، لەو گۆڕەپانەی بەرامبەر بارەگای کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، لەوێوە بەرەو ناو شاری کەرکوك، لەبەردەم بارەگای فیرقەی دووی سوپا کە شوێنی پێشوازی کردن بوو لە ڕێپێوانەکە، دواتر بەرەو پردی نوێی ناو کەرکوك لەسەر ڕووباری خاسە تێپەڕیوو، بەو شەقامەی کەوتۆتە نێوان هەردوو پرد (لەبەردەم قەڵای کەرکوك) پاشان پردی کۆنی بڕی بەرەوشەقامی سینەما ئەتڵەس.
لیژنەی سەرپەرشتی ئاهەنگەکە لە پێشەوە بوون، کاتێ سەرەتای ڕێپێوانەکە گەیشتە بەردەم چایخانەی ١٤ ی تەموز، گرژی و هاوارکردنەکان زیادی کرد، چەند تەقەیەك بە دەمانچە کرا، لە ئیفادەی چەند کەسێك وا هات کە ئەوان کەسێکی دەمانچە بە دەستەوەیان دیوە، وەك دەڵێن ناویشی – عەبدەلوەهاب قەنبەر –ە، فەرمانبەری دادگای سزای کەرکوکە لەو سەردەمە. بەهۆی ئەو تەقانەوە خەڵکی هێرشیان کردە سەر کەوانەیەکی ڕازاوە لەبەردەم چایخانەکە کە بە زۆر تورکمانەکان لێی دادەنیشتن، کەوانەکەیان ڕووخاند و پەلاماری سەر چایخانەکە درا، هەرچی تێدابوو شکاندیان، خاوەن چایخانەکەشیان (کە ناوی عوسمان بوو) بە گوریس بەستەوە و بە دوای ئوتومبێل ڕایان کێشا تا مرد.
ئیتر لە زۆر جێگای ناو شار تەقەکردن دەستی پێکرد، بۆیە ئەو خەڵکەی هاتبوون بۆ تەماشاکردنی ڕێپێوانەکە بە هەموو لایەك هەڵدەهاتن، لەهەمان کاتدا پۆلێك لە پۆلیسی سەربازی گەیشتنە بازاڕی ئەوقاف و شەقامی ئەتڵەس، لەگەڵیاندا چەند پۆلێکی دیکەی سەرباز گەیشتنە ناو شار و دەستیان کرد بە شکاندنی دەرگای فرۆشگاکان و تاڵانکردن و سووتاندنیان کە خاوەنەکانیان تورکمان بوون.

لەگەڵ تێکچوونی دۆخەکە و هەڵگیرساندنی ڕووداوەکان، جێگری فەرماندەی فیرقەی دووی سوپا لە یانەی سەربازی بووە، بە کار و ڕووداوەکان ئاگادارکراوەتەوە، ئەو بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆی دەرکرد لەناو شاردا، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو پلانە ئەمنییەی پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە دوو سریەی سەربازی لە لیوای چوار کە لە ئامادە باشیدابوون گەیشتنە ناو شار، هەروەها هەموو یەکە سەربازییەکانی دیکەی ئاگەدارکردەوە کە لە بارێکی ئامادە باشیدابن، بەڵام بەشێك لەو سەربازانەی سەر بەو یەکانە بوون ناو شاریان بە جێ نەهێشت و پەیوەندییان بە یەکەکانی خۆیان نەکرد و بەشداربوون لە کردارەکانی دەستدرێژی، هەروا بەشێك لە خەڵکی مەدەنی پابەندنەبوون بە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ لەناو شاردا و تا نیوەی شەو نزیك کاتژمێری دوازدەی شەو هەر مانەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی ڕووداوەکان، بەشێك لە تاوانبارکراوان کە هەموویان بەرپرسبوون لەبەرەی نیشتمانی و ڕێکخراوە دیموکراسیەکان، ئەوان یانەی ئەفسەرانیان کردە بارەگای خۆیان بۆ ئەوەی لە نزیك بارەگای فیرقەی دووی سوپابن، هەروەها بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان بکەن و ئاگاداری جموجۆڵی کەسانی خۆیان بن لەوانی بەکاری دەست درێژی بەسەر موڵك و ژیانی خەڵك هەستاون.

لەو شەوەدا هەندێ لەو خەڵکەی لە ترسی خۆیان پەنایان بۆ ناو یانەی ئەفسەران بردبوو، هێرش کرایە سەریان و کەسێك لەناو ژوورەکانی یانەکە کوژرا و بە گوریس ڕاکێشرا، هەروەها دەست درێژی کرایە سەر کەسانی دیکە و بریندارکران و هەندێکیانیش ڕەوانەی بەندیخانە کران. زۆربەی ئەو ئۆتومبێلانەی لەبەردەم یانەکە وەستابوون، تێك شکێنران، ئەوانی بەکاری

تاوان ودەستدرێژی هەڵدەستان بەشی زۆریان سەر بە سریەی پۆلیسی سەربازی ناو شار بوون، لەگەڵ پیاوانی بەرگری میللی و چەند کەسانێك جل و بەرگی کوردییان لەبەردابوو، هەندێ لەوانە لەبەردەم بارەگای فیرقەی دووی سوپا وەستا بوون و خەڵکیان دەپشکنی و بە کۆمەڵ دەیانگرتن و ڕەوانەی بەندیخانەیان دەکردن.

لە شەوی ١٤ لەسەر ١٥ ی تەموز، بە ڕێکەوتن لەگەڵ فەرماندەیی فیرقەی دووی سوپا، هێزی بەرگری میللی لە کەرکوك چەکدار کراون و خراونەتە ژێر بڕیارەکانی فەرماندەیی سوپا و ئەرکی سەربازیان پێ سپێردراوە لە خاڵەکانی پشکنین لە دەوروبەری شاری کەرکوك بۆ ڕێگرتن لە هاتنی خەڵکی دێهات و عەشائیر بە چەکەوە بۆ ناو شار.

هەر لەو شەوە کۆمەڵە کەسێك بە سەرکردایەتی فیکرەت جاوید ـ ناوێك (نوێنەری سەندیکاکانی کرێکاران) چوونەتە بەردەم بنکەی پۆلیسی سەرا (مەڵبەندی شار) و داوایان کردوە چەکدار بکرێن، هەر چەندە زۆریان هەوڵدا بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیس ڕازی نەبوو لەسەر داواکەیان.

هەر لەو سەروبەندەدا، دەستەیەك بەسەرپەرشتی مفەوەزی پۆلیس خانەنشین ـ نوری سەید وەلی پەلاماری بنکەی پۆلیسی ئیمام قاسمیان داوە و دەستیان بەسەر هەندێ چەك گرت کە ـ ١٨ـ تفەنگی پۆلیسخانەکە و هەندێ چەکی هێزی بەرگری میللی تێدا بووە.

لە نیوە شەوی ١٤ لەسەر ١٥ تەموز، دۆخەکە تا ڕادەیەك هێمن ببۆوە، دەسەڵاتی سەربازی دەستی بەسەر شاردا گرت و پارێزگاری بازاڕ و دوکان و شوێنە گشتیەکانی دەکرد، هەندێ کەسی گومان لێکراو بە پارەوە دەستگیرکران. هێمنی باڵی کێشا بەسەر شارەکە تا سەر لەبەیانی ڕۆژی

۱٥ی تەموز، دەسەڵات وای زانی دۆخەکە تەواو ئارام بۆتەوە و ئاژاوە کۆتایی هات، بەڵام لەدەوروبەری کاتژمێر ـ۹ـ سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە جارێکی دیکە تەقەکردن لەنێو زۆر شەقام و کۆڵانەکانی شار دەستی پێکرد، دەنگوباس و هەواڵەکان والیان بڵاوکردەوە کە تورکمانەکان سەرچاوەی ئەو تەقە کردنەن، بۆیە زۆر پشکنینی بۆ کرا بەڵام هیچ چەکێك نەدۆزرایەوە، سینەمای عەلەمین بە هاوەن تەقەی لێکرا و سەرباز و بەگری میللی چوونە ژوورەوە، بەڵام هی جۆرە چەکێك و کەسیشی تێدا نەبوو، قەڵای کەرکوك بەهاوەن تەقەی لێکرا و چەکدار چوونە ناو ماڵەکان، بەڵام هیچ چەکێك نەدۆزرایەوە، زۆربەی ماڵەکان تەنها ژن و منداڵی تێدابوو کە ترس و تۆقاندن باڵی بەسەریاندا کێشابوو.

دۆخەکە بەو جۆرە درێژەی کێشا تا لیوای سێی سوپا لەسەر داوای فەرماندەیی فیرقەی دوو گەیشتە ناو شار و بە هاوکاری لیوای چوار دەستیان بەسەر هەردد بەری شارەکە گرت، بەتەواویش لەگەڵ ڕۆژی ۱۷ تەموز، هێمنی و ئارامی باڵی بەسەر شاردا کێشا و شەڕ و ئاژاوە کۆتایی پێ هات.

ج ـ لێرەدا دەربارەی گێڕانەوەی هێمنی و کۆتایی هاتن بە شەڕ و ئاژاوە، چەند سەرنج و تێبینییەك هەیە، پێویستە باس بکرێن: (۳٥)

ئەفسەری خانەنشین سوبحی نازم تەوفیق لە وتارێکی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، دەڵێت: ئەو هێزەی یەکەم جار گەیشتە کەرکوك، فەوجی پیادەی لیوای یەك بوو، کە پێشتر بۆ شاری موسڵ ڕەوانەکرابوو لەسەردەمی یاخیبوونە سەربازییەکەی عەقید عەبدولوەهاب شەواف، ئەو

هێزە لەسەر بڕیاری وەزارەتی بەرگری لە موسڵەوە بەرێگای هەولێر لەبەرەبەیانی ڕۆژی ١٦ی تەموز گەیشتە کەرکوك.

بە گەیشتنی بۆ دەوروبەری شاری کەرکوك، پەیوەندی بە جێگری فەرماندەی فیرقەی دووی سوپا دەکات، هەر لەسەر داوای جێگری فەرماندەی فیرقە، (عەقید مەحمود عەبدولڕەزاق) یەکەم سرییەی فەوجەکە بەرەو فیرقە دەچێت لەناو شار بۆ ئەوەی ئەو فشار و گەمارۆیەی کەوتۆتە سەریان تێك بشکێ، پاشان سرییەکانی دیکەی فەوجەکە سەرە ڕێگاکانی دەرەوەی شاریان گرتووە، بەمەبەستی ڕێگرتن لەهەر هاتووچوویەکی گومان لێکراو.

هەر بە پێی چەند سەرچاوەیەك، سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم، وەك فەرماندەی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگری، لە پەیوەندی بەردەوام دابووە لەگەڵ فەرماندەیی فیرقەی دوو، ئەویش بە ڕێگای تایبەتی خۆیانەوە، هەروەها دەزگا ئەمنیەکانیش لە نێوان بەغداد و کەرکوك لە پەیوەندی بەردەوام دەبن.

هەروەها لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسم، کەتیبەی - دەبابات - لە جەلەولاوە بە فەرماندەیی عەقید عەبدولرەحمان عارف بە پەلە بەرەو کەرکوك هاتوە بۆ ئەو مەبەستە.

٣- دەقی باسکردنەکەی - ئەبو سرود - کە بۆخۆی بەشداریکردووە لە ڕێپێوان و ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینیووە: (٣٦)

بڕیاردرا گۆڕەپانی بەردەم قوتابخانەیەکی ئامادەیی بکرێتە جێگای گردبوونەوە جەماوەرەییەکە، هەر لەو شوێنەش ڕێپێوانەکە دەست پێبکات بەرەو شەقامی سەرەکی - بەردەم سینەما عەلەمین و لەوێوە بەرەو

فەرماندەیی سەربازی (فیرقەی دوو) لەناو شار تێپەڕبێت و بەرەو پردی نوێ (سەرەوە) ڕوو لە قەڵای کەرکوک بکات و دواتر بە شەقامەکەی بەردەم قەڵا بەرەو پردی کۆن (لای بانکی ڕافیدەین) بگەڕێتەوە بەرەو شەقامی سینەما ئەتڵەس بڕوات و بگاتە هەمان شوێنی کە جوڵەی لێکردووە.

پێشتر بڕیار لەسەر هەموو ئەو دروشمانە درابوو کە بەرز بکرێنەوە، هەروەها لیستێك بەناوی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بەشداری دەکەن نووسرابوو، لەگەڵ شوێنی هەر یەکەیان لە ڕێپێوانەکە، جەختیش لەسەر لایەنی خۆپاراستن و هۆشیاری لەهەر هەوڵێکی تێکدەرانە کرابوو.

دەربارەی ئەو ڕێگا و شەقامانەی کە ڕێپێوانەکە پێیدا دەڕۆیشت، لیژنەی سەرپەرشتی کردن بڕیاریدا بەرەو گەرەکی ـ موسەڵا ـ تێپەڕ نەبێت لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی تورکمانن، بۆ ئەوەی هیچ گرژییەك یان ڕووداوێك ڕوونەدات.

ڕێپێوانەکە بە پێی ئەو نەخشەیە دەستی پێکرد، دیارە پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ (١٤ی تەموز) نمایشێکی سەربازی بۆ یەکەکانی فیرقەی دووی سوپا لەناو شار بەڕێوەچوو.

ڕۆیشتنەکە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دەستی پێکرد، ئەو دروشمانەی دیاریکرابوون بەرزکرایەوە، ڕێپێوانەکە بە ڕێگای دیاریکراوی خۆی دەڕۆیشت، لە پێشەوەی کۆمەڵە منداڵێکی جل و بەرگ سپی و گوڵیان بەدەستەوە بوو، بەدوای ئەوان ئەندامانی ڕێکخراوی ئەنسارولسەلام بوو، دوای ئەوانیش ڕێکخراو و سەندیکاکان، لە دواوەی ڕێپێوانەکەش پۆلێك سەرباز بوون.

به گەیشتنی ڕێپێوانەکە بۆ سەرەتای شەقامی ئەتڵەس و تێپەڕبوونی بەرەو لای سینەما ئەتڵەس، لەسەریانە بەرزەکانەوە بەرد و دار و پارچە خشتیان باراندە سەر خەڵکی، زۆری پێنەچوو هەندێ تەقە کرا بە دەمانچە بەسەر خەڵکیدا لەیەك لەو بانە بەرزانەوە، ئەو کارانە بوونە هۆی تێکچوونی ڕێپێوانەکە، خەڵکی بە هەر لایەکدا دەڕۆیشتن بۆ خۆپاراستن و بەناو کۆڵانەکاندا پەرت و بڵاوبوونەوە، هەندێ کەسیش لەسەرچاوەی تەقەکان دەگەڕا، ژن و منداڵێکی زۆر کەوتنە ژێر پێوە، بەڵام خۆشبەختانە کەس نەمرد.

ڕووداوەکان زۆر بە خێرا پەرەیان سەند، وا دەردەکەوێت پلان بێت و ئامادەکاری بۆ کرابێت، کۆمەڵە کەسانێکی بەکرێگیراوی کۆمپانیای نەوت کەوتنە بازاڕ، هانی خەڵکیان دەدا بۆ پەلاماردانی سەر ماڵان و تاڵانکردنی دوکان و بازاڕ و کوشتنی تورکمانەکان.

هەروەها ئەندام و کادیرانی حزبی شیوعی بوون بە ئامانج بەمەبەستی کوشتن و تەقەلێکردن، لە قەڵای کەرکوك تا ماوەی سێ ڕۆژ تەقە هەر بەردەوام بوو، پاشان سوپا گەیشتە ناو شار و کۆتایی بەم شەڕ و ئاژاوەیە هێنا.

٤- مستەفا عەسکەری لەبیرەوەریەکانی خۆی نووسیویەتی: (٣٧)

ڕۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩ بۆ یادکردنەوەی یەکەم جاری شۆڕشی تەموز، ئاهەنگ و خۆپیشاندانی زۆر گەورە سازکرا، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشوری بەشداریان تێدا کرد.

لە کاتی بەڕێوەچوون لە پڕ نزیك پردی کۆن، لە چایەخانەکەوە تاقمێك دژ بە خۆپیشاندانەکە وەستابوون و دەستیان کرد بە تەقە بەرەو جەماوەرەکە

بە نیازی ئاژاوەنانەوە لە شارەکەدا و ببێ بە هەرا. وەك لە پیلانی لەناوبردنی بارزانی و کودەتای شەواف لە موسڵ سەرنەکەوتن و هیچیان پێ نەکرا، با لەکەرکوك ببێ بە جەنگی ناوخۆ لەو ڕێگایەوە زەفەر بە ڕژێمی دیموکراتی پێشکەوتنخواز ببرێ، لەبەرپا کردنی ئەو کارەساتە بەعسیەکان و کۆمپانیای نەوت (IPC) ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە.

لە ئەنجامی ئەو کارەساتە و بۆ بەرپەچدانەوەی پیلانەکە، جەماوەرەکە پەلاماریدا و بە شێوەیەکی توند و بێ سەرو بەر کەوتنە ناو شارەوە کەس بە کەس نەبوو، شار شڵەژا دەسەڵات لەدەست سوپا و هێزەکانی میری، تەنانەت حزبەکانیش نەما، نزیکەی ١٩ کەس کوژرا و بە شێوەیەکی ناشرین ڕەفتار لەگەڵ تەرمی هەندێکیان کرا.

٥- نوری فەقێ، لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٩، گەڕەکی تەکیەی تاڵەبانی کەرکوك، بەسەرهاتی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە وەك خۆی بەر چاوی کەوتووە: (٣٨)

لە ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەموز، ڕێپێوان و ئاهەنگ سازدەکرا لەلایەن کوردەکانەوە، کەچی هەندێ لە تورکمانەکان تەقەیان لە ڕێپێوانەکە کرد، من لە کاتی ڕووداوەکە بەرەو کار دەچووم، لە ڕێگا هەندێ تورکمان کۆ ببوونەوە، گوێم لێبوو یەکێکیان دەیوت:

دەبێت کەرکوك بکەین بە قوبرس و نابێت کورد ببێت بەخاوەنی، زۆر بە توندی قسەیان دەکرد.

تورکمانەکان ڕێکخراوی لاوانیان هەبوو ئەوانیش ڕۆڵی خراپیان دەگێڕا، دۆخەکە زۆر بە خراپ گۆڕا، ئێمە وەکو پاسەوان لە ڕێپێوانەکەدا بووین، زیاتر لە ٢٠ مەلا و پیاوی ئاینی لە پێشەوە دەڕۆیشتن بۆ لای (بازاڕی مەزاد

خانە) لەو سەردەمە بارەگای رۆژنامەی - ئیتحادولشەعب لەوێ بوو، مەلایەك لە پێشەوە ناوی عەبدولکەریم بوو، تورکمانەکان هەندێ ئەفسەریان لە قوژبنەکانی سەر رێگاکان لە بۆسەدا وەستاندبوو، تاکو لە پڕ تەقە بکەن و رابکەن.

چایەخانەیەکیان هەبوو ناوی - ئەسلان ئیڤی بوو لەوێوە کابرایەکیان دانابوو دوو تەقەی لە رێپێوانەکە کرد و رایکرد، ناوی عوسمان بوو، کۆمەڵە کوردێك گرتیان و پەتیان لە مل کرد و بێ بەزەییانە رایاندەکێشا بەسەر زەویدا، ئێمە بەدار و بەرد لەوانماندەدا، بەڵام بێ سوود بوو لە حەق نەدەهاتین شەڕەکە قەومابوو.

لەگەڕانەوەدا بەلای مەسرەفی عەقاری بینیمان خەڵکیان بەداری قەڵەم توزەوە سەر بەرەو خوار هەڵواسیوە، یەکێکم لەوانە ناسیەوە کە - عەتا خەیروڵا- بوو، ئەو کەسە بوو دەیوت: دەبێ کەرکوك بکەین بە قوبرس، بەدار هەڵواسرابوو هۆکارەکان بەزۆری تورکمان بوون.

ئێمە زۆرێك لە تورکمانەکانمان لەدەستی خەڵك رزگارکرد، بەڵام لە هەموو لایەکەوە قەومابوو فریا نەدەکەوتین، دەیان زامدار هەبوو، کوژراوێکی زۆریش هەبوو، زیاتر (٢٢_٢٤) کەس کوژرابوون، بەڵام بە کورد و تورکمانەوە.

٦- زیانەکان:

ڕووداوەکانی ناو شاری کەرکوك درێژەی کێشا لە ئێوارەی (١٤_ ١٦) ی تەموز بە تەواویش لە ڕۆژی ١٧ی تەموز توانرا بەهۆی هێزی سەربازییەوە دەست بەسەر باروددۆخەکە بگیرێت و ڕێگا لەهەر کردارێکی تێکدەرانە بگیرێت.

له ماوەی ئەو چەند ڕۆژە کاری زۆر خراپ ڕوویدا لە کوشتن و بریندارکردن و تاڵانکردن و سووتاندنی دوکان و بازاڕ، لە هەمووی خراپتر ڕاکێشانی تەرمی هەندێك لە کوژراوەکان بوو بەدوای ئوتومبێل، یاخود هەڵواسین بەدار و ستوونی کارەباوە.

دەربارەی ئەو زیان و زەرەرانەی لە خەڵکی کەوتوون، بیروڕای جیاواز هەیە، لێرەدا لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دەخرێنەڕوو.

یەکەم: بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك بەم شێوەیە زیانەکان دەخاتە ڕوو لە نامەیەکی بۆ موتەسەریفی لیوا: (٣٩)

١ـ ژمارەی کوژراوەکان ٢٠ کەس.

٢ـ ژمارەی بریندارەکان ١٤٠ کەس.

٣ـ دوکان تاڵانکراو ٧٠ دوکان.

دووەم: د. عەبدولفەتاح بۆتانی بەم شێوەیە زیانەکان دەخاتەڕوو: (٤٠)

١ـ ژمارەی کوژراوەکان ٣١ کەس لەناویاندا ٣ کەس کورد بوون.

٢ـ ژمارەی بریندارەکان ١٣٠ کەس.

٣ـ ژمارەی دوکانی تاڵانکراو ١٢٠ دوکان و فرۆشگا.

سێیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕەسمی حکومەت: (٤١)

١ـ ژمارەی کوژراوان ٣١ کەس.

٢ـ هەوڵدان بۆ کوشتن و زیان پێگەیاندن ٢٥١ حاڵەت.

٣ـ دەست درێژی بۆ سەر موڵك و ماڵی خەڵك ٦٠ دەست درێژی.

٤ـ تاڵانکردن و سووتاندن ٧٠ حاڵەت.

٥ـ دەستدرێژی بۆ سەر ماڵی گشتی ١٧ دەست درێژی.

چـوارەم: ئەرشـەد ئـەلهرمزی، لـە کتێبەکـەی، بـەم جـۆرە زیانـەکان دەخاتەڕوو:(٤٢)

١ـ ژمارەی کوژراوەکان ٢٥ کەس.

٢ـ ژمارەی بریندارەکان ١٣٠ کەس.

٧- پوختەی بیروڕاکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی حکومەت لەسەر ڕووداوەکان:

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، لەسەر بڕیاری سەرۆك وەزیران زەعیم عەبدولکەریم قاسم، لیژنەیەك پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی شاری کەرکوك، لیژنەکە پێکهاتبوو لە : عەقید ڕوکن عەبدولرەحمان عەبدولستار، (سەرۆك لیژنە) عەقید ڕوکن سەبیع ڕەئوف، عەقید شەکیب مودەلەل ئەندام، هەروەها دادوەر ـ حافیز خالید دادوەری دادگای تەمیزی بەغداد (ئەندام)، لەگەڵ ـ وەدیع چەرچی دادوەری دادگای تەمیزی بەغداد (ئەندام) لیژنەکە لە ڕۆژی ١٨ ی تەمووزی ١٩٥٩ گەیشتە کەرکوك، پاش لێکۆڵینەوەکانی پوختەی بیروڕاکانی خۆی دەربارەی ڕووداوەکە بەم شێوەی خوارەوە خستەڕوو: (٤٣)

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوت هەموو ڕووداوەکان بە پلانی تاوانبارانی مەدەنی لە دامەزرێنەرانی بەرەی نیشتمانی لەکەرکوك بوون، هەروەها بە هاوکاری و بەشداریکردنی چەند ئەفسەرێك.

دەست درێژییەکان هەموویان ڕووی لە تورێژکی دیاریکراوی تورکمان بووە، مەبەستیش لەناو بردنیان بوو، ئەوانە توانیان پلانەکەیان جێبەجێ بکەن بە کوشتنی زۆربەی ئەو کەسانەی مەبەستیان بوو.

ڕۆڵی چەند لایەنێکیش بەمشێوەیە بوو:

أ ـ سوپا:

بەشێك لەیەكە سەربازیەكان بەشداریان لە ڕووداوەكانی تاڵانكردن و كوشتن و دەست درێژی هەبووە لە شەوی ڕووداوەكە و لە ڕۆژانی دوایشدا هاوكار بوونە.

ب ـ بەرگری میللی:

هەرچەندە فەرماندەیی سوپا (لە فیرقەی دوو) ئەركی تایبەتی بۆیان دیاریكرد لە دەوروبەری شار بۆ ڕێگرتن لە هاتنی خەڵكی عەشایەر و جوتیاران بۆ ناو شار، بەڵام بەشێكیان شوێنی كاری خۆیان بەجێهێشتووە هاتوونەتە ناو شار و بەشداریان لە ڕووداوەكان و تەقەكردن كردووە.

جـ لاوانی دیموكرات:

ئەندامانی ئەم ڕێكخراوە لە بارەگاكانیان كۆبوونەوەتەوە لەسەر بڕیاری بەرەی نیشتمانی.

لە لێكۆڵینەوەكە دەركەوت كە بەشێكیان چەكداربوونە بەچەكی خۆیان یاخود لایەنێكی دیكە دابەشی كردووە بەسەریاندا، بەشداریان لە هێرش و تەقەكردن كردووە، وەك پەلاماردانی چاپخانەی زوهیر و خانوی لازارئیشو (لەگەڕەكی شاترولو) و كوشتنی ئەو دوو كەسە، هەروەها لاوانی ئیمام قاسم بەشداریان لە پەلاماردانی بنكەی پۆلیسی ئیمام قاسم كردووە.

د ـ لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە دەركەوتووە كە زۆربەی تاوانبارانی بەرگری میللی و لاوانی دیموكرات سەر بە سەندیكای كرێكارانی و سەندیكای كرێكارانی نەوتی كەركوك بوونە.

ئەوەی خرایە ڕوو پوختەی لێكۆڵینەوەكەیە، كە لیژنەكە پێی گەیشتووە

ئیمزا . سەرۆك و ئەندامانی لیژنەكە

هەولێرنامەی كتێب

٨ـ ئەنجام و دەرهاویشتەکانی ڕووداوەکەی کەرکوک.

ئەو ڕووداوانەی لەشاری کەرکوک ڕوویاندا لەناوەڕاستی تەموزی ١٩٥٩، پێشتریش ڕووداوەکانی شاری موسڵ، ئەنجام و دەرهاویشتەی گەورەی لێکەوتەوە، کاریگەری هەبووە بەسەر ناوچەکە و دانیشتوانی و بەسەر حزبی شیوعی عیراقی بەشێوەیەکی تایبەت.

ئەو ئەنجام و دەرهاویشتانە بەدوو قۆناغ تێپەڕبوونە، بەشێکیان لە قۆناغی یەکەم بریتییە لەو بڕیار و کارڕاییانەی لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم دەرچوونە لەسەرویەندی ڕووداوەکان و ڕۆژانی دواتر، کە لە خوارەوە لەچەند خاڵێك بە کورتی بەرچاویان دەخەین: (٤٤)

١ـ گواستنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازی بەتەواوی میلاك لە فیرقەی دووەوە لەناوچەی کەرکوک بەرەو باشووری عیراق، بەتایبەتیش لیوای چواری پیادە کە بەشی زۆری سەرباز و ئەفسەرانی کورد بوون.

٢ـ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە، لەچەند ئەفسەرێکی عەرەبی توندڕەو، سەرۆکی لیژنەکەش عەقید عەبدولڵا عەبدولرەحمان، کە بەڕەگەز لە تورکمانەکانی کەرکوک بوو.

ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کەرکوک دەسگیرکران بۆ لێکۆڵینەوە، کە ژمارەیەکیان پاش لێکۆڵینەوە ڕەوانەی دادگاکانی عورفی کران، لەوانە (٢٩) کەسیان بڕیاری مردنیان بۆ دەرچوو، ئەو بڕیارە لە حوزەیرانی ١٩٦٣ جێبەجێکرا دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی ٨ شوباتی ١٩٦٣، بەشێکی دیکەی دەسگیرکراوەکان بەماوەی جیاواز زیندانی کران.

٣- پێکهێنانی لیژنەی تیرۆرکردن لەلایەن تورکمانەکانی کەرکوك و بەچاو پۆشی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە کورد و لە شیوعیەکان بەو شێوەیە ژمارەیەك لە خەڵکی کەرکوك بوونە قوربانی.

٤- چەندین بریار و کارڕایی لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم دەرچوو بەرامبەر بە حزبی شیوعی عیراقی و بۆ لاوازکردنی، لەوانە:

أ- هەڵوەشاندنەوەی هێزی بەرگری میللی و زینـدانیکردنی سـەرکردەی ناوچەی باکور، مەهدی حەمید.

ب- داخستنی لقەکانی - یەکێتی لاوانی دیموکرات، دواتریش هەڵوەشاندنەوەی بە یەکجاری لە ساڵی ١٩٦١.

ج - ڕێگرتن لـە چـالاکیەکانی - لیژنـەی پاراستنی سیستمی کۆماری لـەناو دەزگاکانی حکومەت و دواتر هەڵوەشاندنەوەی بەتەواوی.

د - داخستنی نووسینگەکانی یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکاران.

هـ - دوورخستنەوەی کەسانی سـەر بـە حزبـی شیوعی عیراقـی لەـ یـەکێتی جوتیارانی عیراق.

و- دەرکردنی نزیکـەی (١٧٠٠) ئەفسەر و سـەرباز لـەناو سوپا بـە تـاوانی پەیوەندییان بە حزبی شیوعی عیراقی.

ز- دەرکردنـی نزیکـەی (٨٠٠) خوێنـدکاری کۆلیجـە سەربازییەکان بـەهۆی تاوانبارکردنیان بە بوونی پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقی.

ح - ڕێگـرتن لـە خـۆ پاڵـاوتنی شـیوعیەکان بـۆ هەڵبژاردنـەکانی کۆمەڵـەی ڕێکخراو و سەندیکاکان.

گ - دوورخستنەوەی هەندێ بەرپرسـی کـارگێڕی و ئـەمنی لـەناو حکومـەت بەهۆی پەیوەندییان بە حزبی شیوعی عیراقی.

ی ـ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی ئەنسارولسەلام لە ئایاری ١٩٦١.

٥ـ هەندێ ڕێکخراوی ئیسلامی و توندڕەوە عەرەبەکان ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان تیرۆرکرد بە تاوانی شیوعی بوون لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک.

٦ـ ڕێگرتن لە خوێندن بە زمانی کوردی لە شاری کەرکوک و هەڵوەشاندنەوەی ـ بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی کوردستان.

٧ـ هەر لەدەرهاویشتە سیاسیەکانی ئەو هەلومەرجە، حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عیراق هەنگاوی بە عەرەب کردنی کەرکوک و دژایەتی کوردیان دەستپێکرد لەناوچەی کەرکوک.

هەواڵنامەی کتێب

## بەندی سێیەم:

# هەڵوێست و کاردانەوەکان

بە کۆتایی هاتنی ڕووداوەکان و کپ بوونەوەی ئۆخەکە، دوای ئەوەی سوپای عێراق دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و دەسەڵاتی ئیدارەی خۆجێی گەڕایەوە، هەروەها پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی زەرەروزیانەکانی، لەچەند لایەکەوە کاردانەوە و هەڵوێستی جیاواز سەریان هەڵدا، دیارە ئەو هەڵوێست و کاردانەوانەش ئاراستە و پاشینە سیاسیەکەی هەر لایەك زاڵ بووە بەسەریدا.

لێرەدا گرنگترین ئەو هەڵوێست و کاردانەوانە دەخەینەڕوو لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

یەکەم: کاردانەوەکان لەسەر ئاستی حکومەت:

أ‌-بڕیار و ڕێکارییەکانی فەرماندەی سەربازیی گشتی لە عێراق: (٤٥)

بە مەبەستی ڕێگرتن لەهەر دیاردە و ڕووداوێکی نا یاسایی و هەر سەرپێچیەك، هەروەها بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر شارەکە،حاکمی سەربازیی گشتی، زنجیرە بڕیار و بەیاننامەیەکی دەرکرد، لەوانە:

١ -لە ڕۆژی ١٩ تەموزی ١٩٥٩، بەیاننامەی ژمارە ١٠٤ دەرچوو، کە تێیدا هاتبوو:

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لە شاری کەرکوك چەند ڕووداوێك ڕوویاندا و بوونە هۆی تێکدانی باری ئاسایش لە شارەکە، بە هۆیەوە دەستدرێژی زۆر کرایە سەر خەڵکی لەگەڵ زیانگەیاندن بە هەندێ فرۆشگا و شوێنی گشتی.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە پێمان ناخۆش بوو بۆ ئەو ڕووداوانە، ڕایدەگەیەنین کە دۆخی شارەکە ئێستا ئارامە و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتیش ڕەوانەکراوە بۆ لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ناسینی کەسانی تاوانبار و سزادانیان بە پێی یاسا.

ئیمزا

لیوا ڕوکن: ئەحمەد سالح ئەلعەبدی

٢ – لە ڕۆژی ٢٢ تەموزی ١٩٥٩ بەیاننامەی ژمارە ١٠٦ دەرچوو:

لەبەر ئەوەی باروودۆخی شاری کەرکوك گەڕاوەتەوە دۆخی پێشووهێمنی باڵی بەسەر شارەکە کێشاوە، هیواداریین لە خەڵکی بەڕێزی شاری کەرکوك ئەوانی شوێنی خۆیان جێهێشتووە بە هۆی ڕووداوەکان، بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بەبێ ترس و بۆ ئەوەی بتوانن ئیفادەکانیان بگەیینە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت.

ئیمزا

لیوا ڕوکن: ئەحمەد صالح ئەلعابدی

٣ـ بەیاننامەی ژمارە ١٠٧ لە ٢٢ ی تەموزی ١٩٥٩.

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پێویستییەکانی ئاسایش، هەروەها بە پێی بەندی ١٤ خاڵی ١ لە بڕیاری ئیدارەی عورفی ژمارە ١٨ ی ساڵی ١٩٣٥ی بڕیارماندا بە:

أـ بە هەموو شێوەیەك هەڵگرتنی هەر جۆرە چەکێك قەدەغەیە، ئەوانی ڕێگەیان پێدراوە بە هەڵگرتنی یان ڕێگەیان پێ نەدراوە. هەروەها هەڵگرتنی هەر ئامێرێکی بریندارکەر قەدەغەیە، هەموو ڕێکارییەکی یاسایی توند وەردەگرین بەرامبەر بەوانی سەرپێچی دەکەن، ئەویش بە پێی یاسا.



هەواڵنامەی کتێب

ب - پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس لە سەرباز و پۆلیس و پیاوانی ئاسایش،پشکنین بۆ هەر کەسێك بکەن کە گومانی چەك هەڵگرتنی لێکرا، هەروەها دەسگیربکرێت و بدرێتە لایەنی حکومەت بۆ وەرگرتنی رێکاری یاسایی پێویست.

ئیمزا

لیوا رۆکن ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی

ئەمە و حاکمی سەربازی گشتی، چەندین بریار و رێنمایی دەرکردووە دەربارەی قەدەغەکردنی چەك هەڵگرتن و دەربارەی چالاکیەکانی ئەو لیژنانە لەناو دامەزراوەکانی حکومەت کاریان کردووە لەژێر ناوی (لیژنەکانی پاراستنی سیستمی کۆماری). سەرەرای دامەزراندن لە دامەزراوە حکومیەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك (لەو سەردەمە)

ب - کاردانەوە و هەڵوێستی سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم: (٤٦)

عەبدولکەریم قاسم دوابەدوای رووداوەکە لەچەند بۆنەیەکدا بیروڕای خۆی لە ئاست ئەو رووداوە دەربڕی، سەرەتا زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر ئەوانی بەرپرسیارن لەو کارانە کە بەتاوان و بە ئاژاوە ناوی هێنا، بەڵام لە وتارەکانی دواتریدا، ئەو جۆرە توندییەی پێوە دیارنەبوو.

لێرەدا چەند برگەیەك لە وتەکانی دەخەینەروو لە دوو بۆنەی جیاوازدا:

١- لە یەکەم وتاری عەبدولکەریم قاسم لە رۆژی ١٩ ی تەموز دەربارەی رووداوەکە لە کڵێسەی مار یوسفی شاری بەغداد، دەڵێت:

(ئەوەی لەم دواییە لە شاری کەرکوك روویدا من بەتەواوی دژیم و قبوڵی ناکەم، برایانی بەرێز ئێمە لە تواناماندا هەیە ئەوانەی بەو کارە هەستاون پانیان بکەینەوە، ئەوانە دژی رۆڵەکانی گەلن و بەکاری ئاژاوەچێتی

هەستاون بە هۆی ناکۆکی و ڕق و قین و دەمارگیریان.

من بە توندی ئەوانە سزا دەدەم کە دەستدرێژییان کردۆتە سەر ئازادی گەل بەتایبەتیش لە شاری کەرکوک.... ڕووداوەکانی کەرکوک پەڵەیەکی ڕەشن لە مێژوومان و پەڵەیەکی ڕەشن لە مێژووی شۆڕشەکەمان... ئایا جەنگیز خان یاخود هۆلاکۆ پێشتر بەو کارانە هەستاون؟.... ئایا ئەوە شارستانیەتی سەدەی بیستەمە؟ قوربانی ئەو ڕووداوانە (٧٩) کوژراوە و ژمارەی (٤٠) کەسیش بە زیندوویی خراونەتە ژێر خاك کە توانرا هەندێکیان ڕزگار بکرێن.

٢ــ لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیەکەشی لە ڕۆژی ٢٩ی تەموز، عەبدولکەریم قاسم بەم شێوەیە باس لە ڕووداوەکەی کەرکوک دەکات: (٤٧)

دەڵێن هێزە دیموکراسیەکان ڕیسواکراون دەریەدەرن... لەلای من ڕۆڵەکانی گەل هەمووی یەکن و بەیەك شێوەن، ناکرێ جیاوازی لە نێوانیان بکەم، من بەدوای کۆمەڵدا دەڕۆم نەك بەدوای حزبێکی دیاریکراو یاخود بەدوای بەرەیەك،حزب ژمارەیەکی دیاریکراوی کەمە، گەل دەتوانی لەناوی ببات.

دووەم: هەڵوێستی حزبی شیوعی عیراقی: (٤٨)

هەڵوێستەکانی حزبی شیوعی عیراقی لە ئاست ڕووداوەکەی کەرکوك، جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت و لەچەند ئاستێك خراونەتەڕوو. سەرەتا حزب هەڵوێستێکی بەرگری توندی وەرگرت و ڕووداوەکانی لەخۆی دوورخستەوە و تاوان و کردەوەکانی خستە ئەستۆی چەند لایەنێکی سەر بە ئیستعمار و کۆنە پەرستان.

ئەو هەڵوێستە بە ئاشکرا لەسەر وتاری ڕۆژنامەی - ئیتحادولشەعب - دەردەکەوێت (٤٨): (ئەو تەقەکردنانە کە چەتە پیلانگێڕە تورانیەکان و کەسانی دیکە لە ڕۆژانی ١٤ی تەموز لە شاری کەرکوک بەسەر ڕێپێوانە جەماوەرییە ڕەسمیەکە کردیان، بەسەر ئەوانی بە بۆنەی جەژنی نیشتمانی گەورە ئاهەنگیان دەگێڕا، ئەو کردارە جێبەجێکردنی پیلانەکانی ئیستعمار بوو بۆ سەر کۆمارەکەمان... ئەو کاروبڕیارە توندانەی بەرامبەر پیلانەکەی شەواف (لە موسڵ) ئەنجامدرا، ئەوەیان سەلماند کە نموونەیەکە بۆ ڕووخاندنی پێگەی پیلانگێڕان، ئەوانی خۆیان ئامادە دەکرد بۆ بەرپاکردنی پیلانێکی فراوان، ئەو کار و بڕیارانە پێویست بوون ..... سەلماندیان کە زەروورین بۆ پەك خستنی چالاکی پیلانگێڕی و پەرش و بڵاوە پێکردنی هێزی پیلانگێڕان.

ئەو ڕێکار و بەرپەچدانەوە توندەی کەرکوکیش ... نموونەیەکی جوان بوو تەنها شێوازێش بوو بۆ لەناوبردنی دوژمنانی سیستمی کۆماری، بەڵام دوای وتار و لێدوانەکانی عەبدولکەریم قاسم و پاش کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی (بەتایبەتی) حزبی شیوعی هەوڵیدا نارەزایی جەماوەری و ڕەخنە فراوانەکانی لایەنە سیاسی و دەرەکیەکان لە خۆ بگرێت و کپیان بکاتەوە و کێشەکە بەرەو هێوربوونەوە بەرێت.

دەربارەی ئەو بارودۆخە هەڵچووە، کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عیراقی کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست،لە بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەکە، ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئەو ڕووداوانەی لە شاری کەرکوک و چەند شارێکی دیکەی عیراق ڕوویانداوە، کارێکی هەڵەشەیی و هەوڵچوونێك بووە، بەهۆی ترس و خۆشەویستی جەماوەر بۆ شۆڕش و دەستکەوتەکانی، ڕەنگە لە پاڵ ئەو

کاریلنەوە جەماوەریەش هەندێ کاری بەهەڵە و لادان لە یاسا و دەرچوون لە سیستەم ڕوویدابێت.

سێیەم: هەڵوێستی چەند لایەنێکی تورکمانی کەرکوك. (٥٠)

أ- لە ڕۆژی ١٨ی تەموزی ١٩٥٩، بەناوی هاوڵاتیانی تورکمان، یاداشتێك بۆ سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم بەرزکراوەتەوە (بێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە بێت وەك لە سەرچاوەکان بڵاوکراوەتەوە). یاداشتەکە چەند خاڵێك دەگرێتە خۆی:

١-سەرەتا باسی پیلان و هەوڵەکانی دەستدرێژی دەکات بۆ سەر تورکمانی کەرکوك، ئەویش بە مەبەستی لەناوبردنیان. لێرەدا بە توندی هێرش دەکاتە سەر فەرماندەی فیرقەی دووی سوپا- زەعیم داود ئەلجەنابی-، هەروەها باسی بەشێك لە بەرپرسانی شاری کەرکوك دەکات بە خراپی، ڕۆڵیان دەخاتە ڕوو، کە هەموویانیش کوردن، سەرەڕای ئاماژەکردن بۆ ڕۆڵی خراپی ڕێکخراوی - بەرگری میللی- و هەندێ سەندیکا و ڕیکخراوە جەماوەریەکانی دیکە.

٢- دواتر یاداشتەکە دێتە سەر باسی ڕێپێوانەکە و ڕووداوەکانی ڕۆژانی ١٤-١٦ی تەموزی ١٩٥٩ لە شاری کەرکوك.

یاداشتەکە بەدوور و درێژی باسیان دەکات و هەندێ بەڵگەش دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو کارە بە بەرنامە و پلان بووە.

٣-لە بەشی کۆتای یاداشتەکە چەد پێش نیازێك دەخاتەڕوو بەمەبەستی چارەسەرکردنی ڕەوشی شارەکە.

هەولێرنامەی کتێب

ب- دوای ٢٤ ساڵ لەو ڕووداوانە، ڕێکخراوێك بەناوی- ڕێکخراوی نیشتمان پەروەرە دیموکراسیەکانی تورکمان- بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەو ڕووداوانە، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: (٥١)

کاتێ ڕێپێوان دەستی پێکرد بۆ پشتیوانی دەربڕین لە شۆڕشی ١٤ی تەموز، تورکمانیش لەگەڵ چەند نەتەوە و لایەنێکی دیکە بەشداریان کرد. ئەو ڕێپێوانە شیوعیەکان و ڕێکخراوی بەرگری میللی و سەربازانی چەکدار بەسەریدا زاڵبوون.

لەگەڵ دەستپێکردنی ڕێپێوانەکە ڕاستی شیوعیەکان دەرکەوت، ئەوان دەستیان کرد بە بانگەواز و دروشم بەرزکردنەوەی ناحەزانە .... هەندێکیان گوریس و چەکیان بەدەستەوەبوو، هەڕەشەیان دەکرد لە هەر کەسێك دژی دروشمەکانیان بێت، کاتێ ڕێپێوانەکە گەیشتە شەقامی ئەتڵەس لە نزیك چایەخانەی لاوان (کە زۆرینەی هاتووچۆکەرانی تورکمانن) تەقەکرا لەلایەن ئەوانی ڕێپێوانەکە بەڕێوەدەبەن بەرەو چایەخانەکە و ئەو ماڵانەی لە پشتەوەن، دواتر ئاژاوە هەموو شاری گرتەوە ... شیوعیەکان دەستیان کرد بە شکاندنی دوکان و فرۆشگای تورکمانەکان و شکاندنی ئوتومبێل و تاڵانکردنی ماڵەکانیان، ئوتومبێلی سەربازیان ڕەوانەی گوندە کوردەکان دەکرد بە سەرپەرشتی حزبی شیوعی بۆ ئامادەکردنی کوردەکان و بەشداریان لە کوشتنی تورکمان.

چوارەم: هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق:

پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پێگە گەورە جەماوەریەکەی لەناو شاری کەرکوك، هەروەها بەشداریش لە چالاکیە سیاسییەکان و لە ئاهەنگ و ڕێپێوانەکە بەبۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەموز، بەڵام دەربارەی ڕووداوەکان لەو

سەرویەندەدا هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرای نەبووە، نە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی نە لەسەر ئاستی ناوچەیی. بەڵام دوای یەك ساڵ لە ڕووداوەکە، ڕۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی ئەو حزبە، لە وتارێکی بە سێ بەش بڵاوکرایەوە، هەندێ تیشکی خستە سەر هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئەو ڕووداوە، لێرەدا چەند خاڵێکی بە کورتی دەخەینەڕوو: (٥٢)

١ –تورکمانەکان بەرپرسیاریەتی هەڵگیرسانی ئەو ڕووداوانە هەڵدەگرن، تورکمانەکان مەبەست و ئامانجی تایبەتیان هەبووە لە ئاست شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨.

٢ –هەر لە میانەی وتارەکە، ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر ڕۆڵی دەرەکی کردۆتەوە لەو ڕووداوە، لەوانەش ڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و تۆڕە سیخوڕیەکان و ناوەندی دیبلۆماسییەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەتە ئیستعماریەکان.

٣– لە بەشی سێیەمی وتارەکە، ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر سیستمی دیموکراسی و ژیانی فرە نەتەوەیی و ئاشتیانە کردۆتەوە.

پێنجەم: هەڵوێستی بەرەی نەتەوەخوازانی عەرەب:

ئەو لایەنانە کە بریتی بوون لە بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب، حزبی بەعسی ئیشتراکی، حزبی ئیستقلال و ئاراستە ئاینیەکانی دیکە، ئەوانە لەسەر دوو ئاست هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە: (٥٣)

١ – دوای وتارەکەی سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم لە کڵێسەی مار یوسف، کە هێرشی توندی کردە سەر حزبی شیوعی عیراقی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو لایەنە سیاسیانە لایەنگر و جەماوەری خۆیان هاندا، لەسەر شەقامەکان کۆببوونەوە، لە ناوچەکانی –ئەعزەمیە و کەرخ– لە شاری

هەواڵنامەی کتێب

بەغداد، دروشمی توونديان دژی حزبی شيوعی عيراقی بەرزکردەوە، لەوانە: نەفرەت لە ڕوحی فەهد، مردن بۆ حزبی شيوعی نۆکەر، نابێ شيوعيەت لە ئێستا بەدواوە لە عێراق بمێنێ.

٢- ڕۆژنامەکانی ئەو لايەنانە، ڕێگايان پێدرا کە بە ئاشکراو بە شێوەيەکی توووند هێرش بکەنە سەر شيوعيەکان لە عيراق، بە ئاژاوەچی ناويان دەبردن.

شەشەم: ڕێکخراوە جەماوەرييەکانی شاری کەرکوك. (٥٤)

هەر دوا بەدوای ڕووداوەکان، چەند ڕێکخراو سەنديکا و کۆمەڵەی پيشەيی و جەماوەريەکان لە سنوری ليوای کەرکوك، بروسکەيەکيان ئاراستەی سەرۆك وەزيران عەبدولکەريم قاسم کرد، ئەمەی خوارەوە بەشێکی ئەو بروسکەيەيە:

بەڕێز زەعيم عەبدولکەريم قاسم

ئەو خۆ فرۆشانەی هەڕەشەی ئەوەيان دەکرد کە ڕۆژانی خۆشی و شاديمان لێ بکەنە پرسە، ئەوانە هێرشان کردە سەر ڕێپێوانە جەماوەرييە ئاشتی خوازەکە، ئەويش بە تەقەکردن بۆ سەر جەماوەری ڕێپێوانەکە بە شێوەيەکی بێ شەرمانە و ترسنۆکانە، ئەو تەقەکردنە بووە هۆی کوشتن و بريندارکردنی خەڵکێکی زۆر، بۆيە ئێمە داواتان لێدەکەين کە بەتووندی ڕێگايان لێبگرن و بەرامبەريان بوەستن و سزای خێراشيان بدەنەوە.

ئەو جەماوەرە دڵسۆزەی باوەڕی بەسەرکردايەتيەکەتان هەيە و دڵسۆزە بۆ سيستمی کۆماری، بووە مەشخەڵێك ناکوژێتەوە و چاوەڕوانی بڕيار و کاربڕاييە توندەکەتان دەکات لە ئاست تاوانباران و پلانگێڕان.

لە جياتی:

کۆمەڵەی جوتياران- عەبدولجەبار زەينەل

يەکێتی قوتابيانی کەرکوك- عيزەت سليمان

سەندیکای ئەندازیاران–ماجد ئیبراهیم
یەکێتی لاوانی دیموکرات– کەرکوک– عەبدولجەبار پەرویزخان
عەقیدی خانەنشین– عەبدولقادر بەرزنجی
سەندیکای کاروباری پزیشکی– دکتۆر خەیری خەماس
لەجیاتی پارێزەران– صاحب فورات
ڕێکخراووی ئەنسارولسەلام– فاتح نەجم خەتاب
لەجیاتی فەرمانبەران– مەجید حەسەن، شێخ حەسەن بەرزنجی
لیژنەی بەرگری لە کۆمار– تیراڵ زەنگەنە
ڕۆژنامەی ئازادی– نافیع یونس، محەمەد عیزەت
یەکێتی بەرگری لە مافەکانی ژن– فەهیمە عەبدولرەحمان
بەرەی یەکێتی نیشتمانی– محەمەد سالح زەنگەنە، نوری مستەفا
ڕۆژنامەی گاوریاغی– عوسمان مستەفا

هەواڵنامەی کتێب

حەوتەم: ڕۆژنامەی – ئەلسەورە– زمانحاڵی حکومەتی عیراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم. (٥٥)
ڕۆژنامەی – ئەلسەور– لە چەند وتارێکی لە نێوان ڕۆژانی (٢٢) ی تەموز و (٣) ئابی ١٩٥٩، دەربارەی ڕووداوەکانی شاری کەرکوک، لە زنجیرە وتارێکی بەرپرسیاریەتی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا، خستە ئەستۆی شیوعیە عیراقیەکان، هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەوان دەستیان بەسەریدا زاڵە، ڕۆژنامەکە لە وتارەکانیدا، شیوعیەکانی بە ئاژاوەچی ناوهێنا.
هەشتەم: هەڵوێستی چەند ڕۆژنامەیەکی بیانی.

أ- ڕۆژنامەی نیویورک تایمزی ئەمەریکی، لە ڕۆژانی (٢٠-٢١/ تەموزی ١٩٥٩) زنجیرە وتارێکی دەربارەی ڕووداوەکانی کەرکوک بڵاوکردەوە، لە خوارەوە بە شێوەیەکی کورت کراوە بەشێکی دەخەینە بەرچاو: (٥٦)

١- لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠ تەموز) ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

یاخیبوونی بەرەی سوور و هەڵگەڕانەوەی سەربازی لە کەرکوک دووبارە دەبێتەوە یاخیبوونی سەربازی شیوعیەکان لە کەرکوک و لە ناوچەی نەوت لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عیراق دەستی پێکرد.

لیوای دوو لە سوپای عیراق هەڵگەڕایەوە و جێگری فەرماندەی لیواکەش کوژرا، چەندین پرد ڕوخێنرا، چەندین شوێنی سەرەکی ناو شارەکە گەمارۆدراوە.

٢- لە ژمارەی ڕۆژی (٢١) ی تەموز، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

شەڕوپێکدادان درێژەی هەیە لە عێراق، ئێزگەی عیراقی ئازادیش بڵاویکردۆتەوە کە چەند گروپێك لە شیوعیەکان لەناوبراون،

ب- ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافی بەریتانی کە لە لەندەن دەردەچێت لە ڕۆژی (٣١) تەموزی ١٩٥٩ نووسیویەتی: (٥٧)

ئاژاوەچییەکان (مەبەستی شیوعیەکانە) پاش قسەکانی سەرۆك وەزیرانی عیراق عەبدولکەریم قاسم ، لەو هێرشە تێگەیشتن کە دەکرێتە سەریان، بۆیە چەند شێوازێکیان بەکارهێنا بۆ بەرگری کردن لە خۆیان، لەوانە وازهێنانی ژمارەیەکی گەورەی ئەندامیانە لە ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە ماوەی دوازدە سەعات لەدوای کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیەکەی عەبدولکەریم قاسم.

لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا، عەبدولکەریم قاسم لە ئاست دەنگوباسی ئەو کوشتارەی کە لە کەرکوك ڕوویدا، وتی: من ئەو شەوە خەو نەچۆتە چاوم، من توشی دلچلەکان بووم.

ج- ڕۆژنامەی - ئیتیلاعات-ی ئێرانی، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەدوای یەکدا لەسەر لاپەڕەکانی دەنگوباسی ڕووداوەکانی بلاوکردەوە، بەلام دوور لە ڕاستی و بە زیادەڕۆیی. (٥٨)

١ - لە ژمارەی ڕۆژی ١٩ ی تەموزی ١٩٥٩، ڕۆژنامەکە چەند سەردێڕێکی بلاوکردەوە: جەنگی ناوخۆی عیراق دەستی پێکرد.

یەکە سەربازییە عیراقیەکان پەیوەندی بە کوردە شیوعیەکان دەکەن.

جەستەی سەرکردە عەرەب و تورکمانەکان بە ستونی کارەباکانەوە هەلواسراون.

(٥٠) کەس لە پێکدادانەکان کوژراون.

٢- لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠ی تەموز) نووسیویەتی: درێژەپێدانی جەنگی ناوخۆ لە عیراق.

شەڕێکی توندوتیژ لە هەموو ناوچەکانی عیراق بەڕێوە دەچێت لە نێوان شیوعیەکان و هێزەکانی حکومەت.

هێزی ئاسمانی عیراق پێگە و شوێنی شیوعیەکان بۆردومان دەکات لە کەرکوك.

فیرقەی دووی سوپای عیراق پەیوەندی بە یاخیبووەکان کرد.

٣ - ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ڕۆژی (٢١ ی تەموز) نووسیویەتی:

حکومەتی عیراق هێرشی هێزی ئاسمانی لە شاری کەرکوك بەدرۆخستەوە.

سەربازگەی کەرکوک پشتگیری خۆی بۆ عەبدولکەریم قاسم دەربڕی.
سوپای قاسم دژی شیوعیەکان دەجەنگێ.
دیاره ئەو وتار و هەواڵانەی لەو ڕۆژنامانە بڵاوکراونەتەوە، دەربارەی ڕووداوەکەی شاری کەرکوک، هەموویان لە چەند خاڵێك دەگەنە یەك:
زیادەڕۆیی و هەواڵی دوور لە ڕاستیان پێوە دیاره، ڕەنگە مەبەستیش زیاتر بۆ گەورەکردنەوەی ڕووداوەکە بێت زیاد لە قەبارەی خۆی، هەروەها بۆ وروژاندنی ڕای گشتی و دژایەتی ڕژێمە کۆماریەکەی عیراق بێت.
دوویەم: هەڵوێستی تورکیا لە ئاست ڕووداوەکانی شاری کەرکوك: (٥٩)
١- دامەزراوە حزبی و پیشەییەکانی تورکیا سوودیان لەو ڕووداوانە وەرگرت، ڕۆژنامەکان (بە ئاراستە سیاسی و ئایدیولۆجیا جیاوازەکانیانەوە) چەند هێرشێکی توندیان کردە سەر عیراق، لەو ڕۆژنامانەدا هەواڵی کوشتنی نزیکەی (٨٠٠ - ٩٠٠) کەس لە تورکمانی کەرکوك بڵاوبۆتەوە، ئەو ڕۆژنامانە بەرگرییان لە تورکمانەکانی کەرکوك کردووە، باسی ئەوەیان کردووە کە تورکمانی شاری کەرکوك لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی نین، ئەوان ڕێبازی کەمال ئەتاتورکیان پەیرەوکردووە.
٢- سەرۆکی یەکێتی گشتی قوتابیان لە تورکیا، لە دوای چەند ڕۆژێك لە ڕووداوەکەی کەرکوك، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکردووە، باسی لەو ڕووداوە کردووە، ئەو وتوویەتی:
هەندێ دەنگوباسی دەرەوەمان پێدەگات، تێیدا چەند تورکمانێك لە کەرکوك بەوە تاوانبارکراون کە ئەوان ئاژاوەچین مەبەستیان گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتیە بۆ عێراق، لێرەدا (واتە لە شوێنی ڕۆژنامەوانیەکە) شەش

خوێندکاری کەرکوکی ئامادەن، هەموویان ئەو قسانە بە درۆ دەخەنەوە، ئەوان دەڵێن کە لەسەر پەیڕە و ڕێبازی کەمال ئەتاتورک دەڕۆن.

٣ـ هەر دەربارەی ئەو ڕووداوانەی شاری کەرکوك، باڵیۆزی تورکیا لە بەغداد، یادداشتێکی نارەزایەتی دەربڕین بە حکومەتی بەغدادی گەیاندوە. هەر دەربارەی هەمان بابەت وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژی (٢٤ ی تەموزی ١٩٥٩) چاوی بە باڵیۆزی عیراق کەوتووە لە ئەنقەرە، باڵیۆزەکەی عیراق لە ئاماژەکردنی بۆ ڕووداوەکان، وەك لە ڕووداوێکی ناوخۆیی باسی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزی بەشەی سێیەم

١- الكرد و التركمان إلى أين-محمد شاكلي- كركوك ٢٠١١ز من منشورات الجمعية الثقافية و الإجتماعية- كركوك .ص١٩.

٢- التأريخ السياسي لتركمان العراق- عزيز قادر صمانجي-ط١-١٩٩٩-بيروت ص ١٤١.

٣-ثورة العراق المجيدة- ١٤ تموز ١٩٥٨-د.طه ناجي - دار الرواد -بغداد سنة-٢٠٠٩، ص ١٣٢.

٤-تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري-د. نوري عبدالحميد العاني، د.علاء جاسم الحربي، ط٢- بغداد٢٠٠٥، جزء الثالث، ص٣١.

٥-* دەروازەیەکی مێژوویانە بۆ ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٥٩- سمکۆ بەرزۆ محەمەد- چاپی ١-٢٠٠٦ کەرکوک- ل٣٩-٥٢.

*سيرة و دور- العميد الركن المتقاعد- كافي محمد نبوي- أربيل- وزارة الثقافة أقليم كردستان-٢٠٠١، ص ٦٦.

٦_ تأريخ الوزارات العراقية- جزء٣- سەرچاوی پێشوو- ص٣٢

٧- مذكرات فؤاد عارف- تقديم د. كمال مظهر أحمد- دار ئاراس أربيل-ط٢ سنة-٢٠١١- ص ١٧٤-١٧٥.

٨- چەپکێ ڕەختە لە کتێبی- ئوستاد- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی- کەرکوک-٢٠٠٥ چاپی١، لاپەڕە ١٦.

٩- التطورات السياسية الداخلية في العراق- د.عبدالفتاح علي لبوتاني- دهوك ٢٠٠٧،ط١، ص ٢٣٣.

١٠_*تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري-جزء (٣) سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٢

*مذكرات فوئاد عارف- سەرچاوەی پێشوو- ص ١٨٧

*التأريخ السياسي لتركمان العراق- سەرچاوەی پێشوو

١١- لمحات من عراق القرن العشرين- د. كاظم حبيب - الكتاب السادس - دار ئاراس للطباعة والنشر- أربيل-ط١- سنة ٢٠١٣، ص ٢١٥

١٢- الإختيار المتجدد- ذكريات - رحيم عجينة-١٩٩٢-ص ٥٩.

١٣- الروح الحية- جيل الستينات في العراق- فاضل العزاوي- دمشق ١٩٩٧،ص ٤١.

١٤-* التأريخ السياسي لتركمان العراق- سترضاوقي ئيشوو- ص ١٥٢.

*شمال العراق (١٩٥٨-١٩٧٥) دراسة سياسية- عمار علي السمر- المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات- بيروت- ط١-٢٠١٢، ص ٢١٥.

١٥- العراق في عهد قاسم- أوريل دان- ترجمة جرجيس فتح الله- دار ئاراس للطباعة والنشر- أربيل- ط١-٢٠١٢، ص ٧٣٩.

١٦-* التأريخ السياسي لتركمان العراق- سترضاوقي ئيشوو، ص ١٤٧

*كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت- ئامادەكردنی عەدنان كاكەرەش- مەكتەبی بیروهۆشی (ی.ن.ك) سلیمانی، ساڵی ٢٠٠٧- لاپەرە ١٥

١٧- كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت- سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٤٢

١٨- التطورات السياسية الداخلية في العراق- سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٥٠

١٩- موقف تركيا من القضية الكردية في العراق- د.تلار علي امين- سليماني سنة ٢٠١١- ص ٢٥٦.

٢٠-* التأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري- جزء-٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٩.

* التطورات السياسية الداخلية في العراق- سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٤

٢١- دراسات و أبحاث في التأريخ والتراث واللغة- جاسم الحلواني- سايت الحوار المتمدن في ١٨- كانون الثاني-٢٠١٠.

٢٢-أوكار الهزيمة- هاني الفكيكي- ط٢-١٩٩٧- رياض الريس للكتب والنشر. بيروت-ص١٣٩.

٢٣- أحداث و شخصيات في تأريخ العراق و كردستان- ربيع حسن، ط١ سنة ٢٠١٤. دهوك ص١٦٧

٢٤-*شمال العراق (١٩٥٨-١٩٧٥) سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٦

* التأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري- جزء-٣- سةرضاوةي ثيشوو، ص ١٥٠.

٢٥- موقف تركيا من القضية الكردية في العراق- سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٦٠-٢٦٣.

٢٦- مذكرات يوسف حنا (أبو حكمت) ط٢، سنة ٢٠١١- أربيل ص ٧٨.

٢٧- قراءات في ذاكرة عزيز محمد- سكرتير الحزبي الشيوعي العراقي- ط١- سنة ٢٠١٥- مكتبة الوان بغداد-ص ٣٣.

٢٨- التأريخ السياسي لتركمان العراق— سەرچاوەی پێشوو، ص ١٧١

٢٩- العراق في عهد قاسم- - سەرچاوەی پێشوو، ص٧٣٣ .

٣٠- شمال العراق- (١٩٥٨-١٩٧٥) - سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٢

٣١- بيرقوقرية كانم- مستقفا عةسكةري- هةولير -٢٠١١، لاثةرة -٨٨

٣٢- مجلة الشؤن الداخلية- وزارة الداخلية للجمهورية العراقية، العدد٣، في ١- تشرين الأول-١٩٥٩- بغداد. ص ٤٤-٤٦

٣٣-*التأريخ السياسي لتركمان العراق - سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٧

*تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢

٣٥- لە ٣- كانونی دووەم-٢٠١٨. سايت https:kitabat.com

دەقی نووسینەکەی ئەفسەری خانەنشین (صبحي ناظم توفيق).

٣٦- العراق في عهد قاسم- سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٤٧.

٣٧- - بيرقوقرية كانم- مستقفا عةسكةري- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

٣٨- كةركوك بۆ مێژوو دةدويَت- سەرچاوەی پێشوو- ل ١١٦

٣٩-*التأريخ السياسي لتركمان العراق- سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٧.

* العراق في عهد قاسم- سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٥٣

٤٠- التطورات السياسية الداخلية في العراق- سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٣٧

٤١- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٧

٤٢- حقيقة الوجود التركماني في العراق- أرشد الهرمزي- ط٢- الدار العربية للموصوعات- بيروت- ص ١٢٩

٤٣- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٨
٤٤-* شمال العراق- (١٩٥٨-١٩٧٥) - سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٢٤
*صفحات من تأريخ العراق الحديث (١٩٥٨-١٩٦٠) جزء٢- حامد الهمداني - الفصل الرابع.
*جريدة الأخبار المصرية - عدد يوم ٢١-٢٢- تموز ١٩٥٩.
٤٥- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٠
٤٦- صفحات من تأريخ العراق الحديث - سەرچاوەی پێشوو - الفصل الرابع.
٤٧- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٥
٤٨- حقيقة الوجود التركماني في العراق- سەرچاوەی پێشوو- ص ٥٢
٤٩- جريدة اتحاد الشعب - بغداد- ژمارەکانی ڕۆژانی (١٨-٢٠- تەموزی ١٩٥٩)
٥٠-* حقيقة الوجود التركماني في العراق- سەرچاوەی پێشوو- ص ١٤١
* تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٥
٥١- كركوك دراسة سياسية اجتماعية -وريا جاف- أربيل -١٩٩٨، ص ٨٧
٥٢-ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٧ لە ٢٣- تەموزی ١٩٦٠، ژمارە ١٨ لە ٢٤- تەموز ١٩٦٠
٥٣- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٤
٥٤- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٧١
٥٥- تأريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، جزء ٣- سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٥
٥٦- كركوك دراسه سياسيه اجتماعيه- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩١
٥٧- حقيقه الوجود التركماني في العراق- سەرچاوەی پێشوو- ص ١٦١

٥٨- كركوك دراسه سياسيه اجتماعيه- سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٩

٥٩- مذكرات طالب مشتاق- سفير عراقي- طالب مشتاق- جزء ٢، (١٩٥٨-١٩٦٥) ط١ بيروت ١٩٦٩، ص ٩٨

بڕوانە تەنگەژەی کەرکوک- لیام ئاندرسن- وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی- ئومێد عوسمان- چ١/ ٢٠١٣- هەولێر- لاپەرە ٥٨.

هەواڵنامەی کتێب

# پــاشکۆکان

هەواڵنەی کتێب

## ژماره (١)

حزب و ڕێکخراوه سیاسییەکان، ئەوانی لە ساڵانی ١٩٥٨ بەدواوە، ڕۆڵی جەماوەری و سیاسی گەورەیان گێڕاوە.

١ـ حزبی شیوعی عیراقی: (١)

چالاکی شیوعیەکان ساڵانێکی دوورودرێژبوو بەردەوامی هەبوو بە شێوەیەکی نهێنی، تا ساڵی ١٩٣٤ چەند ڕێکخراوێکیان لە شارەکاندا پێکهێنابوو، دواتر بڕیاریاندا بە دامەزراندنی ڕێکخراوێك لە ژێر ناوی ـ لیژنەی بەربەرەکانی ئیستعمار و وەبەرهێنانـ کە هەموو ڕێکخستنەکانی دەگرتە خۆی. دەستەی دامەزرێنەریش بریتی بوون لە : یوسف سەلمان (فەهد)، عاسم فلەیح، زەکی خەیری، عەبدولوەهاب مەحمود، موسا حەبیب، مەهدی هاشم، وەدیع تەلیا، مەتی یوسف، نوری، وفائیل، سامی نادر، زاهیر ساڵح، حەمید مەجید، سکرتێری ڕێکخراوەکەش عاسم فلەیح دیاریکرا.

لە تەموزی ١٩٣٥ ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی و بوو بە ـ حزبی شیوعی عیراقی ڕۆژنامەی ـ کیفاح ئەلشەعب یان دەرکرد، ساڵی ١٩٤٥ یەکەم کۆنگرەیان بەست ـ فەهد بوو بە سکرتێری یەکەمی حزب.

ساڵی ١٩٤٧ بەشێکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکە دەسگیرکران ئەویش پاش ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی حزبەکە، ساڵی ١٩٤٩ هەرسێ سەرکردەی حزب (فەهد، زەکی بەسیم، حوسێن ئەلشبیبی) بڕیاری لە سێدارەدانیان لەسەر جێبەجێکرا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، حزبی شیوعی عێراقی بە ئاشکرا چالاکیەکانی خۆی بەڕێوەدەبرد، بووە حزبێکی جەماوەری گەورە لەسەرانسەری عیراق، بەڵام دوای کودەتاکەی ٨ شوباتی ١٩٦٣، حزب بەرەوڕووی شکستیەکی گەورە هات و ژمارەیەکی زۆری کادیر و ئەندامانی کوژران و خرانە زیندانەکان.

٢ـ پارتی دیموکراتی کوردستان:

ساڵی ١٩٤٦ دەسپێشخەری خوا لێ خۆش بوو مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە، یەکەم کۆنگرەی لە ١٦ـ ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغداد بەستووە، ماوەیەك هەمزە عەبدوڵا

سکرتێری حزب بووە، ساڵی ١٩٥١ لە دووەم کۆنگرەی (ئیبراهیم ئەحمەد) بە سکرتێری حزب دیاریکراوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لە یەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێنەوە عێراق، حزب ڕێگای ڕەسمی پێدرا لەلایەن حکومەتەوە، چەند ئەندامێکی بوونە وەزیر لە حکومەتەکەی بەغداد.

ساڵی ١٩٦١ بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری درا، لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد.

پارتی تا ئێستا سێزدە کۆنگرەی بەستووە، دوای کۆچی دوایی مستەفا بارزانی لە ١٩٧٩ وە مەسعود بارزانی سەرۆکی حزبەکەیە.

٣ـ حزبی بەعسی ئیشتراکی:(٢)

بەدەس پێشخەری هەر یەك لە (میشیل عەفلەق و سەڵاح بەیتار) دامەزراوە، لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧ یەکەم کۆنگرەی حزبی بەستووە لە شاری دیمەشق لەژێر ناوی حزبی بەعسی عەرەبی.

ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ حزبی بەعسی سۆسیالست بەسەرکردایەتی (ئەکرەم حورانی) یەکیان گرت لە ژێر ناوی ـ حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست. ساڵی ١٩٥٤ دووەم کۆنگرەی بەستووە و یەکەم دەستەی سەرکردایەتی هەڵبژاردووە.

پاش کودەتا سەربازیەکەی ساڵی ١٩٦٣ حزب گەیشتە دەسەڵات لە عێراق، بەڵام هەر دوای ماوەیەکی کورت لەسەر دەستی عەبدولسەلام عارف (سەرۆك کۆماری عێراق لەو سەردەمە) ئەم حزبە لە دەسەڵات دوورخرایەوە.ساڵی ١٩٦٨ جارێکی دیکە،حزب لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازی گەیشتەوە دەسەڵات، دوای ئەوەی دابەش ببوو بەسەر دوو باڵدا لە سوریا و عێراق.

٤ـ بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب: (٣)

یەکەم ڕێکخستنەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر دەستی ـ حامد ئەلجبووری و ساڵح شبل ـ پێکهات لە ساڵی (١٩٥٥). دوای شۆڕش ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨، لەلایەن سەرکردایەتی بزووتنەوەکە هانی ئەلهندی ـ بۆ سەرپەرشتی کاری ڕێکخراوەیی بزووتنەوەکە دیاریکرا لە عێراق.

ئەم ڕێکخراوە گرینگی بە ڕێکخستنی جەماوەری نەداوە، هەروەها ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراویش پەیڕەو نەکردووە.

سالانی دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨، بزووتنەوە بەرەهەڵستی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسمی کردووە، لە کانونی یەکەمی ١٩٦٢، ڕێکخراوەکە تووشی شکستێکی گەورە هات، ئەویش بە ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی، دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت دەستیان بەسەر بنکەی سەرەکی بزووتنەوەکە گرت، کە بە نهێنی لەناو شاری باغداد کاری دەکرد.

٥ـ کۆمەڵەی ـ ئیخوان ئەلموسلمین ـ:(٤)

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ئیخوان ئەلموسلمین لە وڵاتی میسرەوە سالی (١٩٢٨) دەستی بە چالاکیەکانی کردووە و لەسەر دەستی ـ حەسەن ئەلبەنا دامەزراوە.

یەکەم ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە لە عیراق لە شاری موسڵ لەسەر دەستی ـ عەبدوڵا نیعمەـ دامەزراوە. سالی ١٩٤٨ چەند پیاوێکی ئاینی هاتوونەتە ریزی ڕێکخراوەکە لەوانە: محەمەد ئەلسەواف، تەحسین عەبدولقادر ئەلفەخری، عەلی عاتف، محەمەد فەرەج ئەلسامەڕائی.

سالی ١٩٥٨ چالاکیەکانی بزووتنەوەی ئیخوان بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش گەشەی کردووە، سالی (١٩٦٠) داوای مۆڵەتی کارکردنی ڕەسمیان لە حکومەت کرد، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لەسەر داواکەیان ڕازی نەبوو.

٦ـ حزبی ئیستقلال:(٥)

لە ١٣ـ ئازاری ـ ١٩٤٦ دامەزراوە، مۆڵەتی کارکردنی ڕەسمی لە حکومەت وەرگرتووە،لە نیسانی ١٩٤٦ یەکەم کۆنگرەی حزبی خۆی بەستووە.

حزبی ئیستقلال، هەڵگری بیروباوەڕەکانی یانەی ئەلموسەنایە، ئەو یانەیە سەرچاوەی دامەزراندنیەتی. سالی (١٩٤٦ـ١٩٥٨) بە قۆناغی گەشەکردنی حزب دادەنرێت، لە سەرکردەکانیش: محەمەد مەهدی بوو بە سەرۆکی حزب، ئیبراهیم ئەلرلوی، داود ئەلسەعدی، خەلیل کنە، فایق سامرائی، ئیسماعیل ئەلغانم.

حزب ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە بەناوی ـ لیوای ئیستقلال ـ ئەندامی بەرەی یەکێتی نیشتمانی بووە لە سالی ١٩٥٧. پشتگیری شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ی

کردووە،پاشان لەگەڵ سیاسەت و ئاراستە نەتەوایەتیەکانی عەبدولسەلام عارف بووە دژی عەبدولکەریم قاسم.

٧ـ حزبی نیشتمانی دیموکراتی:(٦)

حزبی نیشتمانی دیموکراتی، ڕەوتێکی میانڕەو بوو، لە ٥ـ ئازاری ـ ١٩٤٦ دامەزراوە لەلایەن سیاسەتمەدار (کامیل چادرچی)، هەر لە دەستەی سەرکردایەتیەکەی محەمەد حەدید،حوسێن جەمیل، عەبدولوەهاب مەرجان، عەبدولکەریم ئەرزی، عەبود شالچی، یوسف ئەلیاس.

ئەندامی بەرەی ـ یەکێتی نیشتمانی ـ بووە لە ساڵی ١٩٥٧، پشتگیری شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کردووە، لە پێکهێنانی حکومەتەکانی عەبدولکەریم قاسم بەشداری کردووە، ڕۆڵێکی سیاسی کارای گێڕاوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ژماره ٢

بەشێك لەو ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراسیانە کە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ ڕۆڵی جەماوەری و سیاسیان هەبووە، ئەوانە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی کردنی حزبی شیوعی عێراقی کارەکانیان ئەنجام داوە.

١- پشتیوانانی - ئەنسارولسەلام: (٧)

ڕێکخراوێکە سەرەتای پەنجاکان لە شاری بەغداد دامەزراوە، بەکاری جەماوەری سیاسی هەستاوە، پەیوەندی لەگەڵ (بزووتنەوەی ئەنسارولسەلام) ی جیهانی بووە. یەکەم کۆنگرەی لە (١٩٥٤) بەستووە، لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە وەك ڕووکارێکی حزبی شیوعی عێراقی تەمەشاکراوە، سکرتێرەکەی عەزیز شەریف پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە هەبووە.

دوای شۆڕش ١٤ تەموزی ١٩٥٨ چالاکیەکانی ڕووی لەگەشەکردن کردووە، گۆڤارێکی دەرکردووە بەناوی - وگننا - پاشان ناوی گۆڤارەکە گۆڕاوە بوو بە - ئەلسلم -.

بزووتنەوەکە چەندین ئاهەنگ و ڕێ پێوانی ڕێکخستووە لە شارەکانی عێراق، گەورەترین ئەو ئاهەنگانە لە شاری موسڵ بوو لە مانگی ئازاری ١٩٥٩.

لە سەرکردەکانی: عەزیز شەریف، تەلعەت شیبانی، فازل عەباس، ماجد محەمەد ئەمین، عەبدولمەجید حەسەن، سەلیم فەخری، جەلال ئەوقاتی، زەنون ئەیوب.

پاشان لەلایەن حکومەتەوە ساڵی ١٩٦١ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوو.

٢- ڕێکخراوی بەرگری میللی (مقاومە ئەلشەعبیە) (٨)

لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، حزبی شیوعی عێراقی دەستپێشخەری کرد بۆ پێکهێنانی چەند گروپێکی چەکداری لە ژێر ناوی - بەرگری میللی - ئەرکی سەرشانیش: پارێزگاریکردن بێت لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی، بەرەنگاربوونەوەی ناحەز و دوژمنانی سیستمی کۆماری لە ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها یارمەتیدانی سوپا و هێزە ئەمنیەکانی وڵات لە ئەرکەکانیان.

دیارە ئەو دەستپێشخەری و چالاکیەی حزبی شیوعی، نارەزایی حزبەکانی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، دواتر سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم ڕازی بوو بە دروستکردنی ئەو

ڕێکخراوە چەکدارییە بەڵام پەیوەست بێت بە وەزارەتی بەرگری و لەلایەن سوپاوە ڕاهێنان بە ئەندامانی بکرێت.
بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ئەوانی پەیوەندییان پێوەکردبوو سەر بە حزبی شیوعی بوون، حزبی شیوعی پێشتر چەند نووسینگەیەکی کردبۆوە لە بەغداد و چەند شارێکی دیکە بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەوانی ئارەزوویان هەیە بێنە ڕیزی ڕێکخراوەکە، هەروەها بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی دەرکرد کە چەند ڕێنماییەکی تێدابوو بۆ لایەنگرانی.
حکومەت بۆ ڕێگرتن لەو کارە تاکلایەنەی حزبی شیوعی، ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە بەناوی حاکمی سەربازی گشتی، داوای کرد لە هاوڵاتیان چەکی هیچ لایەنێك هەڵنەگرن تەنها لە ڕێگای حکومەتەوە نەبێت.
ڕێکخراوی بەرگری میللی بە پێی فەرمانی سەربازی ژمارە (٩٨٩) لە ٢٢ـ تەمووزی ١٩٥٨ دامەزراوە. هەر بۆ ڕێکخستنی کار و چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوە سەربازییە یاسایەکی تایبەت دەرچوو بە ژمارە ٣ لە (ئابی ١٩٥٨)، هەروەها عەقید شاکر عەلی بە فەرماندەی گشتی ئەو هێزە دیاریکرا.
٣ـ لیژنەکانی پارێزگاریکردن لە سیستمی کۆماری: (٩)
بە مەبەستی چاودێری کردنی فەرمانبەران و بەڕێوەچوونی کاروباری دامەزراوەکان دەوڵەت و ئاراستە کردنیان، هەروەها لەسەر پێشنیارکردنی حزبی شیوعی عێراقی، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشەوە، چەندین لیژنە پێکهاتووە لە دیوانی وەزارەتەکان و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت، هەروەها لەناو یەکە سەربازییەکانی سوپاش، بۆ ئەوەی هاوشانی لیژنە ڕەسمیەکان بەکاری چاکسازی هەستن.
ئەو لیژنانە بەزۆری لە کرێکار و فەرمانبەرە بچووکەکان و کارمەندانی دامەزراوەکان پێکهاتبوون، سەرەڕای هەندێ خوێندکاری پەیمانگا و زانکۆکان.
لیژنەکان دوور لە دەسەڵاتەکان، دەستیان دەخستە ناو کاروبارە کارگێڕییەکان و بە شێوەی خۆسەپاندن ڕۆڵیان هەبوو لە دەرکردن یان گواستنەوەی فەرمانبەران، لە کاتێکدا ئەرك و کارەکانی خۆیان پشت گوێ دەخست.
٤ـ یەکێتی قوتابیانی گشتی: (١٠)

هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان بۆ ساڵی ١٩٤٨ دەگەڕێتەوە، حزبی شیوعی عیراقی گرینگی ئەم لایەنە داوە و لە نیسانی ١٩٤٨ یەکەم کۆنگرەی قوتابیان لە بەغدا سازکراوە بە شێوەیەکی نهێنی.

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، لیژنەیەکی ئامادەکردن پێکهات بۆ هەڵبژاردنی دەزگاکانی ئەو یەکێتیە.

لە ١٦ شوباتی ١٩٥٩ دووەم کۆنگرەی ڕێکخراوەکە بەستراوە لە کۆنگرەکە سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم ئامادەبوو، وتارێکیشی خوێندەوە. لە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکە خوێندکار- مەهدی عەبدولکەریم - بەسەرۆکی یەکێتی قوتابیان هەڵبژێردرا.

ڕێکخراوەکە گۆڤارێکی دەرکرد لە ژێر ناوی - دەنگی خوێندکار- یەکێتی قوتابیانی گشتی، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەبەرهەڵستیکردنی جوڵانەوە سەربازیەکەی عەقید عەبدولوەهاب سەواف لە شاری موسڵ، هەروەها چاودێریکردنی جموجۆڵی قوتابیان لەناو کۆلیج و پەیمانگاکان.

٥- یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکاران: (١١)

لە شوباتی ١٩٥٩ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی مۆڵەتیدا بە دامەزراندنی سەندیکاکانی کرێکاران، بەو پێیە مەکتەبی جێبەجێکردنی سەندیکاکان پێکهات، هەر بەو بۆنەیەوە لە ٢٠ شوباتی ١٩٥٩ ئاهەنگێکی جەماوەری فراوان سازکرا لە ژێر دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکبگرن) لەو ئاهەنگەدا ژمارەیەک بەرپرسی حزبی و حکومی وتاریان خوێندەوە، لەوانە: سادق جەعفەر ئەلفەلاحی (کادیری پێشکەوتووی حزبی شیوعی)، عەبدولقادر بوستانی (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی)، هەروەها عەقید فازڵ عەباس ئەلمەهداوی سەرۆک دادگای سەربازی تایبەت) و چەند کەسانێکی تیکە.

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق بڕیاریدا کە ڕۆژی یەکی ئایار لە هەموو ساڵێکدا بە جەژنی کرێکاران دابنرێت و ڕۆژێکی پشووی فەرمی بێت.

هەر لەماوەی (٨ - ١١ - تەموزی ١٩٥٩) یەکێتی گشتی سەندیکاکان، کۆنگرەی خۆی لە شاری بەغداد سازکرد، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی (٥٠) سەندیکای مۆڵەت پێدراو، لەو

کۆنگرەیە حزبی شیوعی بە تەواوی دەستی بەسەر لیژنەکانیدا گرتبوو، سادق ئەلفەلاحیش بە سەرۆکی یەکێتیەکە هەڵبژێردرا.

٦- یەکێتی گشتی کۆمەڵەی جوتیاران: (١٢)

پێش دەرچوونی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ لە ئابی ١٩٥٨، جوتیاران لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی عیراق دەستیان کرد بە پێکهێنانی کۆمەڵەی جوتیاران، دیارە لەم بارەوە حزبی شیوعی عیراقی رۆڵی هاندان و پشتگیری جوتیارانی هەبووە.

لە ٨ شوباتی ساڵی ١٩٥٩ کۆبوونەوەی فراوان پێکهات بۆ داواکردن لە حکومەت بە پێدانی مۆڵەتی رەسمی بەو کۆمەڵانەی کە تا ئەو کاتە دامەزراون، وەزارەتی ناوخۆی عیراق لە ٩- ئایاری ١٩٥٩ بە رەسمی رێگایپێدا بە کۆمەڵەی جوتیاران و لە هەمان ساڵ یەکەم کۆنگرە بۆ ئەو کۆمەڵانە سازکرا و دەستەی کارگێرییان هەڵبژارد و - کازم فەرحود- ناویش (کادیری حزبی شیوعی عیراقی) بووە سەرۆکی ئەو یەکێتیە.

دواتر یاسای رەسمی بەناوی - یاسای یەکێتی گشتی کۆمەڵەی جوتیاران دەرچوو.

٧- یەکێتی لاوانی دیموکرات : (١٣)

بزووتنەوەی لاوان لە عیراق لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی و بەعیاریکراوی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٩ وە دەستی پێکردووە، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، حزبی شیوعی عیراقی گرینگی زیاتری بەم توێژە داوە و پەرەی بە کاری لاوان داوە.

لە بەرواری ٢٩- ئازاری ١٩٥٩ یەکێتی لاوانی دیموکرات لە عیراق، مۆڵەتی رەسمی پێدراوە لەلایەن حکومەتەوە، چالاکیەکانی رێکخراوەکە زیاتر گەشەی کرد بە مەبەستی کۆکردنەوەی توێژی گەنجان لە ریزی رێکخراوەکە.

لە رۆژی (١١ی حوزەیرانی ١٩٥٩) یەکەم کۆنگرەی رێکخراوەکە بەسترا بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت عەبدولکەریم قاسم. لە کۆنگرە- نوری عەبدولڕەزاق حوسێن (کادیری حزبی شیوعی عیراقی) بە سەرۆکی یەکێتیەکە هەڵبژێردرا.

دەربارەی ژمارەی ئەندامانی رێکخراوەکە، چەند سەرچاوەیەك باس لە ٨٤ هەزار ئەندام دەکەن لەسەرانسەری عیراق.

ڕێکخراوەکە دوو گۆڤاری دەردەکرد، یەکیان بە زمانی عەرەبی و بەناوی - جیهانی لاوان - ئەوی دیکەیان بە زمانی ئینگلیزی بەناوی (بۆ پێشەوە). ئەو ڕێکخراوە ساڵی ١٩٦١ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی درا لەلایەن دەسەڵاتەوە.

٨- ڕێکخراوی بەرگریکردن لە مافی ژنان: (١٤)

ئەو ڕێکخراوە ساڵی ١٩٥٢ دامەزراوە، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی١٩٥٨ کاروچالاکیەکانی بە ئاشکرا ئەنجامدەدا و گەشەیکرد و ژمارەیەکی گەورەی ژنان لەدەوری کۆبوونەوە.

وەزارەتی ناوخۆی عیراق لە ٢٩ کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ ڕێگای کارکردنی ڕەسمی پێدراوە.

یەکەم کۆنگرەی لە ١٢ئایاری ١٩٥٩ سازدراوە، لە کۆنگرە - نەزیهە دلێمی - بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا، لقی لە زۆربەی پارێزگاکانی عیراق کردۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ژماره ٣

کۆمەڵە بەرپرس و کەسایەتییەك کە ناویان هاتووە و ڕۆڵیان کەم یان زۆر، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکان هەبووە، هەوڵدەدەین کورتەیەك لە ژیانیان بخەینەڕوو:-

١- زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم: (١٥)

لە تشرینی دووەم (١٩١٤) لە شاری بەغداد لەدایك بووە، دوای تەواوکردنی خوێندن بە مامۆستا دادەمەزرێت دواتر ساڵی ١٩٣٢ لە کۆلێژی سەربازی وەردەگیرێت، بە پلەی مولازیمی دووەم لە سوپای عیراق خزمەت دەکات. ساڵی ١٩٤٠ لە کۆلێژی ئەرکان وەردەگیرێ، لە نێوان (١٩٤٨-١٩٤٩) بەشداری جەنگی فەلەستین دەکات. لەڕووی سیاسیەوە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەکات و پلە سەربازیەکەی زەعیم ڕوکن دەبێت و بەهۆیەوە دەبێتە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە.

لە ڕۆژی ١٤ ی تەمووزی- ١٩٥٨ سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی سەربازی دەکات دژی ڕژێمی پاشایەتی و بەسەرکەوتنی ڕژێمی کۆماری لە عیراق ڕادەگەیەنێت و عەبدولکەریم قاسم دەبێتە سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری.

هەر لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشەکە، ململانێ و ناکۆکی لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و جێگرەکەی عەبدولسەلام عارف دروست دەبێت و درێژە دەکێشێ تا ساڵی ١٩٦٣ کە بە هۆی کودەتایەکی سەربازی لە ٨ شوباتی ئەو ساڵە دەکوژرێت.

٢- عەقید ڕوکن عەبدولسەلام عارف: (١٦)

لە ئازاری ١٩٢٢ لە پارێزگای ئەنبار لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٩ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، لە یەکەکانی سوپای عیراق لە شوێنی جیاواز کاری کردووە، ساڵی ١٩٥٧ بە هۆی عەبدولکەریم قاسمەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە، ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموز.

لە یەکەم حکومەتی کۆماری بە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ دانراوە. بە هۆی ململانێ و جیاوازی لە بیروبۆچوون لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم لە دەسەڵات دوور

دەخرێتەوە و ماوەیەك بەند دەكرێ و لە دادگای سەربازی تایبەت دادگایی دەكرێت و بڕیاری كوشتنی بۆ دەردەچێت بەڵام عەبدولكەریم قاسم ئازدی دەكات.

لە ٨ شوباتی -١٩٦٣ سەركردایەتی كودەتایەكی سەربازی دەكات دژی زەعیم عەبدولكەریم قاسم. لە نێوان ١٩٦٣-١٩٦٦ دەبێتە سەرۆك كۆماری عیراق، لە ١٦ نیسانی ١٩٦٦ ب هۆی ڕوودانی فڕۆكەوە كۆچی دوایی دەكات لە پارێزگای میسان.

٣ – زەعیم ڕوكن ئازم تەبەقچەلی:(١٧)

لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری بەغداد لە دایك بووە، دوای تەواوكردنی قۆناغەكانی خوێندنی لە (١٩٣٥) لە كۆلێژی سەربازی وەردەگیرێ، دواتر كۆلێژی ئەركانیش تەواو دەكات. لە یەكە جۆراوجۆرەكانی ناو سوپای عیراق خزمەتی كردووە، ماوەیەك لە فەرماندەیی تایبەتی هێزی پاراستنی ماڵی شای عیراق بووە، دوای سەركەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عیراق دادەنرێت.

ناوبراو تاوانباركرا بە بەشداریكردن لە هەوڵەكانی كودەتا دژی ڕژێمی عەبدولكەریم قاسم، پاشان ڕەوانەی دادگای سەربازی تایبەت دەكرێت و لە ٢٠ ئەیلولی ١٩٥٩ بڕیاری كوشتنی لەسەر جێبەجێ دەكرێت.

٤– لیوا ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی:(١٨)

لەدایك بووی ساڵی (١٩١٢) شاری بەغدادە، دەرچووی كۆلێژی سەربازییە لە بەغداد، پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی ئەفسەرانی ئازادیخواز كردووە. دوای سەركەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموز بە بڕیاری عەبدولكەریم قاسم وەك حاكمی سەربازی گشتی بۆ عیراق دادەنرێت، لەو پێگەیە ماوەتەوە تا كۆتایی هاتنی حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم، لە ساڵی ١٩٦٤ كۆچی دوایی كردووە.

٥– زەعیم ڕوكن داود ئەلجەنابی:(١٩)

داود سەلمان ئەلجەنابی، لەدایك بووی ساڵی ١٩١٨ ی شاری بەغداد، دەرچووی كۆلێژی سەربازی و كۆلێژی ئەركانی عیراقە. لە چەندین یەكەی سەربازی كاری كردووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز بە فەرماندەی فیرقەی دوو دانرا لە جێگای زەعیم نازم تەبەقچەلی. ناوبراو ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی بووە، لە هاوینی ١٩٥٩ دەخرێتە بەندینخانە، پاشان ئازاد دەكرێت، لە ڕۆژانی كودەتا سەربازیەكەی ٨ شوباتی ١٩٦٣ دەكوژرێت.

٦- عەقید عەبدولوەهاب شەواف:(٢٠)

لەدایك بووی سالّی ١٩١٦ شاری بەغدادە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە، پێش ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق پلەی سەربازی – موقەدەم – بوو، بەرپرسی کاری ڕاهێنان بوو لە وەزارەتی بەرگری، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بە فەرماندەی سەربازی لیوای موسڵ دادەنرێت، لە ئازاری ١٩٥٩ یاخیبوونێکی سەربازی بەرپاکرد دژی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم و هەر لە ڕۆژانی یاخیبوونەکە دەکوژرێت.

٧- فوئاد عارف: (٢١)

لە دایك بووی سالّی ١٩١٢ ی شاری سلیمانیە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە سالّی ١٩٣٤، بە یاوەری شا غازی دادەنرێت، دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموز پلەی سەربازی دەبێتە زەعیم، ملومیەك بە موتەسەریفی کەربەلا دادەنرێت لە سالّی ١٩٥٨، پاشان دەبێتە وەزیر لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، لە زۆربەی حکومەتەکانی عێراق تا سالانی ١٩٧٠ بە دواوە بە وەزیر دادەنرێت. ڕۆلّی کارای هەبووە لە پەیوەندی و ڕێککەوتنەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد. سالّی (٢٠١٠) کۆچی دوایی دەکات.

٨- مستەفا عەسکەری: (٢٢)

مستەفا عەسکەری، لە دایکبووی سالّی ١٩٣٢ لە گوندی عەسکەری سنووری قەزاری چەمچەمالّ، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە کۆلێژی یاسا لە شاری بەغداد وەردەگیرێ و پاش دەرچوونی بە کاری پارێزەری خەریك دەبێت لە شاری کەرکوك. بە فەرماندەی حکومەت لە چەند شارێك خزمەتی کردووە.

سالّی ١٩٥٩ بە ئەندامی لیژنەی هاوکاری دیاریدەکرێت لە کەرکوك و ڕۆلّی باش دەگێڕێت بۆ هێورکردنەوەی ئۆخەکە. دواتر دەسگیردەکرێت لەلاین دادگای عورفی عێراقیەوە بۆ ماوەی دوو سالّ زیندانی دەکرێ، دوای ئازادبوونی دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی.

٩- موکەڕەم تالّەبانی:(٢٣)

سالّی ١٩٢٣ لە شاری کفری لەدایك بووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە کۆلێژی ماف وەردەگیرێ، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقی هەبووە، پلەی بەرزی لەناو حزبەکە وەرگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

لە رێگەی حکومەتەکانی عیراق پلەوپایەی گەورەی پێدراوە، بڕوانامەی دکتۆرای لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرتووە دەربارەی بابەتی کشتوکاڵ لە ساڵی ١٩٧٣، ژمارەیەکی گەورەی کتێب و نووسین هەیە.

١٠- مستەفا بارزانی: (٢٤)

ساڵی (١٩٠٣) لە ناوچەی بارزان لە دایک بووە، خوێندنی ئاینی تەواو کردووە، سەرکردەیەکی سیاسی گەورەی کوردبوو، کاریزمایەکی سیاسی عەسکەری ئاشکرابوو هەر لە سەردەمی گەنجیەوە سەرکردایەتی خەباتی چەکداری کردووە. ساڵی ١٩٤٦ پەنای بۆ ناوچەی کوردستانی ئێران بردووە، بووە بە هێزێکی گەورە بۆ پشتیوانی لە کۆماری مەهاباد، دواتر پەنای بۆ یەکێتی سۆڤیەت بردووە، دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عیراق.

دامەزرێنەر و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دوای ساڵی ١٩٦١ رابەرایەتی شۆڕشی کوردی کردووە (١٩٦١-١٩٧٥) پاشان بە هۆی نەخۆشیەوە لە ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە.

١١- نافع یوسف: (٢٥)

ساڵی ١٩٢٩ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە کۆلێژی ماف وەردەگیرێ و دەبێتە پارێزەر. پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقی دەبێت، لە ساڵی ١٩٤٩ زیندانی دەکرێت و تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە زیندان دەبێت.

ساڵی ١٩٥٩ رۆژنامەی - ئازادی- دەردەکات لە شاری کەرکوک، ماوەیەک لەو شارە بە دادوەر لە دادگای کەرکوک دادەمەزرێت، ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی دەکات.

١٢- عەزیز شەریف: (٢٦)

ساڵی (١٩٠٤) لە پارێزگای ئەنبار لە دایک بووە، لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە کۆلێژی ماف خوێندوویەتی و دوای دەرچوونی ماوەیەک بە کاری پارێزەری خەریک بووە. بە دامەزرێنەری حزبی - ئەلشەعب- دادەنرێت لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥، لە ساڵی ١٩٤٩ بە سەرۆکی حزب دادەنرێت.

هەواڵنامەی کتێب

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، بە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عیراق دادەنرێت، هەروەها لەناو حزبی شیوعی عیراقی پلەی ڕێکخراوەیی ئەندامی یەدەگی کومیتەی ناوەندی بوو تا ساڵی ١٩٦٣. ساڵی (١٩٦٠) خەڵاتی لینین بۆ ئاشتی وەردەگرێت.

بە هۆی کودەتا سەربازیی (٨ شوباتی ١٩٦٣) ڕوو لە کوردستان دەکات و خۆی لەناو هێزی پێشمەرگە دەپارێزێت. دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨، عەزیز شەریف دەگەڕێتەوە بەغداد و بە وەزیر لە حکومەتی ئەو سەردەمە دادەنرێت، ناوبراو ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی بەغداد لەو ماوەیەدا تا کۆتایی هات بە ڕێککەوتنی ١١- ئازاری - ١٩٧٠، عەزیز شەریف لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی دەکات.

١٣- مەهدی حامید: (٢٧)

لە دایك بووی ساڵی (١٩٢٢) شاری سلیمانیە، کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە دەبێتە ئەفسەر، بەهۆی پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە لە سوپا دەردەکرێت.

پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقی دەبێت و دەگیرێت و دەخرێتە زیندان تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، ئازاد دەکرێت و بە پلەی - ڕەئیس - لە سوپا خزمەت دەکات و بە فەرماندەی هێزی بەرگری میللی - بەشی باکور - دادەنرێت. بە هۆی ڕووداوەکانی موسڵ و کەرکوك، ماوەیەك دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی دادگا کراوە، دواتر لە ڕووداوەکانی ڕۆژانی کودەتاکەی ١٩٦٣ دەکوژرێت.

١٤- عەتا خەیروڵا: (٢٨)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٠) شاری کەرکوکە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و بووە بە ئەفسەر لە سوپای عیراق و پلەی سەربازی گەیشتۆتە - ڕەئیس ئەوەل - . وازی لە کاری سەربازی هێناوە و بەکاری بازرگانی و بەڕێوەبردنی موڵك و ماڵی خۆی خەریك بووە.

ناوبراو کەسایەتی و سەرکردەیەکی تورکمان بووە لە شاری کەرکوك و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی.

شەوی ١٤ لەسەر ١٥ تەموزی ١٩٥٩ لەگەڵ ئیحسانی برای لە ماڵەکەی خۆی لەناو شاری کەرکوك دەکوژرێت.

١٥- ئیحسان خەیروڵا: (٢٩)

ساڵی (١٩٢٢) لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی پزیشکیە و لەناو سوپای عیراق پلەی گەیشتە (موقەدەم) ی پزیشك. کەسایەتیەکی دیاری شارەکە بووە، لە ڕووداوەکانی تەموزی ١٩٥٩ لەگەڵ عەتای برای دەکوژرێت.

١٦- عەبدوڵا عەبدولرەحمان: (٣٠)

لە دایك بووی ساڵی ١٩١٥ یان ١٩١٨) ی شاری بەغدادە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری کەرکوك و بەغداد تەواوکردووە. ساڵی ١٩٣٨ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و وەك ئەفسەر لە سوپای عیراق خزمەتیکردووە. دوا پێگەی سەربازی لەناو سوپا، جێگری کارگێڕی فیرقەی دوو بووە. ماوەیەك سەرۆکی یانەی برایەتی تورکمان بووە لە کەرکوك. ساڵی ١٩٦٢ خانەنشین دەکرێت. لە ماوەی ڕووداوەکەی تەموزی ١٩٥٩ بە سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانباران دانراوە. لە ١٦ کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە لە سێدارە دەدرێن بە بڕیاری دەسەڵات.

١٧- حوسێن عەبدولکەریم بەرزنجی: (٣١)

ساڵی (١٩١٩) لە گوندێکی لیوای کەرکوك لە دایك بووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە کۆلێژی ماف وەردەگیرێ و دوای دەرچوونی بە کاری پارێزەری خەریك بووە. ناوبراو هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە کاری سیاسیەوە خەریك بووە ساڵانی (١٩٣٧-١٩٣٨) پەیوەندی بە حزبی هیوا هەبووە، دواتر پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقی کردووە. ساڵی ١٩٤٩ زیندانی دەکرێ، ساڵی (١٩٥١) دەگەڕێتەوە شاری کەرکوك، بەهۆی ڕووداوەکەی تەموزی ١٩٥٩ لە کەرکوك زیندانی دەکرێت و بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێ دەکرێ. لە شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ لە زیندانی کەرکوك.

١٨- مەعروف عەبدولکەریم بەرزنجی: (٣٢)

له ساڵی ۱۹۲۱ له شارۆچکه‌ی قادر کەرەمی سەر بە لیوای کەرکوك لەدایك بووە، دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن له کۆلێژی ماف وەردەگیرێ له ساڵی (۱۹٤٤)، لـه و ماوەیەدا پەیوەندی بـه حزبـی هیـوا کـردووه. دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ تـەمووزی ۱۹٥۸ بە سکرتێری بزووتنەوەی – ئەنساروسەلام – هەڵدەبژێردرێت له شاری کـەرکوك و دواتر بە بەڕێوەبەری شارەوانیش دادەنرێت.

بەهۆی ڕووداوەکانی تەمووزی ۱۹٥۹ له کەرکوك، دەستگیر دەکرێت و له دادگا بڕیاری له سێدارەدانی بۆ دەردەچێت که له شەوی ۲۲ لەسەر ۲۳ حوزەیرانی ۱۹٦۳ له زیندانی کەرکوك لەسەری جێبەجێ دەکرێت.

۱۹ – فاتح مەلا داود جەباری: (۳۳)

لەدایك بووی ساڵی (۱۹۱٦) ی شاری کەرکوکە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییه له سـاڵی (۱۹۳۷). سـاڵی ۱۹٤۸ بەشـداری جـەنگی فەلەسـتینی کـردووه لـەو فەوجـەی عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی بوو، بەهۆی چالاکی سیاسییەوه له سوپا دوور خراوەتەوە، دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ۱۹٥۸ دەگەڕێتەوه کاری سەربازی بە پلـەی – ڕائیـد – لـە فەرماندەی فیرقەی دوو له کەرکوك کاری کردووه، بەهۆی ڕووداوەکانی و له ١٤ تەمووزی ۱۹٥۹ له کەرکوك دەستگیردەکرێت و پاش دادگایی بڕیاری کوشتنی لەسـەر جێبـەجێ دەکرێت له شەوی ۲۲ لەسەر ۲۳ حوزەیرانی ۱۹٦۳ لەناو زیندان.

۲۰ – عەبدولجەبار پەرویزخان: (۳٤)

لـەدایك بـووی سـاڵی (۱۹۲۹) شـاری کەرکوکـە، دەرچـووی کۆلێـژی مافـە لـە سـاڵی (۱۹٥۲). به کاری پارێزەری خەریك بووە، ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی بوو.

لـه نێـوان سـاڵانی (۱۹٥۱–۱۹٥٥) سـکرتێری ڕێکخـراوی لاوانـی دیمـوکرات بـووە، بەشداری له فیستیڤاڵی لاوان کردووه لـه شاری مۆسکۆ و بـەرلین، دوای شۆڕشـی ١٤ تـەمووزی ۱۹٥۸ گەڕاوەتـەوە عـیراق بـە سـکرتێری لاوان دیمـوکرات دانـراوە لـە شـاری کەرکوك، بـەهۆی ڕووداوەکـەی ١٤ تـەمووزی ۱۹٥۹ لـە کـەرکوك بەنـد دەکـرێ و دوای دادگایی بڕیاری کوشتنی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لەناو زیندان له شەوی ۲۲ لەسەر ۲۳ حوزەیرانی ۱۹٦۳.

۲۱ – حەمزە سلیمان جبوری: (۳٥)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٥) شاری بەغدادە، ژیانی بە جوتیاری و کاسبی و ڕاوەماسی بەڕێوەبردووە، دەرچووی کۆلێژی مافە، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقی کردووە و پلەی ڕێکخراوەیی بەرزبۆتەوە تا گەیشتۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حزبە.

ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ بەرپرسی حزب بووە لە شاری موسڵ، هەر بەهۆی ڕووداوەکانی ئەو شارە و لەسەرەوبەندی جوڵانەوە سەربازییەکەی شەواف، حەمزە زیندانی دەکرێت بۆ ماوەیەك، دواتر لە ڕۆژانی کودەتا سەربازییەکەی ٨ شوباتی ١٩٦٣ دەکوژرێت.

٢٢- قاسم نەفتچی:(٣٦)

ساڵی (١٩١٠) لە شاری کەرکوک لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شارەکە، خوێندنی لە شارەکە تەواوکردووە، بە کاری بازرگانی خەریك بووە، لە ڕووداوەکانی ١٤ تەمووزی ١٩٥٩ ی شاری کەرکوك کوژراوە.

٢٣- هیدایەت محەمەد ئەرسەلان:(٣٧)

ئەفسەرێکی سوپای عیراق بوو، دوا پلەی ناو سوپا، موقەدەم بووە و فەرماندەی سرییەی پۆلیسی سەربازی بووە لە ناو شارەکە. لە بنەماڵەیەکی تورکمانی ناسراوە، تاوانبار کرا بە پیلان بۆ کوشتنی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی کاتی سەردانی بۆ شاری کەرکوك لە تشرینی دووەمی ١٩٥٨.

هەر دوای ماوەیەکی کورت لەو ساڵەدا، موقەدەم هیدایەت لە هەلومەرجێکی تەماوی کۆچی دوایی دەکات.

## ژماره ٤

ناوی ئەوانەی لە ڕۆژانی ١٤-١٦ تەموزی-١٩٥٩ لە ڕووداوەکانی شاری کەرکوک لە خەڵکی تورکمان کوژران: (٢٨)

١-عەتا خەیرولا

٢- ئیحسان خیرولا

٣-قاسم نەفتچی

٤-سەلاحەدین ئاوچی

٥-محەمەد ئاوچی

٦-جاهید فەخرەدین

٧-عوسمان خدر

٨-ئەمەل فوئاد

٩-جیهاد فوئاد

١٠-نیهاد فوئاد

١١-نورەدین عەزیز

١٢-عەبدولا بەیاتلی

١٣-ئیبراهیم ڕەمەزان

١٤-عەبدولخالق ئیسماعیل

١٥-حەسیب عەلی

١٦-جومعە قەنبەر

١٧-عەباس بەکتاش

١٨-شاکر زەینەل

١٩-حاجی نەجم محەمەد

٢٠-ئەنوەر عەباس

هەواڵنامەی کتێب

## ژماره ٥

لیستێك بە ناوی ٢٩ کەس، ئەوانی دادگای عورفی عیراقی بڕیاری لە سێدارە دانیانی دەرکرد، بەهۆی تاوانبارکردنیان بە ڕووداوەکانی کوشتن لە ڕۆژانی ١٤-١٦ تەمووزی ١٩٥٩، بڕیارەکە لە حوزەیرانی ١٩٦٣ جێبەجێکرا. (٣٩)

١ -احسان حسین حمید ساڵەیی
٢- ئەحمەد محەمەد ئەمین
٣ -تەوفیق مستەفا
٤-حوسێن خورشید ئیسماعیل
٥-خەلیل ئیبراهیم ئەمین عەلی
٦-عادل حوسێن حسن
٧-خورشید محەمەد خدر
٨-ڕەحیم سەعید فەرەج
